هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

# خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا

**نامەیەکە**

**پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر کراوە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

**لە لایەن:**

**قادر فەتاح ئەحمەد**، بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی( ٢٠٠٦ )، زانکۆی کۆیە

**بە سەرپەرشتیی:**

**پ.ی. د. هۆگر مەحموود فەرەج**

**گولانی ٢٧١٠ ی کوردی جمادی الاولی ١٤٣١ مایسی ٢٠١٠ی زایینی**

## راپۆرتی سەرپەرستیار

ئەم نامەیە بە ناو و نیشانی (خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا)، قوتابی قادر فەتاح ئەحمەد، بە سەرپەرشتیی من لە کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

**سەرپەرشتیار:**

**پ.ی.د. هۆگر مەحموود فەرەج**

**رێکەوت: ٢٠١٠/٥/٢٩**

بە پێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشتیار، ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەلسەنگاندن دەکەم.

**پ. د.ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن**

**سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا**

**لە بەشی زمانی کوردی**

**رێکەوت: ٢٠١٠/٥/٢٩**

**راپۆرتی لێژنەی گفتوگۆکردن:**

**ئێمە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لە گەڵ خوێندکارەکە دا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەیدا کرد و بڕیارمان دا کە شایەنی ئەوەیە بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.**

**ڕوونکردنەوەی پێوەندیدار بە بڵاوبوونەوەی فایلی PDF ی ئەم توێژینەوەیە:**

ئەم توێژینەوەیە یەکەم جارە لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کتێبخانە ئەلکترۆنییەکان بڵاو دەکرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، دوو فایلی وۆرد بووە و، لە کاتی گۆڕینی بۆPDF کراوە بە یەک فایل. بەم هۆیەوە لەوانەیە هێندێک کەم و کووڕیی تەکنیکی پێکهاتبێ کە دیارە کاریگەرییەکیان لە سەر ناوەڕۆکی توێژینەوەکە نەبووە.

**قادر فەتاح ئەحمەد**

**١٨ی فێوریەی ٢٠٢١**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە:**

**بە یادی نەمری دایك و بابم کە خونچەی زمانمیان بە وشەی کوردی پشکواند،**

**ـ بە هەموو ئەو هاوزمانانەم کە لە دژوارترین هەلومەرجدا، ژیان و توانای خۆیان بۆ خزمەتی زمانی کوردی، بە تایبەتی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تەرخان کرد.**

# سپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

١ـــ حیزبی دیموکراتی کورد ستان که له ماوه‌ی سێ ده‌یه خه‌بات و تێکۆ شانم له ریزه‌کانیدا، به بیری مرۆڤدۆستانه، نه‌ته‌وه‌یی و رزگاریخوازی په‌روه‌رده‌ی کردم.

٢ـ حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان که ده‌ره‌تانی ئه‌وه‌ی بۆ منی کوردی خه‌باتکاری رۆژهه‌ڵاتی کوردستان پێك هێنا قۆناغه‌کانی به‌کالۆری و ماســـته‌ر له زانکۆکانی کوردســـتاندا ببڕم و توێشـــوویه‌ك بۆ خزمه‌تی زانستیی زمانی کوردی له رۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌ده‌ست بێنم.

٣ــ مامۆستای به‌ڕێزم دوکتۆر هۆگر مه‌حموود فه‌ره‌ج که له سه‌رپه‌رستیکردن و پێداچوونه‌وه‌ی نامه‌که‌م و رێنوێنیکردنمدا وه‌خت و بێوه‌ختی نه‌ناسی و بێدریغ هاوکاریی کردم.

٤ـــــ ئه‌و به‌ڕێزانه‌ی ســـه‌رچـاوه‌و زانیاریی پێویســتیان له باره‌ی کار و تێکۆشــانی کۆڕی په‌روه‌رده و فێرکردنی کوردستان، کۆمیسیۆنی بارهێنانی کۆمه‌ڵه و ناوه‌ندی سۆما پێداوم.

٥ــ هاوڕێیان و هاوکارانی خۆشه‌ویستم له حیزبی دیموکراتی کوردستاندا که به دانی کتێب  و سه‌رچاوه، یا به تایپ و دیزاین و هه‌ڵه‌چـنیی نامه‌که، هاوکاریی به‌وه‌ختیان کردم. به تایبه‌تی: کوێســتانی هاوســه‌رم، هانای جگه‌رگۆشـــه‌م، مه‌ســعوود ره‌واندووســت، عه‌بدوڵڵا ســـه‌یدا، چـیا عه‌زیزی، ئازاد خه‌لیفه‌زاده، مینا سوڵتانزاده، سه‌رگوڵ شابازی و سروه فه‌تاحی.

٦– هێژایان فه‌تاح کاویان، که‌ماڵ غه‌مبار و ســـیامه‌ك قه‌وی په‌نجه ســـه‌باره‌ت به وه‌رگێڕانی پوخته‌ی نامه‌که‌م بۆ سه‌ر زمانه‌کانی ئینگلیزی، عه‌ره‌بی وفارسی

## پێرست:

**پێشەکی** ........................................................ ٩

**بەشی یەکەم: ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مافی خوێندن بە کوردی**

**پاری یەکەم: خوێندن بە زمانی دایك وەك مافێك:**.................................. ١٣

أ) خوێندن بە زمانی دایك لە ڕووانگەی مافی مرۆڤەوە: .................................. ١٣

ب) گرنگترین پەیماننامەکانی تایبەت بە مافی زمانی و نەتەوەیی: ........................ ١٦

پ) هەڵوەستەیەك لەسەر واتاو مافەکانی "کەمایەتیی نەتەوەیی"و "نەتەوە"............. ١٨

**پاری دووهەم: ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زمانی خوێندن لە ڕێژیمە جۆراوجۆرەکان دا:** ..... . . ٢١

أ) سەرەتاکانی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: .................................. ٢١

ب) زمانی کوردی لە سەردەمی پەهلەویدا: .................................. ٢٢

ت) خوێندنی زمانی کوردی لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا: .............. ٢٥

پ) هێندێك هەوڵی جۆراوجۆر:........................................................ ٢٦

ج) هەوڵەکانی کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما (فێرگەی زمانی کوردی):.................. ٢٩

**پاری سێهەم: خوێندن بە کوردی لە سایەی بزووتنەوە و پارتە کوردەکاندا:**.................. ٣٤

أ) خوێندنی کوردی لە سایەی بزووتنەوەی سمکۆی شکاکدا: .................................. ٣٤

ب ) خوێندنی کوردی لە سایەی کۆماری کوردستاندا: .................................. ٣٥

پ) خوێندنی کوردی لە لە سایەی پارتە کوردەکاندا: .................................. ٣٧

**بەشی دووهەم: سەرنجگەلێك لەکتێبەکانی خوێندنی کوردی**

**پاری یەکەم: سەرنجگەلێك لە کتێبەکانی کۆڕی پەروەردە و کۆمیسیۆنی بارهێنان:** ........... ٤٨

**أ) كتێبەكانی كۆڕی پەروەردە:**.......................................... ٤٨

١ـ كتێبی "خوێندنی زمانی كوردی":

٢ـ كتێبی"ژیان و خەبات ١":

**ب) كتێبەكانی كۆمیسیۆنی بارهێنان :** .......................................... ٥٩

١– كتێبی ئەلفوبێی كوردی:

٢ـ كتێبەكانی خوێندنەوەی كوردی(٢و٣):

**پاری دووهەم: كتێبەكانی ناوەندی سۆما:** .......................................... ٦٣

أ) كتێبی "ڕێنووسی كوردی" بە ئەلفوبێی عەرەبی :.......................................... ٦٣

ب) كتێبی خوێندنو نووسینی زمانی كوردی بە ئەلفوبێی لاتینی:.......................... ٦٨

پ) چەند جیاوازیی كاری ناوەندی سۆما لەگەڵ ئەزموونەكانی پێشتر:...................... ٧٥

## بەشی سێهەم: خوێندن بە زمانی دایك و ڕەهەندە جۆراوجۆرەكانی

**پاری یەكەم: شوێنەوارە زیانبەخشەكانی بێبەشی لە خوێندن بە زمانی دایك:** ............... ٧٨

أ) كاریگەریی خراپ لە سەر لایەنی دەروونی و كۆمەڵایەتیی منداڵ : ..................... ٧٨

ب) لاواز بوونی توانای چالاكیناوندن و هەڤركێ: .......................................... ٨٠

**پاری دووهەم: كاریگەریی خوێندن بە زمانی دایك لە سەر زمانی نەتەوە:**.................. ٨٤

أ) پەرە سەندن، بووژانەوە و بەهێزبوونی زمان:.......................................... ٨٤

ب) بەهێزكردنی شوناسی نەتەوەیی و بووارڕەخساندن بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد:........ ٨٦

پ)ئەو خاڵە گرنگانەی پێویستە لە بەر چاو بگیرێن:.......................................... ٨٩

**ئەنجام**.......................................... ٩٣

**پوختەی لێكۆڵینەوە** .......................................... ٩٦

سەرچاوەکان:............................................................................... ٩٩
پاشکۆکان: ................................................................................ ١٠٤

چکیده تحقیق (کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی فارسی)..................................... (ب)
ملخص بحث (کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی) .................................. ... (ج)
(کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی) Abstract.............................. (A)

# پێشەکی

خوێندن بە زمانی دایك، یەکێکە لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و لەمێژە ئەم مافە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانی پێدانراوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییە منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئێستاش دەرەتانی ئەوەیان بۆ پێکنەهاتووە لە قوتابخانە بە زمانی کوردی بخوێنن. پێداگریی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا لە داوا کردنی ئەم مافە و هەوڵدان بە مەبەستی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی ، لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی کورد لە ٧٠ساڵی ڕابردوودا، بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە و سەرچاوەی چالاکی و هەنگاوی سیاسی و کولتووریی جۆراوجۆر بووە.

**ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:**

هەڵبژاردنی بابەتی" *خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا*" بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەك لە ئاستی نامەی ماستەردا، بۆ گرنگی و بایەخی پرسی خوێندن بەم زمانە لە ئێراندا، دەگەڕێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بەستراوەو سەلمێندراوە کە خوێندن بە زمانی زگماکی، مافێکی ڕەوای هەر نەتەوەیەکە.

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە تیشك لە پرسی خوێندن بە زمانی دایك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بێبەشیی گەلی کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەی لەم مافە ڕەوایەی خۆی بدات. لێکۆڵینەوەکە هەروەها هۆکاری پەیڕەوکردنی سیاسەتی زاڵکردنی تاکە زمانێك ( زمانی نەتەوە دەسەڵاتدار) بە سەر زمانەکانی دیکەی وڵاتی فرەنەتەوە و فرەزمانی ئێراندا، لە لایەن ڕێژیمە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە، ڕووندەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشکدانە لە چەند و چۆنی ئەو هەوڵانە کە لە دووای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە مەبەستی برەودانی خوێندن بە زمانی کوردی، یان فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، لە لایەن پارتە سیاسیەکانی کوردستانەوە بەڕێوەچوون.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم نامەیە لە باری نێوەرۆکەوە، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی کارەکییە و لە ڕێبازیشدا، ڕێبازی(پەسنی) وەسفیی پەیڕەو کردووە، بەڵام بەو هۆیەوە کە باس لە خوێندن بە زمانی کوردی، بە بێ ئاوڕدانەوە لە پێشینەی مێژوویی و سەردەمە جۆراوجۆرەکان ناگونجێت، هێندێك لایەنی ڕێبازی مێژووییشی ڕەچاو کردووە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم توێژەر لە ڕەوتی ئەم لێکۆڵینەوەیە دا:

بەم هۆیەوە کە خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا یەکەم جارە دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەك لە ئاستی خوێندنی باڵادا، شتێکی سروشتییە کە لێکۆڵینەوەکە بێکەموکووڕی نابێت.

یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیە هەبوونی بەربەست لە سەر ڕێی توێژەر بۆ هاتوچۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سیاسییەوە بوو.

گرفتێکی دیکە لەسەر ڕێی لێکۆڵینەوەکەدا، لەدەستدا نەبوون و نەپارێزرانی زۆر لە بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە خوێندنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو. هەلومەرجی تایبەتیی تێکۆشانی پارتە کوردەکان و ڕووبەڕووبوونیان لەگەڵ شەڕ و سەرکوت و جێگۆرکێی بەردەوام لەلایەك و لە لایەکی دیکەوە کەمتەرخەمییان لە ئاست پاراستنی بەڵگەنامەکانی شۆڕشدا، بووە بە هۆی ئەوە زۆر سەرچاوەی بە نرخی زانیاری لەدەست بچن.

گرفتی سێهەم، لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەدا، بارودۆخێکە، کە چالاکان و دڵسۆزانی بسواری خوێندنی کوردی و هۆگران و زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدان. نەك هەر پەردە لادان لە ڕووی دژایەتیی دەسەڵاتداران لەگەڵ پەرەگرتنی زمانی کوردی، تەنانەت هەوڵدان و کار لە پێناوی بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و دابینکردنی مافی خوێندن بە زمانی کوردی، بە چاوی دژایەتیی کۆماری ئیسلامی سەیری دەکرێت. هەر بۆیە هەم توێژەر بارودۆخی سەرچاوەکانی نێوخۆی ڕەچاو کردووە، هەم ئەوانیش بە پارێزەوە لە بارەی ئەم پرسە و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێی کاری خۆیانەوە دوواون.

**بەشەکانی ئەم نامەیە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەك، سێ بەش، و ئەنجام پێکهاتووە و بە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان کۆتایی دێت.

بەشی یەکەم:

لە سەرەتای ئەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەر خوێندن بە زمانی دایك وەك مافێك. دووای باسێك لە بارەی ژمارەی دانیشتووان و جوگرافیای زمانی کوردی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا، کورتە مێژووی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سایەی ڕێژیمە جۆراوجۆرەکاندا خراوەتە ڕوو. هەر لەم بەشەدا باس لە بە کوردیخوێندن لە سایەی بزووتنەوە و پارتە کوردەکاندا کراوە. تەوەرێکیش بۆ فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و لە لایەن ئەنجومەن و ناوەندە نادەوڵەتییەکانەوە بە تایبەتی ناوەندی سۆما تەرخانکراوە.

بەشی دووهەم:

لەم بەشەدا کتێبەکانی خوێندن، هی هەرسێ دامەزراوی ١ــــ کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەریی کوردستان، ٢ــــ کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە و ٣ــــ ناوەندی سۆما، لە باری زمانەوانییەوە هەڵوەستەیان لەسەر کراوە.

بەشی سێهەم:

ئەم بەشە باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خوێندن بە زمانی دایك دەکات. هەوڵدراوە گرنگیی خوێندن بە زمانی دایك لەبەر ڕووناکایی زیان و شوێنەوارە زیانبەخشەکانی بێبەشی لەو مافە، بخاتە ڕوو. لە تەوەرێکی دیکەی ئەم بەشەدا، کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایك لەسەر زمانی نەتەوە باس کراوە.

**بیرخستنەوەی چەند خاڵی پێویست:**

کار بە مەبەستی پەرەپێدانی خوێندنەوە و نووسینی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەرین بووەتەوە و کەم شار و ناوچە هەیە کە یەك یان چەند خولی فێرکاریی خوێندنەوە و نووسینی کوردیی لێ بەڕێوە نەچووبێت. ئەم جۆرە هەوڵانە خوێندکارانی کورد لەزانستگەکانی سەرانسەری ولاتیشی گرتووەتەوە. بەم هۆیەوە کە هەوڵەکان بەربلاون و ناوەندێکی تایبەتی ڕێکیان ناخات، پێوەندیگرتن و وەدەستهێنانی داتا لە بارەی هەوڵەکانیانەوە ئاسان نییە. هەر بۆیە توێژەر تەنیا کاری لە سەر هەوڵەکانی ناوەندی سۆما لە بواری خوێندنی زمانی کوردیدا، کردووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەم ڕاســتییە بدرێت کە بەرینترین و درێژماوەترین هەوڵی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بووە. بەڵام ئەم ڕاستییەش لە جێی خۆیدایە کە ئەم بە کوردیخوێندنە، بەبێ ڕەزامەندی و هاوکاریی کۆماری ئیســـلامی بووە و تەنانەت دژایەتییشی کردووە. هەر بۆیەهیچ منەتێکی ئەو دەسەڵاتەی بەسەرەوە نییە.

هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ڕەخنە و ســەرنج و تێبینیی زانســتیی شــارەزایانی ئەم بووارە دەوڵەمەند بکرێت. ئاواتیشم ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم پرسە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژەی هەبێت و کاری زانســتی و ئەنجامەکانیان، ڕێنوێن و هاندەری لایەنە پێوەندیدارەکان بۆ چــارەســەری دروســتی ئەم پرسە بن.

## بەشی یەکەم:

## خوێندنی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا

### پاری یەکەم: خوێندن بە زمانی دایك وەك مافێك

أ) خوێندن بە زمانی دایك لە ڕووانگەی مافی مرۆڤەوە:

ب) گرنگترین پەیماننامەکانی تایبەت بە مافی زمانی و نەتەوەیی:

پ)هەڵوەستەیەك لەسەر واتاو مافەکانی "کەمایەتیی نەتەوەیی"و "نەتەوە"

### پاری دووهەم: ڕۆژهەلاتی کوردستان و زمانی خوێندن لە ڕێژیمە جۆراوجۆرەکان دا

أ) سەرەتاکانی خوێندن لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا:

ب) زمانی کوردی لە سەردەمی پەهلەویدا:

پ)خوێندنی زمانی کوردی لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا:

ت) هێندێك هەوڵی بەربڵاو:

ج) هەوڵەکانی کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما (فێرگەی زمانی کوردی):

### پاری سێهەم: بە کوردیخوێندن لە سایەی بزووتنەوە و پارتە کوردەکاندا:

أ ) خوێندنی کوردی لە سایەی بزووتنەوەی سمکۆی شکاکدا

ب ) خوێندنی کوردی لە سایەی کۆماری کوردستاندا

پ) خوێندنی کوردی لە لە سایەی پارتە کوردەکاندا

## پاری یەکەم:خوێندن بە زمانی دایك وەك مافێك:

### أ) خوێندن بە زمانی دایك لە ڕووانگەی مافی مرۆڤەوە:

فێربوون بە زمانی زگماکی، بەرلەوەی مافێکی سیاسی‌و کولتووری بێت، تەنانەت بەر لەوەی مافێکی هاوولاتی بێت ، مافێکی بنچینەیی‌و سەرەتاییە. هەربۆیە ستاندنەوەی ئەم مافە نەك هەر پێشێلکردنی مافە سیاسی‌و کولتووری‌و هاوولاتێتیی مرۆڤە بەڵکوو، لەژێر پێنانی بنچینەییترین‌و پێویستترین مافەکانی مرۆڤیشە.

"زمانی زگماك یەکێك لە سەرەکیترین، پارادیمەکانی شوناس‌و کەرامەتی مرۆڤەو ئەگەر لە ئاخێوەرەکەی قەدەغە بکرێت، ئەوە شوناس‌و کەرامەتی مرۆیەکەیە، دەخرێتە ژێر پێوە نەك شتێکی دیکە. هەر بۆیە هێندێك لە شارەزایان ئەم دیاردەیە وەکوو "قڕکردنی کولتووری"ی نەتەوەیەك ناو دەبەن".(1)

خوێندن بەزمانی زگماکی مافێکی بێ ئەملاولای مرۆڤە، کە پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ، ئەم مافەیان بەفەرمی ناسیوەو دەوڵەتانیان پابەند کردووە ڕێز لەم مافە بگرن‌و دابین و دەستەبەری بکەن.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە سەرچاوەی زۆر پەیماننامە ناوچەیی‌و نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافو ئازادییەکانی مرۆڤە، لە دووهەم ماددەی خۆیدا، هەبوونی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لەو جاڕنامە جیهانییەدا هاتوون، بە مافی هەموو مرۆڤەکان بە بێ هیچ جیاوازیدانانێك لە ڕووی ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، دین، بیروڕای سیاسی، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی و هتد، دەزانێت. (2)ئەگەرچی بە ڕاشکاوی باسی خوێندن بە زمانی زگماکی نەکردووە، بەڵام لە ماددەی ٢٦ی خۆیدا پێی لەسەر پەرەپێدانی لیك تێگەیشتنی باشترو وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان‌و گشت تاقم‌و گرووپە ڕەگەزی‌و ئایینییەکان‌و پێگەیاندنی هەموو لایەنەی کەسایەتیی مرۆڤ و برەودان بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ" وەك "ئامانجی پەروەردەو فێرکردن، داگرتووە(3)

---

(1) جیم کومنیس، نقش زبان مادری در آموزش زبان دوم، ترجمە: ناصر ایرانپور، ماڵپەڕی "ناسر ایرانپوور"

(2) مافەکانی مرۆڤ، پێڕەوی نێودەوڵەتیی بۆ مافەکانی مرۆڤ،رۆژنامەی وەقائع،ژمارە2،بژار1، هەولێر، چاپخانەی پەروەردە ،2002ل25

(3) سەرچاوەی پێشوو، ل 22

ئەزموونی ئەو وڵاتانەی نەتەوەی جۆراوجۆریان تێدا دەژین و یەك یان چەند نەتەوە لەگەڵ بێبەشی لە مافەکانیانو یەك لەوان سەرکوتی زمانی بەرەوڕوون، دەریخستووە کە هەڵاواردنی نەتەوەیی، هیچ خزمەتێکی بە لێکتێگەیشتنو وێکهەڵکردنو دۆستایەتیی نێوان پێکهاتەجۆراوجۆرەکانی ئەو ولاتانە نەکردووە و نەك هەر یارمەتیی پێگەیاندنی هەموولایەنەی کەسایەتیی تاکەکانی ئەم نەتەوانەی نەداوە، بەڵکوو بووە بە هۆی دروستبوونی کۆسپی جۆراوجۆر لەسەر ڕێگای گەشەی کەسایەتیی ئەوان.

ئەم قسەیە لە بەڵگەنامەو پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکانیشدا دانیپێدانراوە. یەکێك لە هۆیەکانی پەسند کردنی "بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە ڕەگەزی، ئایینیو زمانییەکان" لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەم ڕاستییە کە:

"دابینکردنو پاراستنی مافەکانی تاکەکانی سەر بە نەتەوە، قەوم، دین، زمانو کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان، سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەی لێدەکەوێتەوە، کە تێیدا دەژین". هەروەها "دابینکردن و پاراستنی بەردەوامی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینیو زمانییەکان، یەکێك لە مەرجە پێویستەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گشتییەو بە هێزبوونی دۆستایەتیو هاوکاریی دانیشتووانی ئەو وڵاتانەیە".(4)

"ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان" کە کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦ی دیسامبری ١٩٦٦دا پەسندی کردووە، لەو بەڵگەنامە جیهانییە ناودارانەی تایبەت بە مافی مرۆڤە، کە لە باری گرنگییەوە دەکەوێتە دووای بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ. لەم بەڵگەنامەیەدا جگە لەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێك لەسەر بناغەی ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، ئایین و هتد لە چەندین ماددەدا ڕەتکراوەتەوە، لە مادەی ٢٧دا، قسەکردن و نووسین بە زمانی خۆیان وەك مافی بێ ئەملاولای کەمایەتییە ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان، دانی پێدا نراوەو بەفەرمی ناسراوە.(5)

پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی منداڵانەوە، بایەخێکی تایبەتی بە پەروەردەی منداڵ دەدا. لە لایەکەوە لەسەر ئەو هەوڵانە پێدادەگرێت، کە پێویستە بۆکەمکردنەوەی نەخوێندەواری

-

(4) بیانیه حقوق افراد متعلق به اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبیو زبانی ، مصوب مجمع عمومی سازمان ملل متحد طی قطعنامة شماره 135/47، پەسند کراوی 18ی دیسامبری 1992، سایت ایران امروز

(5) چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، وەرگێڕانی: قادر وریا، هەولێر، 2006، ل41

لەنێو منداڵاندا، دەبێت بدرێت و داواکارە ڕەوتی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا تێکەڵ بە ڕێز و شـــکۆی مرۆیی بکرێن، لەســـەرێکی دیکەوە خوازیارە ماددە پەروەردەییەکان لە خزمەت بەهێز کردنی کەســـایەتی، ئامادەیی و توانایە ڕەوانیو جەســـتەییەکانی منداڵدا بێت. هەروەك لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە نێو منداڵاندا باشترین بەستێنە. ئەم پەیماننامەیە لە بەندێکی دیکەی ماددەی ٢٩ی خۆیدا داواکارە "ماددە پەروەردەییەکان کۆمەك بە پەرەپێدانی ڕێزگرتنی کەســوکاری منداڵ و ناســناوی ڕۆشــنبیریو زمانی و بەها تایبەتییەکانی، هەروەها بەها نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتەی منداڵەکە تێیدا دەژی بکەن." (6)

ماددەی٣٠ی پەیماننامەی ناوبراویش ئەو مافە بە منداڵانی ســـەر بە کەمایەتییە ئایینی، نەتەوەییو زمانییەکان لەو وڵاتانەدا دەدات، کە ئەم کەمایەتییانە هەن ... وێڕای ناســـیاوانی دیکەیان بە کۆمەڵ، یان بە شێوەی تاکەکەسی، کەلك لە زمانو کولتوورو ئایینی خۆیان وەربگرن. (7)

## ب) گرنگترین پەیماننامەکانی تایبەت بە مافی زمانی و نەتەوەیی:

لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار و پەرەگرتن و قووڵتر بوونەوەی مافەکانی مرۆڤـ، پەیماننامەو بەڵگەنامەی دیکە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە جیهانیو ناوچـەییەکانی مافی مرۆڤەوە، بە مەبەسـتی ڕوونترکردنەوەی ماف و ئازادییەکانی مرۆیەکانو بەرپرسیارەتیی دەوڵەتان، پەسند دەکرێن. کۆمەڵێك لەو پەیماننامەو بەڵگەنامە گرنگانە، تایبەتن بە مافەکانی تاك و گرووپ لە پێوەندی لەگەڵ زماندا.هێندێك لەو پەیماننامەو بەڵگەنامانە، ئەمانەن:

١ـــ "بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینیو زمانییەکان" کە لە ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢ لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە.

٢ـــ جارنامە(چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەییو کەمایەتییەکان، کە لە ٥ی نوامبری ١٩٩٢ لە شاری ستراسبۆرگ لەلایەن نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی شووڕای ئورووپا پەسند کراوە.

٣ـ بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان، کە دامەزراوە و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان، لە ڕۆژانی ٦تا ٩ی ژوئەنی ١٩٩٦ لە بارسلۆنا، پەسندیان کردووە.

---

(6) مافەکانی منداڵ، مافەکانی مرۆڤ، یونیسێف، 2000، هەولێر،ل 77

(7) پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی منداڵانەوە، چەند دوکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، هەولێر 2006، ل 27

پێویسـتە ئەمەش بگوترێت، کە لە زۆر بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی گرینگی دیکەدا، کە بۆ پێناسـەی کەمایەتییەکانو مافەجۆراوجۆرەکانیان تەرخانکراون ، یان بە شـێوەیەکی وردتر لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لە بوواری جۆراوجۆردا دەدوێن، لەسەر پێویستیی بەفەرمیناسرانی زمانەکانو مافی بەکارهێنانیان لە بوواری جۆراوجۆردا، پێداگیراوە. لێرەدا ئاماژەیەك بە هێندێك لەو دوکیۆمێنتانە دەکرێت:

کۆنوانسـیۆنەکانی کۆمەڵەی ئورووپا، بۆ نموونە رێککەوتننامەی تایبەت بە پاراسـتنی مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکان (٤ی نوامبری ١٩٥٠) مادەی ١٤، پلانی شـوورای ئورووپا بۆ پشـتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان (٩ی ئوکتۆبری ١٩٩٣)، بەیاننامەی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم لە سـانتیاگۆو بەیاننامەی ١٥ی دیسـامبری ١٩٩٣ی کۆمیتەی مافە زمانییەکانو وەرگێڕانی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم، کۆنوانسـیۆنی ١٦٩ی رێکخراوی جیهانیی کار، لە بارەی خەڵکانی خۆجێییو هۆزەکان لە وڵاتانی سـەربەخۆ (٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٩)، بەیاننامەی جیهانیی مافە گشـتییەکانی گەلان، بەرشـلۆنا، مای ١٩٩٠، بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی گشـتیی فیدراسـیۆنی جیهانیی مامۆسـتایانی زمانی مۆدێرن، لە مەجارسـتان ١٦ی ئاگوسـتی ١٩٩١، بەیاننامەی کۆمیسـیۆنی مافی مرۆڤ لە ئەمریکا، لە بارەی خەڵکانی خۆ جێیی (١٨ی سپتامبری ١٩٩٥).

### مافی تاكو مافی گرووپ لەبەکار هێنانی زمانەکەیاندا:

ئەم پەیماننامەو بەڵگەنامانەی ئاماژەیان پێکرا، مافەکانی ئاخێوەرانی هەر زمانێکیان چ وەك تاكو چ وەك گرووپ، لە بەسـتێنی جۆراوجۆردا هێناوەتە بەرباس. لە ڕووانگەی هێندێك لەم پەیمانامانەوە زمانەکان یەکسـانن و ئاخێوەرانیان مافی یەکسـانیان هەیە. تەنانەت بەڵگەنامەیەکی وەك "بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان" ئاگایانە لەبەکار هێنانی زمانە خۆجێییەکان یان زمانی کەمایەتییەکان خۆی دەبوێرێت و لە جیاتی ئەم جۆرە زاراوانە، "حەشـیمەتی زمانی" (کۆمەڵێك کە بەزمانێك قسـە دەکەنو لە سەر زەوییەکی هاوبە شدا دەژین) بەکار دێنێت، واتە ئەم بەڵگەنامەیە "لە سەر ئەم بناغەیە دانراوە، کە مافەکانی هەموو حەشـیمەتە زمانییەکان یەکسـانە، هەڵکەوتی زمانەکان (بە فەرمی ناسـرابن یان نا،خۆ جێییو هی کەمایەتییەك بن یان نا) لەسەر سەیرکردنی ئەوان وەك زمانێکی سەربەخۆ، کاریگەرنییە[8]

---

[8] علامیە اعلامیە جهانی حقوق زبانی، ترجمە: علی دەبێگلو www.ostomaan.org

## پ) هەڵوەستەیەك لەسەر واتاو مافەكانی "كەمایەتیی نەتەوەیی"و "نەتەوە"

لەم چەند پەسندكراوە نێو نەتەوەییەدا بەزۆری باس لە كەمایەتییە نەتەوەییەكان كراوەو ئەم كۆمەڵە مافەیان بەفەرمی ناســراوە. جێی خۆیەتی ئەم خاڵە هەڵوەســتەی لەســەر بكرێت كە جیاوازیی گەورە لە نێوان نەتەوەیەكی بندەستو كەمایەتیی نەتەوەیی هەیە.

"نەتەوە"و "كەمایەتیی نەتەوەیی"، هەردوویان "گرووپی نەتەوەیی"ن. كاتێك دەگوترێت نەتەوە، واتە ئەو گرووپە نەتەوەییە كەدەكەوێتە بەر پێناســـەی نەتەوەو، كاتێك " دەگوترێت كەمایەتیی نەتەوەیی" واتە ئەو گرووپە نەتەوەییە، كە دەكەوێتە بەر پێناسەی كەمایەتیی نەتەوەیی.

لە وڵاتێكی دیاریكراودا، ئەو گرووپە نەتەوەییانەی، كە بە پێی ســـەرچـــاوە حوقووقییەكان دەتوانن خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی (خودموختار، فیدراڵ، كۆنفیدراڵ) بن، بە نەتەوە دەژمێردرێن. ئەوانەش كە لەم ئاســـتەدا مافیان پێ نادرێت، كەمایەتیی نەتەوەیین. بە پێی ئەم پۆلێنكردنە، لە وڵاتێكدا ئەو گرووپە نەتەوەییانەی خاوەنی ســـەرزەویی مێژوویین، خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیین (یا شـــیاوی ئەو مافەن كە دەوڵەتی نەتەوەییان هەبێت)، ئەو گرووپە نەتەوەییانەش، كە سەرزەویی نەتەوەییان نییە، بە كەمایەتیی نەتەوەیی دەژمێردرێن، ناتوانن دەوڵەتی نەتەوەییان هەبێت. بەم پێیە:

١ــــ **نەتەوەكان**. ئەو تاقمە لەگرووپە نەتەوەیی‌یەكانن، كە خاوەنی سەرزەوی‌و سنوورێكی دیاریكراوی مێژوویی یان ناوچـــەیەكی نەتەوەیین. نەتەوەكان هەركام لە نیشـــتمانی مێژوویی خۆیاندا بە شـــێوەیەكی چـــڕوپڕ نیشـــتەجێن و زۆرایەتیی ڕەهای ناوچـــە نەتەوەییەكە پێكدێنن. هەر نەتەوەیەك لە دەرەوەی نیشـــتمانی خۆی، لەوانەیە بە "كەمایەتیی نەتەوەیی" بژمێردرێت. "نەتەوەكان" لە لایەنی تیورییەوە ، مافی دیاریكردنی چارەنووس، مافی بەڕێوەبردنی كاروباری خۆیانو پێكهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان (بە شـــێوەی فیدراڵی، كۆنفیدراڵیو ســـەربەخۆ) هەیەو زمانەكەشـــیان دەتوانێت زمانی فەرمیی دەوڵەتەكەیان بێت.

٢ ــــــ **كەمایەتییە نەتەوەییەكان**: گرووپە نەتەوەییەكانی نێو وڵاتێكی دیاریكراو، كە بە پێچـــەوانەی نەتەوەكانی دانیشـــتووی ئەو ســـەرزەوییە، خاوەنی ســـەرزەوی‌و ســـنوورێكی مێژوویی دیاریكراو نین، بە كەمایەتیی نەتەوەیی ناودەبرێن. ئەوان بەزۆری لە نێو نەتەوە پرچەشیمەتەكاندا بڵاو بوونەوە. كەمایەتییە

نەتەوەییەکان ئەو مافەیان هەیە کە زمانەکەیان بە فەرمی بناسـرێتو وەك گرووپێکی نەتەوەیی بناسـرێن. بەڵام بە هۆی نەبوونی ســـەرزەویی مێژوویی، مافی دیاریکردنی چـــارەنووس، ســـەربەخۆییو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییو بەڕێوەبردنی کاروباری ســـەرزەویی خۆیان بۆئەوان، لە جێی خۆیدا نییە. کەمایەتیی نەتەوەیی بەو هۆیەوە کە ناتوانێت دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت، مافی ئەوەشـــی نییە، کە زمانەکەی ببێتە زمانی دەوڵەتی. (9)

لەبەر ڕووناکایی ئەم پێناسەیەدا، نەتەوە بندەستەکانی ئێرانو یەك لەوان نەتەوەی کورد، نەك مافی زۆر ســـەرەتایی وەك خوێندن بە زمانی زگماکی، بەڵکوو مافی دیاریکردنی چـــارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بە دەوڵەتیکردنی زمانەکەی خۆیان هەیە. کەچـــی تا ئێســـتاش لەم مافە ســـەرەتاییە بێ بەشن.(*)

**داوای بەفەرمی ناسرانی زمانە نافارسییەکانو خوێندن بەو زمانانە لە قوتابخانەدا**

لە ماددەی ١٥ی دەستووری ئێراندا، شانبەشانی ناوبردنی زمانی فارسی وەك زمانی فەرمی و هاوبەشی خـەڵکی ئێران، کـە دەبێـت بـەڵگـەنـامـە فـەرمییـەکـان و کتێبـەکـانی خوێنـدنیـان پێبنووســـرێـت ، گزتراوە:"کەلکوەرگرتن لەزمانە خۆجێییو قەومییەکان لە چـاپەمەنیو ڕاگەیەنە گشـتییەکانداو خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لەقوتابخانەکاندا، لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە". (10)

بە پێی پێناســـەکانی "نەتەوە"و "کەمایەتیی نەتەوەیی"، ئەم داننانەی دەســـتووری ئێران بە "زمانە خۆجێییو قەومییەکان"، هێنانەخواری گرووپە نەتەوەییەکانی ئێران تا ئاســـتی "کەمایەتیی نەتەوەیی" دەگەیەنێت . لەبارێکدا، گرووپە نەتەوەییەکانی تورك، کورد، بەلووچ، تورکمەنو عەرەب نەتەوەی چەند یان چـــەندین میلیۆنینو لەســـەر ســـەرزەویو نیشـــتمانی مێژوویی خۆیان دەژین. لە باری تیۆرەوە مافی

---

(9) محمد رضا گردیزی، "ملتها، ملیتها"و "اقلیتهای ملی"در ایران Http://www.11007baybak.kom:2158.azr

(*) "گەر سیستێمی فەرمانڕەوایی، لە دەوڵەتێکی دیاریکراو دا دێموکراسیی بوو، یەکسانیی لەنێوان گەلانی دەوڵەتەکەدا هەبوو، چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، لەسەر بنچینەکانی مافی چارەنووسی گەلان کرا بوو، ئەوا لەو بارەدا، گەلەکانی دیکەش، مافی ئەوەیان دەبێ، زمانەکانی خۆیان بەکاربێنن، وەك لە دەوڵەتی فیدراڵیی سویسرای دێموکراسیی لە ئەورووپا پێڕەو دەکرێ، زمانەکانی "ئەڵمانیو ئیتاڵیو فەڕەنسی" بە سێ زمانی سەرەکی دەوڵەت دەژمێررێن. بەڵام، گەر سیستێمی دەوڵەت، دیکتاتۆرییو شۆڤێنیی بوو، ئەوا لەو دەوڵەتەدا، تەنیا زمانی نەتەوەی باڵادەس، بە زمانی یەکەم دادەنرێ. زمانی گەلەکانی دیکە، هیچ جۆرە حیسابێکیان بۆ ناکرێو زۆر جاریش قەدەغە دەکرێن."**(حوسێن محەممەد عەزیز ، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردی، سلێمانی ، 2005، ل127)**

(10) قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، منبع:
http://www.majlis.ir/majles/index.php?option=com_content&task=view&id=12&Itemid=88

پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بە دەوڵەتکردنی زمانەکانی خۆیان هەیە، کەچـــی ڕێگا نادرێت بە زمانی ئەوان لە قوتابخانەدا بخوێندرێتو ئەو کەســـانەش کە لەنێو هەرکام لەو نەتەوانەدا، شـــێلگیرانە بۆ هێنانەگۆڕێی داوای خوێندن بەزمانی زگماکی، لەم ٣٠ ســـاڵەی ڕابردوودا کاریان کردووە، بە توندی سەرکوتکراون و کەوتوونە دژایەتیکردنی.

بەڵام خواســـتی خوێندن بە زمانی دایكو بە فەرمی ناســـرانی ئەو زمانانە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، لە ڕیزی پێشـەوەی خواسـتەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوە نەتەوەیییەکانی ئێراندان. ئەو بەرنامەو داخوازینامانەی لە گەرمەی ململانێی هەڵبژاردنی ســـەرکۆماری (جۆزەردانی ١٣٨٨)و لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دوواتر دا هاتنە بەرباس، شێلگیریو پێداگریی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لەسەر مافە نەتەوەیییەکانیان بە تایبەتی خوێندن بە زمانەکانی ئەوان، دەسەلمێنێت.

## پاری دووهەم: خوێندن بە زمانی کوردی ، لە سایەی ڕژێمەجۆراوجۆرەکاندا

### أ) سەرەتاکانی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

**قوتابخانە ئایینییەکان:**

مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وەك سەرانسەری ئێران و وڵاتانی ئیسلامیی ناوچەکە، دابەش دەبێتە سەر دوو سەردەم. یەکەم: سەردەمی قوتابخانە ئایینییەکان. دووهەم: سەردەمی قوتابخانە بە شێوازی نوێ و ئەمڕۆیی.

مەبەست لە قوتابخانە ئایینییەکان، ئەو حوجرانەن کە فەقێیەکان دەرسی ئایینییان لە نێویاندا خوێندووە بۆ ئەوەی ببن بە مەلا و لە خزمەت پەرەپێدانی ئایینی ئیسلامدا بن.

سەرەتای پەیدا بوونی حوجرەی فەقێ لە کورد ستاندا، بۆ سەردەمی ئەمیرێکی ئەتابەکی بەناوی ئەبا مەنسوور سەرفەتەکین، دەگەڕێتەوە .

"سەرچاوەکان وا دەگەیەنن: کە خدری کوڕی نەسری کوڕی عوقەیل (٤٨٧ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٠٨٥ی زایینی) لە بەغدا لە سەر دەستی زانا شافیعی مەزهەبەکاندا خوێندنی ئایینی ئەوکاتە تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە هەولێر، ئەمیری ناوبراو مزگەوتێکی بۆ بنیات دەنێ بۆ ئەوەی تیایدا دەرس بڵێتەوە." (11)

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، ئەو زانیارییانەی لە بارەی قوتابخانە ئایینییەکانەوە کۆکراونەوە، دەمانبەنەوە ساڵی ١٠٨٩ی کۆچی هەتاوی. لەو ڕۆژگارەدا مەدرەسەی عولوومی دینیی مزگەوتی جامیعی مەهاباد، کە لە هێندێك دەقدا، وەك "مەدرەسەی عولوومی دینیی شا سولەیمانی سەفەوی"یش ناوی هاتووە، هەبووە و مەلا سەید جامیی چۆڕی (نەوەی مەلا ئەبووبەکری مونسیفی چۆڕی) مودەرریسی بووە.(12) دیارە مەدرەسەی دینی و حوجرە و خوێندنی ئایینی لە سنە و کرماشان و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، مێژوویەکی لەمە کۆنتری هەیە. لێرەدا نەك مێژووی دامەزرانی ئەم جۆرە خوێندنگایانە، بەڵکوو ئەو دەرس و بابەتانەی لەم شوێنانە خوێندراون ، هەروەها ئەو زمانەی لەوحوجرانەدا پێی خوێندراوە، مەبەستە.

---

(11) حەمە کەریم هەورامی، مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان دا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، ل 277 و 278

(12) سید محمد صمدی، نیم نگاهی تازە بە گذشتە مهابادـ تعلیم و تربیت ـ گۆڤاری مەهاباد، ژمارە 94/ 93، ساڵی هەشتەم، ژانویەی 2009، ل، 50

حوجره، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، لە کوردســـــتاندا تاکە دەزگای خوێندن و ڕووناکبیری بووە ، مەلاو زانا و پیاوی ئایینی و خوێندەواری پێگەیاندوون. لە حوجرەدا تەنیا ئەو شتانە خوێندراون کە پێوەندییان بە ئایین و فەلەکناســی ولۆجیك و بیرکارییەوە هەبووە، ئەوانیش بە زۆری بە زمانی عەرەبی بوون. هێندێك کتێب و نامیلکەی دیکەش لە حوجرەدا خوێندراون، کە فارســـــی بوون. ئەگەر تاك و تەرا، شـــتێکیش بە زمانی کوردی لە نێو کتێب و پەڕاوی خوێندنی حوجرەدا، هەبێت، وەك مەولوودنامە، عەقیدەی کوردی، ڕۆڵە بزانی، ســــەما و زەمین، عەقیدەی ئیمان، لەم دواییيانەدا بووە. بەمجۆرە خوێندن لە حوجرەدا، تەنانەت ئەگەر شەرحی هێندێك دەرسیش بە کوردی بووبێت، ناچێتە خانەی خوێندن بە زمانی کوردییەوە.

**پەیدابوونی قوتابخانەی نوێ:**

بناغەی پەروەردەو فێرکردنی نوێ لە ئێران بە هیمەتی گەورە پیاوی مێژووی ئێران میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیر دانرا. ساڵی ١٢٧٥ی هەتاوی ناوی"ئەنجومەنی مەعاریف و اوقاف و صنایع مستظرفة" گۆڕا و بوو بە وەزارەتی فەرهەنگ. دوواتر، واتە ساڵی 1343ی هەتاوی (1964ی زایینی) ئەم ناوەش گۆڕا و بوو بە وەزارەتی "آموزش و پرورش" (فێرکردن و پەروەردە) [13]. دیارە یەکەم قوتابخانە بە شـــێوازی نوێ، لەلایەن میرزا حەسەنی ڕوشدیە، لە ساڵی ١٢٦٨ی هەتاوی (١٨٨٨) لە تەورێز دامەزرا. [14]لێرە بە دوواوەیە کە پەروەردەو فێرکردن بە شێوازی نوێ بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران پەل و پۆ دەهاوێژێت. ســاڵی ١٢٩٤ی هەتاوی، یەکەم قوتابخانەی ســەرەتایی کوڕانە بەناوی قوتابخانەی ســەعادەت، بەهۆی "مکرم الملك قائم نظام طباطبایی" حاکمی تەورێز و فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد دادەمەزرێت.

## ب)زمانی کوردی لە سەردەمی پەهلەویدادا:

یەکێك لە ئامانجە ســـــەرەکییەکانی پەروەردەو فێرکردنی نوێ لە ئێراندا، زاڵکردنی زمانی فارســـــی و تواندنەوەی زمانی نەتەوە نافارســــەکانی ئێران لە ڕێگای خوێندن بە تاکە زمانێکەوە بوو. دیارە بەفەرمیدانانی زمانی فارســـی و ناوبردنی لە قانوونی وڵاتدا، وەك زمانی فەرمیی ئێران، بۆ دەســــتووری سەردەمی مەشرووتە دەگەڕێتەوە.[15]

**یەك نەتەوە، یەك زمان:**

---

[13] سید محمد صمدی، نیم نگاهی تازه به گذشته مهاباد- تعلیم و تربیت - گۆڤاری مەهاباد، ژمارە 94/ 93

[14] لزوم آموزش به زبان مادری در آذربایجان، هفتەنامە مبین، شماره 4، 1278/9/23

[15]نصرالله پورجوادی، ایران مظلوم، روزگار نو، شماره دهم، سال ششم، اکتبر و نوامبر 1987، پاریس، ص 58

ساڵی ١٣٠٤ (١٩٢٥) کە ڕەزاشا بە فەرمی بوو بە شای ئێران و لە ئاستی نێوخۆییدا، جێپێی خۆی بە تەواوی قایم کرد، چالاکانە سیاسەتی دژایەتیکردنی زمان و کولتووری نەتەوە نافارسەکانی ئێرانی بردە پێشەوە.[16] ڕەزا شا زمانی فارسیی بە سەر زۆرایەتیی حەشیمەتی ئێراندا کە فارس نین، سەپاند. لەم مێژووە بە دواوە فارسی بوو بە تاکە زمانی فەرمیی ئێران و تاکە زمانێك بووە کە لە پەروەردەو فێرکردن و کاروباری دەوڵەتیدا بەکار هێنراوە.[17]ڕەزاشا لە درێژەی سیاسەتی نەتەوەسازیدا و بە نیازی پتەوکردنی شوناسی"نەتەوەی ئێران"، کەوتە جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکەوە .داسەپاندنی زمانی فارسی وەك زمانی فەرمیی وڵات، یەك لەو پرۆژانە بوو.لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا تەنانەت قوتابخانە دەرەکی و تایبەتییەکانیش، لە ساڵی ١٩٢٨ ەوە داوایان لێکرا بە زمانی فارسی وانە بڵێنەوە و پرۆگرامی پەروەردەیی قوتابخانەکانی وڵات، پێڕەو بکەن. بەمجۆرە فارسی نە تەنیا بوو بە زمانی"نەتەوەیی" (نەتەوەی ئێران)، بەڵکوو هەموو زمانەکانی دیکەی وڵات قەدەغە کران و ئیزنی چاپی کتێب و ڕۆژنامەش تەنیا بۆ زمانی فارسی بوو. زمانەکانی ئازەری ، کوردی، عەرەبی، بەلووچی و تورکمانی وەك زاراوەی فارسی دانران.[18]

لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ڕەزاشای دیکتاتۆردا ، ستەمی نەتەوەیی بەوپەڕی خۆی گەیشت. شۆڤێنیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی نافارسی ئێران، لە گەڵ توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی بەرەوڕوو بوونەوە. بۆ لە نێوبردنی مێژوو، شوێنەواری نەتەوەیی و کولتووریی ئەم گەلانە بەرنامەیەکی درێژخایەن بەڕێوەچوو، کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی نافارس بوو. لەبەر دەرگای هەموو پۆلەکانی قوتابخانەکان و ژووری بەڕێوەبەرییەکان نووسرابوو: "فارسی سخن گوئید" واتە بە فارسی قسە بکەن.[19]

مامۆستا هەژاری موکریانی چارەنووسی زمانی فارسی لەو سەردەمەدا بەمجۆرە باسدەکات:

"زەمانی زەمانی ڕەزاخانی پەهلەوی بوو، کەس نەیدەوێرا بیریش لە کوردی نووسین بکاتەوە و ناوی‌کوردی خوێندنەوە وای لیهاتبوو، ئەگەر کەسیك باسی بکردایە، سەرەڕای جنێو، دەکەوتە بەر تیرو تەشەر و دەبوو بە گاڵتەجار."[20]

---

[16] لزوم آموزش به زبان مادری در آذربایجان، هفته‌نامه مبین، شماره 4، 1278/9/23

[17] فاخته زمانی، سخنرانی در نشست کمیسیون عالی حقوق بشر سازمان ملل متحد در خصوص مسائل اقلیتهای ملی، اتنیکی مذهبی و زبانی، سایت "اخبار روز"، 19دسامبر 2008

[18] ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید، ناسیۆنالیزمی ئێرانی(1906ـ1941)،ل116، 2009،(نامەی ماستەر)

[19] دکتور عەبدولڕحمان قاسملوو، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، ل 24

[20] عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی(هەژار)، چێشتی مجێور، پاریس،1977،ل53

بەمجۆرە سـەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزاخان سـەردەمی سـەرکوت و تواندنەوەو نەهامەتیی نەتەوە نافارسەکانی ئێران بوو، زمانی کوردی لە سێبەری دەسەڵاتێکی ئەوتۆدا، ڕۆژگارێکی ڕەشی تێپەڕاند.

لە سەرازسەری سەردەمی دە سەڵاتدارەتیی ڕەزا شادا تا خەرمانانی ١٣٢٠ (١٩٤١ کە ئەم دە سەڵاتە کۆتایی پێدێت و هەلومەرجێکی نویٚ لە ئێران و کوردسـتاندا دەسـتپێدەکات، جگە لە تاکە هەوڵێك لە سـەردەمی سمکۆی شـکاکدا، کە نەیتوانی بەردەوام و درێژخایەن بێت، هەوڵێکی دیکە بۆ پێکهێنانی خوێندن بە کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدی ناکرێت.

**درێژەپێدانی سیاسەتی ڕەزاشا:**

پەهلەویی دووهەم (محەممەد ڕەزاشـای پەهلەوی)یش، کە گەیشـتنی بە تاج و تەختی شـایەتی هاوکات بوو لە گەڵ پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بە پشتیوانیی ئەمریکا و ئینگلیز،کۆماری کوردستانی ڕووخاند و کۆتایی بەو سەردەمە زێڕینە هێنا کە بۆ زمانی کوردی هاتبووە کایەوە. محەممەد ڕەزاشاش وەك باوکی سیاسەتی زاڵکردنی زمانی فارسی و سەپاندنی وەك تاکە زمانی خوێندن لە ئێراندا درێژە پێدا.

"سـەپاندنی زمانی فارسـی لە لایەن حکوومەتی پەهلەوییەوە بەسـەر تەواوی ناوچـەکانی ئێراندا، جیاکردنەوەی زمانی خویندن لە زمانی زۆرایەتیی خەڵك، سـەپاندنی زمانی سـێیەکی خەڵکی ئێران بەسـەر دوولەسێی خەڵکی وڵات بوو.... وڵات بەهۆی ڕەگەزپەرستی و دواکەوتوویی ڕێژیمی شایەتیی پەهلەوییەوە، بە تایبەتی بە هۆی دابڕانی دوولەسـێی حەشـیمەت لە زمانی دایکیان، نوقمی بەرەودواگەڕانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، کە نموونەکەی لە سەردەمی ئیستادا، لە هیچ وڵاتێکدا ناتوانین بەدی بکەین."[21]

[21] رضا براهنی، اصل اساسی دموکراسی در ایران: باسواد شدن بەزبان مادری (بخشی از مقاله اسناد ساواك)، اعدام جزنی ودیگران، لینك:
www.turkiran.com/archives-turkiran.htm

## پ)خوێندنی زمانی کوردی له سه‌رده‌می ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا:

**دیسان دژایه‌تی له گه‌ڵ خواستی خوێندن به کوردی:**

یه‌کێك له چاوه‌ڕوانییه‌کانی گه‌لی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، له شۆڕشی ئێران و ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی دووای سه‌رکه‌وتنی ئه‌م شۆڕشه، دابینبوونی مافه نه‌ته‌وایه‌تییه‌کانی بوو، که له مێژ بوو خه‌باتی بۆ ده‌کرد. گومانیشــی تێدانییه هه‌ر له کۆنه‌وه به‌فه‌رمیناسـرانی زمانی کوردی و خوێندن به‌م زمانه له قوتابخانه‌کاندا له ڕیزی پێشـــه‌وه‌ی ویســـت و داخوازه‌کانی ئه‌م گه‌له‌دا بووه، به‌ڵام ده‌ســـه‌ڵاتی نوێی ئێران هه‌ر زۆر زوو ده‌ریخست که له گه‌ڵ دابینکردنی مافه نه‌ته‌وایه‌تییه‌کانی هیچکام له نه‌ته‌وه نافارسه‌کانی ئێراندا نییه.

شـــێلگیربوونی گه‌لی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردســـتان له ســـه‌ر خواســـته نه‌ته‌وایه‌تییه‌کان و خۆبواردنی ده‌سه‌ڵاتی نوێ له دانان به مافه نه‌ته‌وایه‌تییه‌کان و دابینکردنیاندا، شه‌ڕ له نێوان کورد و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لێکه‌وته‌وه. ڕێژیم، شانبه شانی هێرش و په‌لاماری سوپایی له زه‌وی و ئاسمانه‌وه، گه‌مارۆیه‌کی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی خسته سه‌ر ئه‌و شار و ناوچانه‌وه، که له ژێرده‌سه‌لاتی پارته کورده‌کاندا بوون. هه‌ڵوه‌شاندنی ده‌ســتگا و فه‌رمانگه‌کانی په‌روه‌رده له‌و ناوچــانه و داخســتنی قوتابخانه‌کان، به‌شـێك بوو له ســیاســه‌تی گه‌مارۆ و ســـه‌رکوت. له ئاکامدا، پارته‌کورده‌کان، به تایبه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان، ده‌ســـتگا و دامه‌زراوی تایبه‌تیان بۆ کردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌کان له ناوچه‌کانی ژێرده‌سه‌ڵاتی هێزی پێشمه‌رگه دا، پێکهێنا و خوێندن به زمانی کوردییان ده‌ستپێکرد.به‌مجۆره بۆ ماوه‌ی3–4ساڵ له به‌شێکی به‌رچاوی ناوچه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان خوێندن به کوردی له قوتابخانه‌کاندا هه‌بوو.

له ساڵه‌کانی ١٣٦٣ و ١٣٦٤ی هه‌تاوی (١٩٨٤و ١٩٨٥ی زایین)دا، هێزه‌کانی کۆماری ئیسلامی زۆربه‌ی هه‌ره زۆری ئه‌و ناوچانه‌یان داگیر کرد، که به‌ده‌ست هێزی پێشمه‌رگه‌و ڕێکخراوه سیاسییه‌کانه‌وه بوون(*)و مامۆستایانی شۆڕش و قوتابخانه‌کانی سه‌ر به کۆڕی په‌روه‌رده‌و فێرکردن، نه‌یانتوانی به کرده‌وه درێژه به کاری خۆیان بده‌ن.

---

(*) له‌ساڵه‌کانی1358، 1359و1360(1980،1979و1981)دا زۆربه‌ی هه‌ره‌زۆری شار و شارۆچکه‌کانی کوردستان که‌وتنه‌وه ده‌ست کۆماری ئیسلامی، به‌ڵام زۆر ناوچه‌ی کوردستان که که‌وتبوونه نێوان شاره‌کان، به تایبه‌تی ناوچه شاخاوییه‌کان له ژێر ده‌سه‌لاتی شۆڕشدا بوون و دابینکردنی قوتابخانه و مامۆستاشیان له سه‌رشانی شۆڕش بوو.

مامۆستاو قوتابخانەی دەوڵەتی، جێگای مامۆستای شۆڕش و قوتابخانەی سەر بە کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستانیان گرتەوەو خوێندن لە قوتابخانەکاندا، کە پێشتر بە زمانی زگماکیی قوتابییەکان بوو، لەوەودووا بووەوە بە زمانی فارسی.

## ت) هێندێك هەوڵی جۆراوجۆر:

خوێندن بە زمانی زگماکی وەك بیرەوەرییەکی شیرین لای ئەو قوتابییانە مایەوە، کە پێشتر چەند ساڵێك لە قوتابخانەکانی شۆڕشدا خوێندبوویان. لەگەڵ ئەوەی بە پێی ماددەی ١٥ی دەستووری ئێران، "کەڵکوەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و قەومییەکان (**) لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکانداو، خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسیدا ئازادە"[22] خوێندن بە زمانی زگماکی هەر وەك ئاواتێك مایەوە. دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، لایان لەم ماددەیەی دەستووری وڵات نەکردووەتەوە و هیچ هەنگاوێکیان بۆ جێبەجێبوونی ئەم ماددەیە هەڵنەگرتووە. نەك هەر ئەوە، بەڵکوو کەسانێکیش کە لەم پێناوەدا هەوڵیانداوە، کێشە و گرفتیان بۆ دروستکردوون، بەڵام دڵسۆزانی زمانی کوردی، ئەوەندەی هەلومەرجی سیاسی و ئاساییشیی وڵات دەرەتانی پێدابن، لە وەبیرهێنانەوەی ئەم ماددەیەی دە ستووری وڵات بە دە سەڵاتدارانی ئێران غافل نەبوون و زۆر جار لە پێویستیی جێبەجێبوونی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی دوواون.

### ١-"یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی":

دیارە کۆماری ئیسلامی لە هۆگریی لە ڕادەبەدەری کورد بە زمان و ئەدەبیاتی خۆیان ئاگادار بوو و دەیزانی یەکێك لەو ئامانجانەی کورد لەمێژساڵە خەباتی بۆ دەکەن، بە فەرمیناسینی ئەم زمانە و بووژانەوەی ئەدەبیاتی کوردییە. هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤)، لە گەرمەی شەڕی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی کورد دا، قەرارگای ڕەمەزان (سەر بە سوپای پاسداران)، دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی بە ناوی "ئینتشاراتی صلاح الدین ایوبی" لە شاری ورمێ دامەزراند. ئەم دەزگایە لە بەهاری ١٣٦٤ (١٩٨٥)ەوە، گۆڤارێکی کوردیی بەناوی "سروە" بڵاو کردەوە، کە لە ساڵی یەکەمدا هەر سێ

---

(**) کاربەدەستانی شۆڤێنیستی ئێران بە ئەنقەست خۆ لە ووشەی نەتەوە دەبوێرن و نەتەوەکانی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب‌و تورکمەن بە "قەوم" ناودەبەن کە بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی، واتایەکی جیاواز لە نەتەوەی هەیەو قەوم لە نەتەوە بچووکترە.

[22] - قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، منبع:
http://www.majlis.ir/majles/index.php?option=com_content&task=view&id=12&Itemid=88

مانگ جارێك و دوواتر بە شێوەی مانگانە دەردە چوو. لە ڕەزبەری ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦ی زایینی)دا ئەم ناوەندە "یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی"ی لە شـــاری مەهاباد پێکهێنا.[23] ئەم ئاوڕدانەوەیەی کۆماری ئیســـلامی لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، کە مەبەســـتە ســـەرەکییەکەی دابڕینی خەڵکی کوردســـتان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕێکخراوە ســـیاســـییەکانی کوردســـتان بوو، ئەم هیواو دڵخۆشـــییەی لە دڵی هێندێك کەســـدا پێکهێنا، کە ئەگەری جێبەجێبوونی خوێندن بە زمانی زگماکی لە کوردستانیان بە نزیك دەزانی. هەر بۆیە کەوتنە هەوڵی ئامادەکردنی کتێبی خوێندنی زمانی کوردی.

### ٢- بڵاوبوونەوەی کتێبی "خوێندنی کوردی - کتێبی یەکەم":

لە دووامانگەکانی ســـاڵی ١٣٦٧ (زســـتانی ١٩٨٩)دا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (انتشارات صلاح الدین ایوبی) کتێبێکی بە ناوی "خوێندنی کوردی ــ کتێبی یەکەم" بڵاو کردەوە، کە تیراژەکەی ١٠٠٠٠ دانە بوو. ئەم کتێبە لە ســـاڵی ١٣٦٥ەوە ئامادە بوو، بەڵام لەبەر بێکاغەزی، دوو ســاڵ چــاپەکەی دووا کەوتبوو.[24] ســەرەڕای چــاپی ئەم کتێبەو لەگەڵ ئەوەی لە "یەکەم کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی"دا هێندێك بڕیار لەبارەی یەکخســـتنی ڕێنووســـی کوردی و زمانی ســـتانداردی کوردی و کتێبی خوێندن درابوون، بەڵام ئەم کارانە بە فەرمیناسینی زمانی کوردی و خوێندن بەم زمانەیان لە قوتابخانەکانیاندا لێنەکەوتەوە. لە ڕاســتییشــدا ئەگەر کۆماری ئیســلامی نیازی ڕێگەدان بە خوێندن بە زمانی کوردیی هە با، دەبووا یە کتێبی خوێندنی کوردی، لە لا یەن "وەزارەتی فێرکردن و پەروەردەی کۆماری ئیســـلامیی ئێران"ەوە، ئەویش لە تیراژێکی زۆر لەمە زیاتردا چـــاپکرابایە، نەك لە لایەن ناوەندی ناوبراوەوە.

### ٣- گۆڤاری "سروە" و هەوڵی ئەنجومەنی ئەدەبییەکان :

ئەگەرچی ئەم هەوڵانەی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، نەبوون بەهۆی بەدیهاتنی ئاواتی خوێندن بە زمانی زگماکی لە کوردســتاندا، بەڵام گۆڤاری "ســروە" کە ناوەندی (انتشــارات صــلاح الدین ایوبی) بڵاوی دەکردەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕاهێنانی خەڵکی تامەزرۆی کورد ستان بە خوێندنەوەو نووســـینی کوردیدا هەبوو.جا بەو هۆیەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا، منداڵی کورد تەنیا بە فارســـی

[23] سەروتاری گۆڤاری سروە، ژمارە 7 ، پاییزی 1365،

[24] چاپی کتێبی یەکەمی کوردی، کوردستان(ئورگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)،ژمارە150، جۆزەردانی 1368(ژوئەنی 1989)

دەیخوێند، بە فارسی دەیخوێندەوە، تەنیا بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی بە زمانی فارسیی دەبینی و پێویستییە ڕۆشــنبیرییەکانی خۆی هەربە فارسی دابیندەکرد، بڵاوبوونەوەی گۆڤارێك بە زمانی کوردی کاریگەری و بایەخی خۆی هەبوو. "گۆڤاری ســروە هەر لە ســەرەتاوە توانی ڕۆڵی خۆی لە بووژاندنەوەی فەرهەنگی کوردی دا بگێڕێت و تروسکاییەك بێ لەناو رەشەشەوی ئەنگوستە چاودا." (25)

بەو هۆیەوە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك، جگە لە "سروە" هیچ گۆڤارێکی کوردی دەرنەدەچوو، هەروەها بەو هۆیەوە کە بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارە مەبەستیان خزمەتکردن بە زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردی بوو، ئەو گۆڤارە توانی نەخشێکی بەرچاوی لە وەڕێخستنی جموجۆلی ئەدەبی و هاندانی لاوان بۆ نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی هەبێت. بەرەبەرە لە شــارەکان کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی و ئەنجومەنی ئەدەبی ــ سەرەڕای هەبوونی کۆسپ و بەرهەڵستێکی زۆر ــ پێکهاتن.(26) یەکێك لەو کارە بەنرخانەی لە لایەن ئەم ئەنجومەنانەوە پشــتیوانیان لێدەکرا ، پێکهێنانی خول و کۆڕ و کۆبوونەوەی فێرکردنی ڕێنووسی کوردی بوو.

بەم جۆرە چــەندین ســاڵ تێپەڕدەبێت و نەك هەر ڕێگە بە خوێندن بە زمانی کوردی نادرێت، بەڵکوو لە کەشوهەوای سیاسیی زاڵ بەسەر کوردستان لە دوو دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، هەوڵدانی دڵسۆزانی زمانی کوردی بۆ فێرکردنی نووسین و خوێندنەوەی کوردی بە چاوی گومانەوە سەیری دەکرێت و کەندو کۆســپی دەخرێتە ســەر ڕێ و لەم ســۆنگەیەوە زۆر مرۆڤی نیشــتمانپەروەر کە تەنیا مەبەســتیان خزمەتی زمانەکەی خۆیان و ئاشــناکردنی هاوزمانانیان بە نووســینی کوردی دەبێت، تووشــی گرفت و ئازارو کێشە دەبن.

### ٤- یەکەی خوێندنی زمانی کوردی لە زانستگەی ئازادی سنە:

لە دەیەی دووهەمی دەســەڵاتدارەتیی کۆماری ئیســلامیدا، ســەرەڕای بەردەوامیی ســیاســەتی ئەو حکوومەتە لەمەڕ خوێندن بە یەك زمان (زمانی فارســی وەك زمانی فەرمیی وڵات)، چــاپەمەنی بە زمانی کوردی ڕوو لە زیادبوون دەکات. دووای هاتنە ســەرکاری دەوڵەتی خاتەمی و دەســتپێکردنی ســەردەمی چاکسازی، لەگەڵ ئەوەی گۆڕانێك بەسەر ئەم سیاسەتەی ڕێژیمدا نایەت، بەڵام قسە لە خوێندنی چەند وانەیەکی زمانی کوردی لە زانستگە دێتە گۆڕێ.

---

(25) سولەیمان دڵسۆز، "بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران" (میزگرد)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 5ی ئەیلوولی 2000، ل 160

(26) قادر وریا، "بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران" (میزگرد)، سەرچاوەی پێشوو، ل 160

لەگەل دەستپێكردنی ساڵی نوێی خوێندنی ٧٩ـــ١٣٧٨ (٢٠٠٠ـــ١٩٩٩)دا ڕاگەیەندرا كە كۆماری ئیسلامی ڕێگایداوە لە زانستگەی ئازادی سنە، یەكەی خوێندنی زمانی كوردی دابنرێت و لە كورد و غەیری كورد ئەو خوێندكارانەی پێیان خۆش بێت، دەتوانن ئەو وانەیە بخوێنن. كاتی خۆی ئەم ڕووداوە زۆر زیاتر لە ڕادەی واقیعیی خۆی گەورە نیشـــاندرا، بە ڕادەیەك كە كرانەوەی یەكەی خوێندنی زمانی كوردی و ئەویش تەنیا لە یەكێك لە زانستگەكانی كوردستانیان خستە بری خوێندن بە زمانی كوردی و تەنانەت وەك خوێندن بە زمانی كوردی لەقەڵەمیان دا.[27] ئەوە لە كاتێكدا بوو كە پێش هاتنە ســـەركاری كۆماری ئیسلامی، لە زەمانی ڕێژیمی شایەتیدا، یەكەی زمانی كوردی لە زانستگە دەخوێندرا. [*]

## ج) هەوڵەكانی كۆمەڵی فەرهەنگی و فێركاریی سۆما (فێرگەی زمانی كوردی):

تامەزرۆیی خوێندەوارانی كوردســـتان بۆ فێربوون و فێركردنی خوێندنەوەو نووســـین بە زمانی دایك، بەتایبەتی لاوان و چـوونەســەری هەســتی نەتەوەیی و هەســتكردنی ڕووناكبیران، ئەدیبان و نووســەرانی دڵسۆزی زمانی كوردی بە بەرپرسیارەتی، زۆر هەوڵی بەربڵاوو جیاجیای لە بە ستێنی فێربوون و فێركردن بە زمانی كوردیی لێكەوتەوە، كە دەتوانین بڵێین لە ســەرانســەری ڕۆژهەڵاتی كوردســتاندا، نموونەی ئەم جۆرە هەوڵانە دەبینرێت.[**] ئەم هەوڵانە پشـــتگیری و یارمەتیدانی حكوومەتی و دەوڵەتییان لەپشـــت نەبووە و تەنیا بە هیممەتی فێركاران و فێرخوازان و بە یارمەتی و پشـــتیوانیی خەڵكی كوردســـتان، بەرەوپێش چوون. بە مەبە ستی جێبەجێكردنی ئەم ئەركە نەتەوەییە پیرۆزە، لە هێندێك شوێن كۆمەڵەو ناوەندی تایبەتی پێكهاتوون، كە لە سنووری شار و ناوچەی خۆیاندا، بۆ فێركردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی كوردی هەنگاویان ناوە. "كۆمەڵی فەرهەنگی و فێركاریی ســۆما" یەكێكە لەو كۆمەڵانەو هاوكات دیارترین و بەردەوامترینیانە.

### ١ـ دامەزرانی ناوەندی سۆما :

---

[27] "خوێندن بە زمانی كوردی یان واحیدی زمانی كوردی"، "كوردستان" ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ژمارە 267، ڕەزبەری 1378 (ئۆكتوبری 1999)

[*] لە زەمانی شادا، هەم لە زانستگەی تاران، هەم لە زانستگەی تەورێز،چەند واحید(یەكە)ی زمان و ئەدەبیاتی كوردی دەخوێندرا.تەنانەت زانستگەی تەورێز، كۆمەڵێك نامیلكە و پەرتووكی كوردیی كە كۆكراوەی ئەدەبیاتی فۆلكلۆری كوردی بوون و زۆربەیان قادر فەتتاحی قازی، كۆی كردبوونەوە، چاپ و بڵاو كردەوە.

[**] هێندێك لەو ناوە دیارانەی لە فێركردنی خوێندنەوە و نووسینی كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بریتین لە: خوالێخۆشبوو عەتا بەرفی(سەقز)، مامۆستای شاعیر شەریف حوسێن پەناهی(مەریوان، دێولان)، مستەفا ئێلخانی (بۆكان).

ناوەندی سۆما، ١٥ی گەلاوێژی ١٣٧٩ (٦یئاگوستی ٢٠٠٠) بۆ یەکەمجار لەشاری مەهاباد دامەزرا. بۆ ماوەی ٢ ساڵ، تەنیا لە بواری فێرکاریی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی لە ئاستی ئەم شارەدا تێکۆشـانی هەبوو. پاشـان وەکوو هەنگاوی دووهەم، فێرکاریی ڕێنووسـی بە ئەلفوبێی لاتینی هێنایە نێو بازنەی کاری ئەم ناوەندە و هاوکاتیش لقی ئەم ناوەندەی لە شارەکانی سەردە شت، نەغەدە، پیراز شار، شـنۆ و بۆکان دامەزراند. سـاڵی ١٣٨٤ (٢٠٠٥) خولی فێرکاریی ڕێزمانی کوردی، وەکوو پێویسـتییەك هاتە نێو ڕیزی چالاکییەکانی سۆما و بەدووای ئەم هەنگاوە دا، نوێنەرایەتیی سۆما لە شارەکانی سەقز، بانە، سـنە، دیواندەرە، سـاحێب (لەناوچـەی سـەقز)، مەریوان، کامیاران، کرماشـان، جوانڕۆ، سـەولاوا، دێولان، قوروە، ماکۆ، سەڵماس، خۆی، هەرسین، شائاباد، گیلانی غەرب، ورمێ، تاران، سایینقەلا و بیجاڕ، دە ست بەکار بوو. فێرگەی زمانیی کوردیی سۆما تا ئێستاش توانیویەتی لە ١٨٠ ئاوایی و دێهاتی ناوچە جۆراوجۆرە کان خزمەتی بەردەوامی هەبێت و لە ٣٠ زانکۆی گەورەی ئێرانیش دا چـالاکیی فێرکاریی هەبێت. ئەم ناوەندە تا ئێسـتا بڕوانامەی فێربوونی خوێندنەوە و نووسـین بە زمانی کوردیی بە ٩٠٠٠ فێرخواز داوە. [28]

"ئەوانەی لەم ناوەندە وانە دەڵێنەوە، زۆربەی هەرە زۆریان لە شـاعیران و نووسـەرانی شـارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانن و تا ڕادە یەکی باش شـارەزاییان لە ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی هە یە. ئەوان خۆبەخشانە کار دەکەن". [29]

### ٢ـ سەرچاوەکانی دارایی ناوەندی سۆما:

ناوەندی سـۆما لەباری داراییەوە تەنیا بە داهاتی خۆی، کە لە کرێی ناونووسـیی فێرخوازان پێکهاتووە، پشـت ئەسـتوورە. دیارە بە ڕێوەبەریی ئەو ناوەندە چـەند جارێك هانای بۆ بەرپرسـانی حکوومەتی هەرێم بردوە، کە بەڵکوو هاوکاریی داراییان بکەن، بەڵام ئاکامێکی نەبووە. مانگانەیەك کە ناوەندی سـۆما لە بەشـداربووانی خولە کانی ئەم ناوە ندەوە وەری دەگرێت لە نێوان 4 تا 7 هەزار تمە ندایە و ئەویش

[28] ڕەحیم سوڵتانی سەرۆکی "کۆمەڵەی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما"، وتووێژێکی تایبەت ، بەفرانباری 1388 (سەرەتای ساڵی 2010)

[29] جەماڵ پوورکەریم (لە مامۆستایانی پێشووی ئەم ناوەندە و بەرپرسی سۆما لەشاری بانە)، وتووێژێکی تایبەت ، 1388/10/7

ئارەزوومەندانەیە، لەســەدا پەنجای فێرخوازان بە بێ پارە خولەکان تێپەڕ دەکەن، [30]ســۆما هەروەها لە فێرخوازانی ئاوابیەکانیش پوولّ وەرناگرێت.[*]

ناوەندی سۆما، کە لە ڕاستیدا لە چوارچێوەی مەهاباد دا مۆڵەتی کارکردنی هەیە ، بەڵام لە کردەوەدا پەلوپۆی بۆ زۆربەی شــارو ناوچــەکانی کوردســتان هاویشــتووە، شــوێن و جێگەی بەڕێوەبردنی خولە فێرکارییەکانی خۆی لە دوو ڕێگاوە دابینکردووە:

1ــــ لە مانگانەیەك(حەقی ناونووســی) ، کە لە فێرخوازانی وەرگرتووە. دیارە دەبێت بگوترێت خەڵك لەباری داراییەوە زۆرجار هاوکاریی ســـۆمایان کردووە و تەنانەت کەســـانی ئەوتۆ هەبوون کە بە ڕواڵەت شوێنەکەیان بەکرێ بەم ناوەندە داوە، بەڵام بەکردەوە کرێیەکەیان لێ وەرنەگرتووە.

2ــ وەرگرتنی قوتابخانە دەوڵەتییەکان لە وەرزی هاویندا کە قوتابخانەکان دادەخرێن. جاری واهەبووە لە شــــارێك (بۆ وێنە شــــاری بانە) لە یەك کاتدا دوو قوتابخانە لەفەرمانگەی فێرکردن و پەروەردە بە مەبەســتی پێکهێنانی خولی فێرکردنی خوێندنەوەو نووســینی زمانی کوردی، وەرگیراوە. لەگەڵ ئەوەشــدا چونکە پێشوازیی خەڵك لە فێربوونی زمانی کوردی یەکجار زۆر بووە، جێگا کەمبووە.

### ٣ـ بابەتی فێرکردنەکان و ماوەی خولەکان لە ناوەندی سۆمادا:

خولەکانی فێرکردن بە پێی مادده و بابەتی فێرکردنەکان لەباری ماوەوە، جیاوازە. لەســــەریەك بە پێی بارودۆخی ناوچــــەو پێکهێنانی ناوەندەکە، لانی زۆری ماوە بۆ خولێکی فێرکردن ســـێ مانگە. خولی ڕێنووســــی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی لە ماوەی یەك مانگدا (هەموو ڕۆژێك و ڕۆژی دوو کاتژمێر) تەواو دەکرێت. خولی ڕێنووســــی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی، یەك مانگ و نیوی دە خا یا نەدێت (ڕۆژی دوو کاتژمێر)و خولی ڕێزمان دوو مانگ دەخایانەنێت (ڕۆژی دوو کاتژمێر). بە بەشـــداری لەم خولانەدا فێرخواز بە تەواوی شـــارەزایی لە نووســــین و خوێندنەوەی کوردیدا پەیدا دەکات و تا ڕادەیەکیش فێری ڕێزمانی کوردیدەبێت.[31]

خولەکانی فێرکردنی ســۆما بە هۆی کەســانێکەوە بەڕێوە دەچــن، کە ئەم ناوەندە بڕوانامەی تایبەتیی پێداون. خوازیارانی مامۆســتایەتی و کەســانی کەمتاکورتێك شــارەزا لە خوێندنەوەو نووســین بە زمانی

---

[30] ڕەحیم سولتانی، سەرچاوەی پێشوو

[*] بەرپرسی پێشووی سۆما لە بانە (جەمال پوورکەریم) دەڵێت: ئێمە لە هەر فێرخوازێك حەوت هەزار تمەنمان وەردەگرت و دوو CDو کتێبێکی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردیمان دەدایە. (وتووێژێکی تایبەت ، 1388/10/7)

[31] جەماڵ پوورکەریم، سەرچاوەی پێشوو

کوردی، دووای تاقی کردنەوە لە لایەن ئەم ناوەندەوە بڕوانامەیان پێدەدرێت و وەك مامۆســـتا ڕێگەیان پێدەدرێت خولی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بکەنەوە.

لە خولەکانی فێرکردندا ئەو فێرخوازانەدەتوانن بەشداری بکەن، کە پیتەکانی ئەلفوبێی فارسی بناسن، واتە خوێندەوارییەکی سەرەتاییان هەبێت. لەم خولانەدا لە منداڵێك، کە تا چواری سەرەتایی خوێندووە، بەشدار دەبێت تا دەگاتە سەرووتر لە دیپلۆم (فوق دیپلم)و لیسانس.

سۆما توانیوێتی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك، لەم بەشانەی خوارەوەدا تێکۆشانی هەبێت:

١ــ ڕێنووس بە ئەلفوبێی عەرەبی، ٢ــ ڕێنووس بە ئەلفوبێی لاتینی، ٣ــ ئاشنایەتی لەگەڵ ڕێزمانی کوردی، ٤ــ ئاشنایەتی لەگەڵ شێعری کوردی،٥ــ ئاشنایەتی لەگەڵ پەخشانی کوردی، ٦ــ ئاشنایەتی لەگەڵ فولکلۆری کوردی.

بەشـدارانی ئەم خولانە زۆرتر لاوانن و پێشـوازیی کچـان لە کوڕانیش زیاترە. دیارە خولەکان تێکەڵاون، کچ و کوڕو ژن و پیاو وێکرا تێیاندا بەشـــدار دەبن. ئەم تێکەڵاوییەش زۆرجار لەگەڵ ڕەخنەو ناڕەزایەتی دەربڕینی کاربەدەســـتانی دەوڵەتی لە ناوچـــەکەدا بەرەوڕوو بووە. خەڵك لەســـەرەتادا بە پارێزەوە لەم خولانەدا بەشـــدار دەبوون و لەوە دەترســـان ســـەبارەت بە بەشـــداری لەم خولانەدا، بکەونە بەر ئازارو ئەزییەتی کاربەدەستانی ڕێژیم، بەڵام بەرەبەرە ئەم ترسە ڕەوییەوە.

### ٤ـ هەڵوێستی کاربەدەستان و دەزگا دەوڵەتتیەکان بەرامبەر سۆما:

"ســـۆما" ناوەندێکی ڕێگە پێدراوە. کاتی خۆی لە لایەن شـــووڕای شـــۆڕشـــی فەرهەنگییەوە مۆڵەتی کارکردنی پێدرا. دوواتر وەك کۆمپانیای هەرەوەزی (شـــیرکەتی تەعاونی) لە فەرمانگەی تۆمارکردنی" ئەســـنادو ئەملاك" تۆمار کرا. ســـەرەڕای ئەوەی مۆڵەتنامەی هەبووە، بۆماوەی دوو ســـاڵ لە لایەن فەرمانگەی هەواڵگری(ئیدارەی ئیتلاعات) ی مەهابادەوە، مۆڵەتی کارکردنیان پێنەدرا و ڕێی پێنەدراوە بانگەشــە و بڵاو کردنەوەی هەبێت، بەڵام دوواتر دووای کۆڵنەدانی بەڕێوەبەرانی ئەم ناوەندە و پێشــوازیی زۆری خەڵك لە کارەکەیان، وازیان لێ هێناون. سیا سەتی کۆماری ئیسلامی دوورەپەرێزی بووە لە سۆما، بەو واتایەی کە نە یارمەتیی ناوەندی ناوبراوی داوە، نە گرفتێکی ئەوتۆیان خستووەتە سەرڕێی. دیارە لە ڕێبەندانی ١٣٨٧ بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ ســـۆمایان داخســـت. کە پاش دەنگدانەوەی ئەم کردەوەیە لە میدیاکاندا هەر بۆخۆیان کردیانەوە.

فێرگەی زمانی کوردیی ســـۆما، چـــەندین جار داوای خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا خستووەتە بەر سەرنجی کاربەدەستان:

"ئەم ناوەندە لەســـەرەتای دروســـتبوونییەوە تا ئێســـتا زیاتر لە ١٠ نامەی بۆ ســـەرکۆمار، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئیرشاد و شوورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی ڕەوانە کردووە، کە لە پاش دانپێدانانی ئەم ناوەندانە، گەڕاونەتەوە بەردەستی ئەنجومەنی باڵای ئاساییشی نەتەوەیی و دووایە بێوەڵام ماونەتەوە و... . هەڵبەت سـۆما تەیار بوونی خۆی بۆ وەئەسـتۆ گرتنی باری فێرکاریی بەشـی زمانی کوردی (هەموو ناوچە کوردنشینەکان ڕاگەیاندووە و لەداهاتووشدا گرینگی بەم بابەتە دەدات". (32)

## ٥ـ کتێبەکانی ناوەندی سۆما بۆ فێرکردن:

ناوەندی سۆما دوو کتێبی خوێندنی چاپکردوون، کە لە خولەکانی فێرکردنی زمانی کوردیدا کەڵکیان لێ وەردەگرێت، ئەم دوو کتێبە(*)، بریتین لە:

١ـــــ "ڕێنووسـی کوردی". ئەم کتێبە بۆ فێربوون و فێرکردنی ڕێنووسـی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی (عەرەبی)، بەکاردەهێنرێت. کتێبەکە لە کۆمەڵێك وانە و چەندین دەق و ژمارەیەك ڕاهێنان پێکهاتووە.

٢ـ کتێبی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی "لاتینی". ئەم کتێبەش لە چەندین وانە، کۆمەڵێك دەق و ژمارەیەك ڕاهێنان پێکهاتووە. چاپی کتێبەکان هەر لە (ناوەندی) سۆماو بە ئامێرێکی کۆنی ڕیسۆگراف بووە، ناوەند بۆخۆی کاغەزو مەرەکەب(حیبر) و فیلمی کڕیوەو بەم جۆرە پەرتووکی هەموو لقەکانی سۆمای دابینکردووە.

---

(32) ڕەحیم سولتانی، سەرچاوەی پێشوو

(*) - زانیاریی زیاتر لە بارەی کتێبەکان بەم جۆرەیە:

ڕەحیم سولتانی، ڕێنووسی کوردی، کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما، مەهاباد،2003

ڕەحیم سوولتانی، خوێندنو نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین ، کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما، مەهاباد،

## پاری سێهەم: خوێندن بە کوردی لە سایەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و پارتە کوردەکاندا

### أ) خوێندنی کوردیلە سایەی بزووتنەوەی سمکۆی شکاکدا:

لە ســـەردەمی دەســـەڵاتدارەتیی ڕەزاشـــادا، ئەگەر تاکە هەوڵێك بۆ خوێندن بە زمانی کوردی بووبێت هەوڵەکەی عەبدولرەزاق بەدرخان لە شـــاری "خۆی" بوو. لە ڕاســـتی دا، ئەم ڕووناکبیرە کوردە بە "دامەزرێنەری یەکەمین فێرگەی کوردی لە ئێران " دەژمێردرێت.(33)

"بەرلە دەســـتپێکردنی شـــەڕی یەکەمی جیهانی، سمکۆ لەگەڵ عەبدولرەزاق بەگ هاوکارو هاوبیر بوو. عەبدولرەزاق بەگ پرۆژەیەکی گەورەی بە مەبەســـتی ڕێکخســـتنی راپەڕین و پێکهێنانی کوردســـتانێکی سەربەخۆ لە مێشکدا هەبوو و بە پشتیوانیی سمکۆ دڵگەرم بوو. هەربە هاوکاریی ئەویش بوو، کە کۆمەڵەی جیهاندانیی پێکهێنا و یەکەمین قوتابخانەی کوردیی لە شاری خۆی کردەوە."(34)

کردنەوەی ئەم خوێندنگەیە لە ٢١ی تشـــرینی یەکەمی ١٩١٣ لە شـــاری خۆی، ڕووداوێکی گرنگ و مێژوویی بوو. یەکەمجار بوو کە مندالانی کورد دەیانتوانی بە زمانی زگماکی بخوێنن. هەر بۆیە بەم بۆنەیەوە ڕێوڕەسمێك پێکهات. لەو ڕێورەسمەدا عەبدولرەزاق و سمکۆ وتاریان پێشـکەش کرد و بە گەرمی ســـوپاســـی هاوکاریی ڕووســـیەیان کرد. ئەم هەوڵدانەی سمکۆ و عەبدولرەزاق لە قووڵبوونەوەی هەســـتی نەتەوەیی و گەشەکردنی ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕۆڵی هەبوو.(35)

لە ســـەرانســـەری ســـەردەمی دەســـەڵاتدارەتیی ڕەزاشـــادا تا خەرمانانی ١٣٢٠ (١٩٤١)، کە ئەم دەســـەڵاتە کۆتایی پێ دێت و هەلومەرجێکی نوێ لە ئێران و کوردســـتاندا دەســـتپێدەکات، جگەلەم نموونەیەی ســـەرەوە، کە نەیتوانیوە بەردەوام و درێژخایەن بێت، هەوڵێکی دیکە بۆ پێکهێنانی خوێندن بە کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدی ناکرێت.

---

(33) دوکتور کەمال مەزهەر، خەباتی رزگاریخوازیی کوردو ئازەر لە ئێران، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئازاد عوبێد، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ل 32

(34) نوشیروان مصطفی امین، تاریخ سیاسی کردها، ترجمە: اسماعیل بختیاری، سلیمانی، بنکەی ژین، 2006، ص 361

(35)دوکتور یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی گەلی کورد 1939ـ 1979، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2002، ل 23

## ب) خوێندنی کوردی لە سایەی کۆماری کوردستاندا:

### ١ـ پێشینەی داوای خوێندن بە کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا:

گەشـــە کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هەموو کات بایەخدان بە زمانی کوردیی بەدوواوە بووە. لە ڕۆژهەلاتی کوردســـتانیش، دووای خەرمانانی ١٣٢٠ و لاوازبوونی دەســـەلاتی ڕێژیمی پاشـــایەتی لە کوردســـتان کە گەشـــەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لێکەوتەوە، جارێکی دیکە دەرەتان بۆ بووژانـەوەی زمـانی کوردی هـاتـە ئـارا. پێشـــوازیی هۆگرانی زمـان و ئـەدەبیـاتی کوردی لـە گۆڤـاری "نیشـتمان"ی کۆمەڵەی ژێکاف، تامەزرۆیی خەڵکی کوردسـتان بۆ خوێندنەوە بە زمانێك نیشـاندەدات، کە دوو دەیە بوو بە توندی ســـەرکوتکرابوو.گۆڤاری نیشـــتمان، جگە لەوەی هۆگری بە زمانی کوردی و خویندنەوە و نووســـین بەو زمانەی پەرە پێدەدا،لاپەڕە و نووســـینەکانی خۆشـــی تەرخان کردبوو بۆ ئەو ســـتەمەیداگیرکەرانی کوردســـتان بە تایبەتی حکوومەتی ڕەزاشـــای پەهلەوی بە ســـەر زمانی کوردیدا ســـەپاندبوویان و ڕێگەیان نەدەدا گۆڤار و ڕۆژنامە بە کوردی بڵاو بێتەوە یا لە قوتابخانە پێی بخوێندرێت. (36)

بایەخدان بە زمانی کوردی لەلایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو ســەردەمەدا بە ڕادەیەك بوو، کە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردســـتاندا، گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی کوردی درا. لە بەندی دووهەمی ئەم بەیاننامەیەدا، داوای مافی خوێندن بە زمانی زگماکی کراوە و گوتراوە تەواوی کاروباری ئیدارەکان لە کوردستان دەبێت بە زمانی کوردی بێت.[37]

"ئەمە بەم مانایە بوو دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان دەیانزانی زمان نیشـــانەی هەرە گرینگ و هەرە ئەساسیی فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەکە و بە بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی ڕێگا خۆش

---

[36] نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژ.ك و ڕۆژنامەوانیی نهێنی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی(1938ـ1958)، ڕۆژنامەوانی ی نهێنی،بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەم، سلێمانی،2004،لاپەڕەکانی 42ـ46

[37] د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، 2002، ل 35

دەکرێ بۆ ئەوە هەم گەلی کورد بە مافی خۆی بگا و هەم بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەییش هەلومەرجێکی لەبار پێك بێ".[38]

## ٢ـ بەکوردیخوێندن لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا:

دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا، کۆماری کوردســـتان بە ســـەرۆکایەتیی پێشـــەوا قازی محەممەدی دامەزراند، ئەم کۆمارە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کوردی لەم بەشەی نیشتمانەکەی وەدیهێنا: زمانی کوردی کرا بە زمانی فەرمی، کرا بە زمانی خوێندن و نووسین و لە فەرمانگەکاندا کاری پێکرا. تەنانەت وتاری ڕۆژانی هەینییش کرا بە کوردی. لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی کۆمارەوە، لەسەر فەرمانی پێشەوا داوا لە خەڵکی مەهاباد کرا هەر کەسێك کوڕو کچـــی هەبێت، کە تەمەنی بۆ خوێندن بشـــێت، دەبێت بینێرێتە قوتابخانە و ڕاشـــگەیەندرا کە لەمەودوا خوێندن لەقوتابخانەکان بە کوردی دەبێت: [39]

کۆماری کوردستان باوەشی بۆ ئەو کوردانە کردەوە، کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ خزمەتی کۆمار و ئەم بەشـــە ئازادەی نیشـــتمانەکەیان ڕوویان کردبووە مەهاباد. لەم نێوەدا مامۆســـتایانێك کە ئەزموون و پســـپۆریی وانەوتنەوە بە زمانی کوردییان لە باشـــووری کوردســـتان هەبوو، کەڵکی زۆریان لێوەرگیرا. خوێندن بە زمانی کوردی، ســـنووری پایتەختی بەزاند و شـــارەکانی دیکە بەتایبەتی شـــاری بۆکانیشی گرتەوە.

ئارچیبالد ڕۆزڤێڵت، لە بارەی وانە وتنەوەی ئەو ڕۆژانەی مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا دەنووسێت:

"ســـەرەتا مامۆســـتایانی کورد ناچـــار بوون لە پۆلەکانی دەرس گوتنەوەدا فارســـی بە زار بۆ خوێندکاران وەرگێڕن. بەڵام پێش ڕووخانی کۆمار کتێبی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندنی ســـەرەتایی چـــاپ کرابوون..... تەنانەت خولی ئێواران کرابۆوە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بۆ بە ســـاڵاچـــووەکان و، زمانی کوردیش بوو بە زمانی خوێندن." [40]

---

[38] سەرچاوە،ی پێشوو، ل 36

[39] ڕەفیق ساڵح و سەدیق ساڵح، کتێبی ڕۆژنامەی "کوردستان" چاپی یەکەم، هەولێر، 2007، ل 35

[40] د. هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان (1943 ـ 1947)، ل 33

دەســـــەڵاتی نوێدامەزراوی کورد، هەروا کە خوێندن بە زمانی زگماکی بە مافی بێئەملاوئەولای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەزانی، لە دابینکردنی ئەم مافە بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ژێر دەســـــەڵاتی کۆماریش کەمتەرخەم نەبوو.

لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦) لە شــاری تەورێز پەیمانێکی دۆســتایەتی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردســــتان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا لەلایەن دوو هەیئەتی فەرمییەوە بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و جەعفەری پێشەوەری، مۆر کرا. لە بەندی ٦ی ئەو پەیماننامە ٧ بەندییە دا هاتووە، کە:

حکومەتی میلليی ئازەربایجان بۆ پێشــخســتنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو کوردانە، کە لە خاکی ئازەربایجاندا دەژین و حکوومەتی میلليی کوردســتانیش بۆ پێشــخســتنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانییانەی، کە لە خاکی کوردستاندا دەژین، بە پێی توانا هەوڵدەدەن.(41)

"....هاوکات لەگەڵ دامەزرانی قوتابخانە و بەرێوەبردنی گەلێك چـالاکیی دیکەی فەرهەنگی لە مەهاباد، قوتابخانە بۆ منداڵانی جوولەکەی نیشتەجێی ئەم شارەش دەستەبەرکرا. بۆ ئەوەی زمانی زگماکیی خۆیان فێربن و لە هەموو قۆناغەکانی فێرکاری و پەروەردەییدا لەگەڵ قوتابیانی دیکەی نیشـــتمان یەکســـان و بێجیاوازی بن."(42)

بە ڕووخانی کۆماری کوردستان، چرای هومێدی کوردان لەم بەشەی نیشتمانەکەیاندا کوژایەوە. جارێکی دیکە ڕۆژگارێکی ڕەش لە مێژووی کورددا دەستی پێکردەوە. نەك هەر کۆتایی بە خوێندن بە زمانی کوردی هات، بەڵکوو نووسین بە کوردی و چاپەمەنیی کوردی قاچاغ بوونەوە.

## پ) خوێندنی کوردی لە سایەی پارتەکانی کوردستاندا:

### ١ـ قۆڵهەڵماڵین لە دانانی یەکەم کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی:

هەوڵدان بۆ بەڕێخســـتنی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دوای ســـەرکەوتنی شـــۆڕشـــی ١٩٧٩ی ئێران دەگەڕێتەوە.ساڵی ١٩٧٩ حیزبی دیموکراتی کوردستان کە گەورەترین هێزی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتاندابوو، هێشــتا بنکەکانی لە شــارەکاندا بوون، کە کەوتە بیرکردنەوەلە دانانی کتێبی خوێندن بە

(41) د. عەبدولرەحمان قاسملوو، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی،2002، ل74

(42) بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون، پێشەوای ڕابوون، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: هاشم سەمیمی، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی. چاپی یەکەم 2007، هەولێر، ل 76

زمانی کوردی. بە تایبەتی چـــونکە هیوایەکی هەرچـــەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە ڕێژیمی نوێ مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ مندالآنی کورد بەفەرمی بناسـێت. بەڵام کاتێك دەوڵەت، کوردسـتانی خسـتە ژێر گەمارۆی ئابووری و قوتابخانەکانی لادێی داخستن و نەخۆشخانە و دەرمانگەکانی بێ دوکتور و دەرمان هێشـــتنەوە، ئەرکی ئەو حیزبە قورســـتر بوو، بیرکردنەوەی خێرا لە وەڕێخســـتنی قوتابخانەکانی لادێ و هێندێ نەخۆشـــخانە و دەرمانگە بۆ چـــارەســـەری نەخۆش و بریندارەکان پێویســـتییەکی زیاتری پەیدا کرد.[43]

کۆمیتەیەکی سەرانسەری کە پێشتر بۆ دانانی کتێبی خوێندن ڕاسپێردرابوو، بەرلە دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردســـتان لە گەلاوێژی ١٩٧٩ دا، هێندێك کۆبوونەوەی کردبوو و پێشـــنووســـی کتێبێکی خوێندنی ئامادە کردبوو،[*] بەڵام بەهۆی هەڵگیرســـانی شـــەڕ لە کوردســـتان و ڕووداوەکانی دوواتر، لە ســـاڵی خوێندنی ١٣٥٩ـــــ ١٣٥٨ دا، پرســـی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان دووا کەوت.

### ٢ـ دامەزرانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان:

ساڵی خوێندنی ١٣٥٩ ـــ ١٣٦٠ (١٩٨٠ ـــ ١٩٨١)، لە دووای دەورەی دووهەمی هێرشی کۆماری ئیسـلامی بۆ سـەر کوردسـتان دەسـتیپێکرد[**]. ئەم شـارو ناوچـەو گوندانەی لە ژێر کونترۆڵی ڕێکخراوە سـیاسـییەکان و هێزی پێشـمەرگە دا بوون، لە لایەن دەسـەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆیەکی هەمە لایەنەیان خرایە سـەر. قوتابخانەکان لەم شـوێنانە داخرابوون، مامۆسـتاو قوتابی بێ مووچـەو کتێب لە ماڵی خۆیان چـــاوەڕوانی ڕوونبوونەوەی بارودۆخەکە بوون. هومێد بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە

---

[43] عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، 1995، ل 262

[*] ئەحمەدی کاك مەمی، دانەری زنجیرە کتێبی "گوڵبەهارە" لە "کورتە مێژوویەکی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران ویادێك لە یەکەم کتێبی دەرسی زمانی کوردی و نووسەرانی لەم بەشەی کوردستان"دا، کەماڵ زەردەشتیان، محەممەد ئادەمی موکری، سەید ساڵح ئەیوبیان مەرکەزی و خۆی ناو دەبا، کە بۆ ئامادە کردنی پێشنووسی کتێبی دەرسی دەست بەکار بوون. مامۆستا مەلا قەسیم سەوجە، عەبدوڵڕەحمان وەهابزادەو، هونەرمەندی کۆچکردوو جەعفەر قازییش لەو کەسانە بوون، کە لەم پێوەندییەدا هاوکاریی زۆری ئامادەکەرانی پێشنووسی یەکەم کتێبی خوێندن بە زمانی کوردییان کردووە.

[**] دەوری یەکەمی شەڕ لە 28ی گەلاوێژی 1358(1979)، بە دووای فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد دەستی پێکرد و هەتا 26ی خەزەڵوەری ئەو ساڵە(کە پەیامی ئاشتی لە لایەن خومەینی بڵاو بۆوە، درێژەی کێشا .

**سیاسییەکانی کوردستاندا نەمابوو. نەشدەکرا منداڵانی ناوچە ئازادەکان هەر وا لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە. لێرەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، "کۆڕی بەڕێوەبەریی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان"ی پێکهێنا.**

**لە ڕێگەی ئەم کۆڕەوە، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات، سەرپەرشتیی قوتابخانەکان و کار و باری پەروەردەو فێرکردنی گرتە ئەستۆ. حیزبی دێموکرات لەم مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەستهێناو خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانەکان کرد[44] سەدان لاوی چالاك و دڵپاك بەدەم بانگەوازی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنەوە هاتن و بە ناوی مامۆستایانی شۆڕش" دەرگای قوتابخانەکانیان لە سەرانسەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا کردنەوە.[45]**

**هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی)و بە شوێن پەسندکرانی گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە[*]، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و نەخوێندەواری و پەرەپێدانی زانست و زانیاری لە بەشە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا، چەندین خولی پێگەیاندنی "مامۆستای شۆڕش" لە لایەن بەڕێوەبەریی کۆڕی پەروەردەوە، پێکهات. [46]**

**بەم جۆرە لە ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـــ ١٣٦١ (١٩٨١ ـــ ١٩٨٢)دا، کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەراسەریی کورد ستان سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکەو گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا کردەوەو سیاسەتی داخستنی قوتابخانەو نەخوێندەوار هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی پووچەڵکردەوە.**

---

(44) عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، 1995، ل. 263

(45)ئەحمەد کاکە مەمی، "گوڵبەهارە" (3)، هەولێر، 2003، ل. 298

هەتا 15ی خەرمانان ژمارەی ئەو کەسانەی خولەکانی 15 ڕۆژەی بارهێنانی مامۆستایانیان بە سەر کەوتوویی تێپەڕ کرد، بریتی بوون لە: بانە 16 کەس، بۆکان 50 کەس، مەهاباد 73 کەس، سەردەشت 90 کەس، پیرانشار 64 کەس، شنۆ 90 کەس، نەغەدە 25 کەس (سەرجەم 408 کەس لە یەکەمجار دا خولی مامۆستایەتیی شۆڕشیان دیت).

-(*)کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەی پووشپەڕی 1360(1981) ی خۆیدا ئەم گەڵاڵەیەی پەسەند کرد.بڕوانە کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، ژمارە 79، خەرمانانی 1360 (سێپتامبری 1980).

(46) گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی سەرانسەری کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە 79، خەرمانانی 1360 (سێپتامبری 1980).

له یه‌كه‌مسالّی خۆێندندا، بۆ حیزبی دێموكراتی كوردستان و كۆڕی په‌روه‌رده، وه‌ڕێخستنه‌وه‌ی په‌روه‌رده‌و فێركردن له‌ ناوچه‌ ئازاده‌كان و به‌ربه‌ره‌كانی له‌گه‌ڵ نه‌خوێنده‌واری، گرنگتر بووله‌ خوێندن به‌ زمانی كوردی. له‌ به‌یاننامه‌و ڕاگه‌یه‌ندراوه‌كانی ئه‌وسالّه‌ی حیزبی دێموكرات و كۆڕی په‌روه‌رده‌شدا ئاماژه‌یه‌كی ئه‌وتۆ به‌ خوێندن به‌ زمانی كوردی نابینرێت، به‌ڵكوو ئه‌وه‌ی زۆر گرنگیی پێدراوه‌، كرانه‌وه‌ی قوتابخانه‌كان و خوێنده‌وارییه‌.

كتێبه‌كانی خوێندنیش كه‌ له‌م ساڵه‌دا كه‌ڵكیان لێ وه‌رگیراوه‌، هه‌ر ئه‌و كتێبانه‌ بوون كه‌ له‌ شارو ناوچه‌كانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی ڕێژیمدا خوێندراون. دیاره‌ كۆڕی په‌روه‌رده‌و فێركردن هه‌ر بۆ ئه‌م ساڵه‌ش، فێربوونی خوێندنه‌وه‌و نووسینی كوردیی، وه‌كوو ده‌رسێك له‌ به‌رنامه‌ی كاری مامۆستاكانی شۆڕشدا داناوه‌. له‌ یه‌كه‌م خولی پێگه‌یاندنی مامۆ ستایانی شۆڕ شیـ شدا، وانه‌یه‌كی تایبه‌ت بۆ ڕاهێنانی مامۆ ستایان له‌گه‌ڵ خوێندنه‌وه‌ و نووسینی كوردیدا گونجاندووه‌. مامۆستایانی شۆڕش له‌ ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٦١ به‌ یارمه‌تیی ئه‌و وانه‌یه‌ و نامیلكه‌یه‌كی تایبه‌تی، كه‌ له‌ هێندێك ناوچه‌ بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ ئاماده‌ كرابوو، وێڕای وتنه‌وه‌ی ده‌رسه‌كانی دیكه‌ به‌ قوتابیان، فێری خوێندنه‌وه‌ و نووسین به‌ زمانی كوردییان ده‌كردن. له‌ باره‌ی شێوه‌ی وتنه‌وه‌ی كتێبه‌كانی خوێندن به‌ قوتابیان، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كتێبه‌كان هی "وزارت آموزش و پرورش جمهوری اسلامی ایران" بوون و به‌ زمانی فارسی نووسرابوون، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی مامۆستاكان و قوتابییه‌كانیش كورد بوون و خوێندن به‌ زمانی زگماكی یه‌كێك له‌ ئاواته‌ له‌مێژینه‌كان بوو، هه‌ر بۆیه‌ شیكردنه‌وه‌ی وانه‌كان له‌ لایه‌ن مامۆستاو وڵامدانه‌وه‌ له‌ لایه‌ن قوتابیان، به‌ زمانی كوردی بووه‌.

### ٣ـ هاوكاریی خه‌ڵك له‌ گه‌ڵ كۆڕی په‌روه‌رده‌:

"خه‌ڵكی گونده‌كانی كوردستانیش به‌ دانی یارمه‌تی و دابین كردنی بژیوو به‌ڕێوه‌چوونی مامۆستایانی شۆڕش، ئه‌ركی نیشتمانپه‌روه‌ری و نه‌ته‌وه‌خوازی و ئینسانیی خۆیان بۆ ڕامالّینی نه‌خوێنده‌واری له‌ كوردستان دا دڵسۆزانه‌و به‌رپرسانه‌ به‌ڕێوه‌ برد. هه‌زاران كیژو كوڕ و لاو و پیری نه‌خوێنده‌واری كوردستان به‌ ڕۆژ و به‌ شه‌و به‌ره‌و قوتابخانه‌كان وه‌ڕێ كه‌وتن و له‌ ژێر سێبه‌ری دار و ئه‌شكه‌وت و كونه‌ته‌یاره‌ و كه‌پر و ده‌وار و مزگه‌وت و كۆنه‌ قوتابخانه‌كان دا، بۆ خوێندن به‌ زمانی زگماكی خۆیان ئاوردوویان بۆ سه‌نگه‌ری ڕووناكی ده‌برد.

تەنانەت گەلێك گوندو شــوێن کە لە  نیزامی دوو هەزارو پێنســەد ســاڵەی شــاهەنشــاهیی ئێراندا قەت خاوەنی فێرگەو قوتابخانە نەبوون، قوتابخانەی شۆڕشیان لێ کرانەوە.

پشـتیوانیی خەڵکی کوردسـتان لە کرانەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە کوردی بێ وێنە بوو. بەڕاسـتی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون، وێڕای تفەنگی سەر شانیان و فیشەکدانی قەدیان و توورەکە نانی کۆڵیان، کتێبی خوێندنی کوردیشیان لە کۆڵەپشتی دا بوو".[47]

بۆ سـاڵی خوێندنی ١٣٦١ ـــــ ١٣٦٢، ژمارەی قوتابیان و ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادیان کرد. لە گەڵ ئەوەی هێرشی ئەرتەش و  سوپای پا سدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ  سەر ناوچەکانی ژێر دە سەڵاتی پێشمەرگە بەردەوام بوو و لەگەڵ هەر هێرشێکدا، ژمارەیەکی دیکە گوند و ناوچە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیســـلامی، بەڵام پیشـــوازیی خەڵك لە کۆڕی پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی و بایەخدان بە خوێندنی منداڵان و گەورەســـاڵان لە پەرەگرتندا بوو. خولی نوێ بۆ پەروەردە کردنی مامۆســـتای نوێ و هەروەها بۆ پتر پێگەیاندنی مامۆستایانی پێشوو کرانەوە.

**٤ـ مامۆستایانی شۆڕش :**

ئەو کەســانەی لە قوتابخانەکانی ناوچــەی ژێردەســەڵاتی پێشــمەرگەدا بە کوردی وانەیان  دەکوتەوە، پێیان دەگوترا"مامۆســتایانی شــۆڕش"، کە زۆربەیان کادرو پێشــمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردســتان بوون و  شانبە شانی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، کاری مامۆ ستایەتیشیان دەکرد. لە زۆر  شوێن هێندێ فەقێ و مامۆستای ئایینییش، وەك مامۆستای شۆڕش دەرسیان دەگوتەوە.

"لەو خولانەدا کەکۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستای شۆڕش کردبوونیەوە، چۆنیەتیی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، دەروونناسی، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی، کۆمەڵناسی، شێوەی وتنەوەی وانەی بیرکاری، هەڵســوکەوت لەگەڵ گوندنشــینەکان، خۆ بە دوورگرتن لە بەکار هێنانی وشــەی کوردیی داتاشراو، ڕوونکردنەوە لە سەر هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی ڕێژیمەکان بە مەبەستی تواندنەوەی گەلی کورد و لەنێوبردنی زمانی زگماکی، وەك وانە بە مامۆســـتایان دەگوترانەوە" [48]. یەکێکی دیکە لە

---

[47] ئەحمەد کاکە مەمی، گولبەهارە (3)، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلەکانی 1ـ9، هەولێر، 2003، ل. 299

[48] حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور، یەکێك لە بەرپرسانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن، لە وتووێژێکی تایبەتیدا، لە بارەی کارو تێکۆشانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان (تایبەت بەم لێکۆڵینەوەیە).ڕێبەندانی 1388(فێورییەی2010)

مادەکانی ئەم خولانە، چــۆنیەتیی وتنەوەی کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" بوو کە لە ســـەر ڕێبازی "باغچەبان" داڕێژرابوو.[49]

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٣٦١ ـ ١٣٦٢دا کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" کە حیزبی دێموکرات لە وڵاتی لوبنان چاپیکردبوو، گەیشتە دەست مامۆستایان و قوتابیانی ناوچە ئازادەکان. وەك لەمەو پێش باسکرا، کۆڕی پەروەردە لە نەبوونی کتێبەکانی خوێندن بە زمانی کوردی، کەڵکی لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی ئێران وەردەگرت، بەڵام کاربەدەســتانی کۆماری ئیســلامی لە کوردســتان تەنانەت نەیاندەهێشت کتێبی فارسی بگاتە دەستی قوتابییە کوردیخوێنەکان و بە هەموو تواناوە پێشیان بە هاتنی دەگرت.[50]

**٤ـ کتێبەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن:**

کۆڕی پەروەردە، بەرەبەرە کتێبی دیکەی خوێندنی بە زمانی کوردی ئامادە کردن. ئەم کتێبانە بریتی بوون لە:

١ـ خوێندنی زمانی کوردی (١)، بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی(کە پێشتر ئاماژەی پێکرا)

٢ـ زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٣ـ ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٤ـ خوێندنی کوردی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٥ـ زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٦ـ ئەژمێر بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٧ـ ژیان و خەبات(1) فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، تایبەتی گەورەساڵان

٨ـــــ "ڕێنوێنی مامۆســتا" (بۆ کتێبی "ژیان و خەبات"، فێرکردنی خوێندنەوەو نووســینی کوردی بە شێوەی داهێنەر")

چوار کتێبی یەکەم لەم کتێبە ناوبراوانە، ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) یان لە سەر نووسراوە،واتە لەم ساڵە دا چـاپ بوون. پێشــەکیی ئەژمێر و زانســتی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی ســەرەتایی لە مانگی ڕەزبەری ئەو

---

[49] ئەحمەد کاکە مەمی، گوڵبەهارە (3)، ل. 298

[50] د. حوسێن خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا، 1992، ل321

ساڵەدا (یەکەم مانگی کرانەوەی قوتابخانەکان) نووسراون. پێشەکیی "خوێندنەوەی کوردی" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٦١ دا نووسراون.

کتێبی ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب"ی فارسیی پۆلی یەکەمە.

کتێبی "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییش وەرگێڕدراوی کتێبی "علوم"ی پۆلی یەکەمی فارسییە، کە کراوە بە کوردی. [51]

کتێبیی "ئەژمێر" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب" و "علوم"ی پۆلی دووهەم بە زمانی فارسین. کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی "زانستی ئەزموون" بۆ پۆلی دووهەمیش هەر دوو کەسەکەی پێشوو، سەلاح وەهاب پوور(سامرەند) و عومەر ئەورامی (ئاسۆ) کردوویانە. کتێبی "ئەژمێر" بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی مێژووی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٩٨٩)ی لە سەرە و هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەکراوە کە بۆچی چاپی ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی تردا نەبووە.

دوو کتێبەکەی تر (ژیان و خەبات و ڕێنوێنی مامۆستا)، ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) چاپکراون.

**٦ـ دامەزرانی "کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە":**

ساڵی خویندنی١٣٥٩ــــ١٣٦٠ ی هەتاوی (١٩٨٠ــــ١٩٨١ی زایینی) خوێندنگاکانی شارو ناوچە ئازادەکان لە لایەن حکوومەتەوە داخران. لەوسەروبەندەدا لە بۆکان، "جەمعیەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان" بۆ داکۆکی لە مافی ئەو مامۆستایانە کە بە بۆنەی تێکۆشانی سیاسییەوە لە لایەن حکوومەتەوە لە سەر کار دەرکرابوون، پێکهات. ئەم کۆمەڵەیە، پاییزی ١٣٥٩ (بۆ ساڵی خوێندنی١٣٥٩ــــ١٣٦٠) خوێندنگەکانی بۆکانی کردەوە[52]دوواتر(سەرەتای پاییزی ١٣٦٠) کە حکوومەت بۆکانی گرتەوە، کارنامەی ئەو ساڵە، کە "جەمعییەت" دابووی بە منداڵان، قەبووڵی کرد."[53]

دوای گیرانەوەی بۆکان، ئەندامانی جەمعییەت [*] لە شار هاتنەدەر. بەڕێوەبەرێتیی "جەمعییەت" تا ماوەیەك لە دێی "ئاجیکەند" بوو. هەندێك مەدرەسەی لە ناوچەکانی سەقز، بانە، بۆکان، مەهاباد و

---

[51] ئەحمەد کاکە مەمی، گوڵبەهارە (3)، ل. 300

[52] ناسر حیسامی، وتووێژ لەگەڵ لێکۆڵەر، بەفرانباری1388(ژانویە1020)

[53] ناسر حیسامی، فرمێسك و پێکەنین (بیرەوەری)، ماڵپەڕی شارستێن

[*] به پێی بیرەوەرییەکانی ناسر حیسامی، ئەندامانی جەمعیەت بە شێوەی سەرەکی لایەنگری کۆمەڵە بوون، بەڵام کەسانی سەربەخۆ، ناحیزبی و هەروەها لایەنگر و ئەندامی حیزبەکانی دیکەش، لەوانە حیزبی دیموکراتی کوردستان و چریکە فداییەکان وەی دیکەش هەبوون. دووای هاتنەدەر لە بۆکان تا ڕادەیەکی زۆر بڵاو بوونەوە، هەرکەس لە گەڵ حیزبی خۆی، چوونە شوێن و ناوچەی جۆراوجۆر.

ســـەردشـــت کردەوە. لە هاوینی ١٣٦١(١٩٨٢) کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بڕیاری دا "کۆمیســـیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە" پێکبهێنێت. [54]

کۆمیسیۆنی فێرکردن وبارهێنانی کۆمەڵە لە ژمارەیەك لە ئاواییەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان و سەقز، سەرجەم نزیکەی ٦٠ تا ٧٠خوێندنگەی کردەوە. [55]

## 7ـ ئامانجەکانی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە:

ئامانجەکانی کۆمیســـیۆنی ناوبراو، لە بەڕێوەبردنی ئەرکی فێرکردن و بارهێنان لە کوردســـتان، بریتی بوون لە:

"خوێندەوار کردنی گشـــتی و بەربەرەکانی لەگەڵ نەزانی و نەخوێندەواری، دارشـــتنی پێڕەوێکی نوێی فێرکردن لە سەر بناغەیەکی زانستی، فێرکردن و پەرەپێدانی زانست و فەرهەنگی زانستی و شۆڕشگێڕانە و بەربەرەکانێ لەگەڵ فەرهەنگی کۆنەپەرســـتانە و خورافاتی، رێخۆش کردن بۆ فێرکردنی ســـۆســـیالیزمی زانســـتی و بەربەرەکانێ لەگەڵ... هەر فەرهەنگێك کە لە خزمەت خەرفاندن وفریودانی جەماوەر و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی گەندەڵی سەرمایەداری دابێت." [56]

لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بۆ سەرەوەش بە زمانی فارسی دەخوێندرا. لەخولەکانی خوێندەوار کردنی گەورە ساڵاندا، کە لە لایەن ئەم کۆمیسیۆنەوە پێکدەهاتن، خوێندن بە زمانی فارسی بوو. " لێکدانەوەکە ئەوەبوو کە بۆ گەورە ســـاڵان زیاتر ئەوە بەکاردێت بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ کۆمەڵگای ئێران، ڕۆژنامە خوێندنەوە، کار پەیداکردن و....هتد." [57]

## ٨ـ خولەکانی پێگەیاندنی مامۆستا:

---

[54] ناسر حیسامی، وتووێژێکی تایبەت ، بەفرانباری 2010

ئەحمەدی کاکەمەمی ئەم دوو کتێبەی کردوون بە کوردی و سەلاح وەهابپوور و عومەر ئەورامی کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی ئەم دوو کتێبەیان کردووە.

[55] سەرچاوەی پێشوو

[56] سەرەتا (پێشەکی)ی یەکەم کتێبی دەرسیی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە (کتێبی ئەلفو بێ)، 1362 (1983).

[57]ناسر حیسامی، سەرچاوەی پێشوو

یەکەم خولی ڕاهێنان  بۆ ئەو کچ و کوڕە لاوانەی دەیانەویست وەك مامۆستا لە خوێندنگەکانی سەر بەم کۆمیسیۆنە خزمەت بکەن، هاوینی١٩٨٢ لە دێی ئاجیکەند، بە بەشداریی ١٨کەس (ژن و پیاو) پێکهات.

خولی دووهەمی ڕاهێنانی مامۆستایان هەر ئەو هاوینە لە ئاوایی سیسێر لە ناوچەی سەردەشت بەڕێوە چــوو. خولی ســێهەمی ڕاهێنانی مامۆســتایان، لە نیوەڕاســتی پاییزی١٩٨٢دا، بە بەشــداریی نزیکەی ٢٠کەس کە لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان و مەهابادەوە هاتبوون، لە هاچیدەرێ ، پێکهات.[58]

لەو ٣خولەدا، کە بۆ ڕاهێنانی مامۆســتایانی کۆمیســیۆنی ناوبراو پێکهاتن، چــۆنیەتی وتنەوەی وانەی کوردی، شێوازی بارهێنان و مێژووی بزووتنەوەکانی کورد، وەك وانە دەگوترانەوە.

**٩ـ چۆنیەتیی ئامادەکرانی کتێبەکانی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنان:**

ئــەو کتێبــانــەی کۆمیســـیۆنی فێرکردن و بــارهێنــانی کۆمــەڵە بۆ خوێنــدن لــە قوتــابخــانــەدا کــەڵکی لێوەردەگرتن، هــەر بۆخۆی ئــامــادە و چـــاپی کردبوون. بۆ دانــانی کتێبــەکــانی خوێنــدن ، نزیکەی٢٠مامۆستایەك لەژێر ناوی" هیئت تدوین کتابهای درسی" (دەستەی دانانی کتێبەکانی خوێندن)دا ڕاسپێردرابوون. ئەم دەستەیە بە چەند گرووپ دابەش ببوون:

١ـ گرووپی خوێندنی کوردی، کە لە سەر ساغکردنەوەی ڕێنووسی کوردی کاریدەکرد و کتێبی خوێندنی کوردیی بۆ پۆلی یەکەم، دووهەم و سێهەمی سەرەتایی دەنووسی.

٢ــ گرووپی گەورەساڵان، کە کتێبی خوێندنی بۆ گەورە ساڵانی نەخوێندەوار دەنووسی. گرووپەکە دوو کتێبی بۆ ئاستی یەکەم و، دووهەمی فێرکردنی گەورەساڵان، بە فارسی نووسی.

٣ــ گرووپی سێهەمیش دابەش ببووە سەر 3گرووپی زانستی، ماتماتیك و کۆمەڵایەتی کە دەبوو لە سەر نووسینی پێوەندیدار بە هەر بووارێك بۆ قۆناغی سەرەتایی کار بکەن.[59]

کۆمەڵێك لەوکەسـانەی لە دانانی کتێبەکانی خوێندنی ئەم کۆمیسـیونەدا بەشـدار بوون، بریتی بوون لە: ١ـــ ڕەحیمی تلووعیفەڕ(خەڵکی بۆکان)، ٢ـــ ڕەشاد مستەفا سوڵتانی (خەڵکی مەریوان )، ٣ـــ حامید (خەڵکی خوراسـان)، ٤-ناسـر حیسـامی(خەڵکی مەهاباد)، ٥ـــ شـەهلا ئێلخانیزادە(خەڵکی بۆکان)، ٦ـ

---

[58]ناسر حیسامی، فرمێسك و پێکەنین (بیرەوەری) بەشی سێهەم، ماڵپەڕی شارستێن

[59] سەرچاوەی پێشوو

محەممەد میسری (خەڵکی مەهاباد)، ٧- عەتا خوڵقی (خەڵکی سنە)، ٨- شەهلا دانیشفەر (خەڵکی تاران)، ٩- نادری قازی ناسراو بە ئازاد(خەڵکی مەهاباد).[60]

کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، بۆشێوازی ڕاهێنان و دارشتنی وانەکان ئەو شێوازەی ڕەچاو دەکرد کە لە پێڕەوی خوێندنی ئێراندا باو بووە. لە کۆبوونەوەکانی دەستەی دانانی کتێبی دەرسیدا، هێڵی گشتیی نووسینی کتێبەکان و چوارچێوەی هەر وانەیەك دیاریدەکرا، هەر کەس گەڵاڵەی وانەیەکی ئامادە دەکرد، دووایی لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسیندا، گەڵاڵەکە قسەی لە بارەوە دەکرا و دوای گونجاندنی تێبینییەکان پەسند دەکرا. کتێبی "ئەلفو بێ" بۆ پۆلی یەکەم زۆربەی هەرە زۆری وانەکانی بەهاوبەشیی هەر دوو ئەندامانی دەستەی دانانی کتێبەکانی خوێندن ئامادە دەکرا.[61]

کتێبی" ئەلفوبێ" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، پێشتر ئەوکاتەی" جەمعییەتی موعەلیمان" هێشتا لە نێو شار(بۆکان) بوو، ئامادە و تەنانەت چاپیش کرا. بەڵام لەنێوشار بەجێما و لە نێوچوو. [62]

### ١٠- کتێبەکانی کومیسیۆنی فێرکردن وبارهێنانی کۆمەڵە بۆ خوێندن :

بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاندا، کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە سێ کتێبی لە ژێر ئەم ناوانەی خوارەوەدا ئامادەو چاپ کردن:

١- "ئەلف و بێ" (١) بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٢- "خوێندنەوەی کوردی" (٢) بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٣- "خوێدنەوی کوردی" (٣) بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٤ــــ ڕێنووس زبان کردی، کە بە زمانی فارسی و بە مەبەستی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی دانراوە. ئەم نامیلکەیە بۆ کە سانێکە کە زمانی فارسی دەزانن و لە ڕێگای بەراوردی پیتەکانی هەر دوو زمانەکەوە، فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی دەبن.[63]

---

[60] سەرچاوەی پێشوو

[61] سەرچاوەی پێشوو

[62] ڕەشاد مستەفا سوڵتانی، لە نامەیەکی تایبەت دا، 2010/2/9

[63] پێشەکی، نامیلکەی "ڕینووس زبان کردی"، ل 10

"کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمیش سەرەتا لە چاپخانەی کۆمەڵە بە ڕەش و سپی و دوواتر لە عێراق بە چـاپێکی باش چـاپکران . چـاپی دووهەمی ئەم سـێ کتێبە لە سـاڵی ١٣٧٢ (١٩٩٣)دا بووە.(*)

جگە لەم کتێبانەی ئاماژەیان پێ کرا، لە پێڕەوی فێرکردنی ئەم کۆمیسـیۆنەدا، چـەندین کتێبی دیکە هەبوون. لە پۆلی دووهەمی سـەرەتاییدا، کتێبەکانی "عولووم" و "ژمارەو پێوان" و، لە پۆلی سـێهەمی سـەرەتاییشـدا، جگە لە "عولووم" و "ژمارەو پێوان"، کتێبی "زانسـتی کۆمەڵایەتی"یش لە قوتابخانەدا خوێندراون.(**)

---

(*) ڕەشاد موستەفا سوڵتانی پێی وایە چاپی دووهەمی ئەم کتێبانە نەك لە عێراق، بەڵکوو لە ئەڵمان و بە یارمەتیی لایەنگرێکی دڵسۆزی کۆمەڵە چاپکراون.

(**) بڕوانە یەکەم وانەی کتێبی خوێندنەوەی کوردی (بۆ پۆلی دووهەم)و، دووایین وانەی کتێبی خوێندنەوەی کوردی (بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتایی) کە ناوی کتێبەکانیان براوە..

## بەشی دووهەم

# سەرنجگەلێك لەكتێبەكانی خوێندنی كوردی:

### پاری یەكەم: چەند سەرنجێك  لە كتێبەكانی كۆڕی پەروەردە و فێركردن و كۆمیسیۆنی بارهێنان

أ)كتێبەكانی كۆڕی پەروەردە:

١ـ كتێبی "خوێندنی زمانی كوردی":

٢ـ كتێبی"ژیان و خەبات ١ ":

ب)كتێبەكانی كۆمیسیۆنی بارهێنان:

١ـ كتێبی ئەلفوبێی  كوردی:

٢ـ كتێبەكانی خوێندنەوەی كوردی(٢و٣):

### پاری دووهەم: چاوخشاندنێك بە نێوەرۆكی كتێبەكانی ناوەندی سۆمادا

ا) كتێبی "ڕێنووسی كوردی" بە ئەلفوبێی عەرەبی:

ب) كتێبی خوێندنو نووسینی زمانی كوردی بە ئەلفوبێی لاتین:

پ)هەڵسەنگاندنێك بۆ كتێبی  Rênûsî Kurdî:

ت) چەند جیاوازیی كاری ناوەندی سۆما لەگەڵ ئەزموونەكانی پێشتر:

## پاری یەکەم: چەند سەرنجێك لە کتێبەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و کۆمیسیۆنی بارهێنان

### أ) کتێبەکانی کۆڕی پەروەردە:

١ـ کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی"

**کورتەیەك لە بارەی کتێبەکەوە:**

کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" کە ســـەر بەرگەکەی ژمارە "١"ی لە ســـەرە، یەکەم کتێبە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی ئامادە کراوە و چاپ بووە.(*) ئەم کتێبە هەر وەك لە ســـەر بەرگی دوواوەی نووســـراوە، لەلایەن "کۆڕی بەڕێوەبەری پەروەردە و فێر کردنی ســەرانســەری کوردســتان" چـاپ کراوە. دیارە چـاپ و بڵاو بوونەوەی کتێبەکە لە ســاڵی ١٣٦١ (١٩٨٢)دا بووە، بەڵام دانان و ئامادە کردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەهارو هاوینی ١٣٥٨ (١٩٧٩) کە هێشتا شارو ناوچەکانی کوردستان ئازاد بوون و هێزەکانی ڕێژیمی نوێ (کۆماری ئیسلامی) نەگەڕابوونەوە کوردستان.(64)

کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" بۆ خوێندنی منداڵان ئامادە کراوە. لە ٨٠ لاپەڕە پێکهاتووە. شوێنی چـاپ و ســاڵی چـاپی لە ســەر نەنووســراوە، بەڵام بە پێی زانیارییەکان ســاڵی ١٩٨٢ لە لوبنان چـاپ بووە.(**) ســـەرەتای کتێبەکە بە تابلۆ (لەوحە)و وێنەی ڕەنگی دەســـتپێدەکات و مەبەســـت لەم کارەش ئەوەیە مامۆستا بە یارمەتیی وێنەکان، قوتابیان لەگەڵ ناوەکانیان ئاشنا بکات.

لەلاپەڕەی ١٢ی کتێبەکەوە، فێرکردنی پیتەکان دەست پێدەکات.

---

(*) بەر لەو کتێبە، یەك دوونامیلکە و پەرتووك بە مەبەستی فێرکردنی ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو ببوونەوە. بەڵام تایبەت بە خوێندنی منداڵان لە قوتابخانەدا نەبوون.

(64) بڕوانە ئەحمەد کاکە مەمی، زنجیرە کتێبی گوڵبەهارە، وتاری "کورتە مێژوویەکی کتێبی دەرس خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران و یادێك لە یەکەم کتێبی دەرسی زمانی کوردی و نووسەرانی لەم بەشەی کوردستان"، هەولێر، 2003

(**) ئەو کات سەرکردایەتیی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین، لە بەیرووت بوو، بەو هۆیەوە کە ئەم ڕێکخراوە دۆستی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لە پێوەندی لە گەڵ چاپی کتێبەکە دا هاسانکاریی بۆ ئەم حیزبە کردووە.

کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" بۆ فێر کردنی پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی بە قوتابی، کەلکی لە ڕێبازی باغچـــەبان وەرگرتووە. ئەم ڕێبازە لە پێڕەوی فێر کردن و ڕاهێنان لە پەروەردە و فێر کردنی ئێراندا، ڕێبازێکی ناســـراوە و لە مێژە لە فێر کردنی مندالأندا لە ئێران کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ڕێبازی باغچەبان لە سەر ئەم بناغەیە دامەزراوە کە لە هەر وانەیەکدا یەك پیت فێری قوتابی دەکرێت.[65]

وانەکانی ئەم کتێبە تێکەڵاوێکن لە وێنەی ڕەنگی و نووســـین. وانەکانی یەکەم، تەنیا وشـــەیان تێدایە (ڕستەیان تێدا نییە)، وشـەکانیش لە سـێ پیت پێکهاتوون، هەر جارەی پیتێکی نوێ بە ڕەنگێکی جیاواز لە پیتەکانی دیکە لە توێی وانەیەکی خوێندندا فێری قوتابی دەکرێت. لە وانەکانی دیکە دا، وشـــەی چـوار پیتی و دوواتر پێنج پیتی دێتە نێو وانەکان و بەیارمەتیی ئەو پیتانەی پێشتر خوێندراون، پیتی نوێ فێری قوتابیان دەکرێت.

**"هەمزە" گرێکوێرەی ئەلفوبێی کوردی، لە کتێبی" خوێندنی زمانی کوردی" دا:**

لە ســـەر ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی و ژمارەی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی، ڕای جیاواز هەن.[66] لەگەڵ ئەوەی لە زمانی کوردیدا هەر پیتێك وێنەی فۆنیمێکە و بەم پێیە، ژمارەی پیتەکانی ئەلفوبێ، لەگەڵ فونیمەکان دەبێت بە قەدەر یەك بن ، بەڵام هێندێك ســەرچـاوە، لە کاتی باس لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی، جۆرێکیتر ڕەفتاریان کردووە و لە هێندێك پیت بۆ نواندنی دوو فۆنیم یان زیاتر کەڵکیان وەرگرتووە. واتە لە وێنە یا پیتی "ی" هەم بۆ نواندنی ( i)"ی" ی بزوێن و هەم بۆ نواندنی "ی"ی کۆنســـۆنانت( y) ، کەڵکیان وەرگرتووە. هەروەها لە جیاتی بە کارهێنانی وێنە یان پیتی جیاواز بۆ نواندنی فۆنیمەکانی (u)ی ڤاوڵ و ( w) ی کۆنسـۆنانت لە لیسـتی پیتەکانی ئەلفوبێدا تەنیا وێنەی "و" یان هێناوە. ئەمەش وای کردووە ژمارەی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی لە سەرچاوە جیاوازەکاندا جۆراوجۆر بێت.

[65] عەبدوللا حەسەنزادە، وتووێژێکی تایبەت لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، بەفرانباری 1388

[66] بۆ وێنە وریا عومەر ئەمین (د) لە کتێبی "چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی" دا دەڵێت: زمانی کوردی 36 فۆنیمی هەیە. غازی فاتح وەیس دەڵێت: 35 فۆنیممان هەیە (8 ڤاول و 27 کۆنسۆنانت). بەڵام عەلی ڕوخزادی 37 فۆنیم دەستنیشان دەکاٍت، کە لە زمانی کوردی دا هەن. لەم بارەیەوە بڕوانە: عەلی ڕوخزادی(د) ، آواشناسی و دستور زبان کردی، تاران، 1379، ل 45ـ46

بەڵام ڕەفیق شوانی دەڵێت: "زمانی کوردی لە ڕووی دیاریکردنی ژمارەی ئەو دەنکانەی کە زمانەکەی پێکدەهێنێت بریتتیە لە 36 دەنگ و لەم ڕووە شوێنی زمانی کوردی لە نێو زمانە 36 فۆنێمەکانە." **د.ڕەفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، هەولێر،2008،ل97**

کتێبی خوێندنی زمانی کوردی، ئەلفوبێی نوێی کوردیی لە لاپەڕەی ٦٥خویدا بەم جۆرە پۆلێنکردووە:

| | | |
|---|---|---|
| ئە ـە ە | ئیٚ ئێـ یٚ یٚ | ئۆ ۆ |
| ئا ا | وو | ئی ئیـ یـ ی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بـ ب | پـ پ | تـ ت | جـ ج |
| چـ چ | حـ ح | خـ خ | د |
| ر | ڕ | ز | ژ |
| سـ س | شـ ش | عـ ـعـ ـع ع | غـ ـغـ ـغ غ |
| فـ ف | ڤ ڤـ | قـ ق | کـ ك |
| گـ گ | لـ ل | ڵـ ڵ | مـ م |
| نـ ن | و | هـ ـهـ | یـ ی |

لەلاپەڕەی ٧٨ و٧٩ی کتێبەکەشـدا، کە ناوی پیتەکان هاتوون، ٣٠ ناو، واتە ٣٠ پیت هەن. جا ئەگەر لە لاپەڕەی **وێنە و دەنگی پیتەکانی "ئەلف و بێی نوێی کوردی"**دا وێنەی هەمزە (ئـــــ) نەك بە تەنیا،

بەڵکوو لە گەڵ وێنەی ڤاوڵەکانی (ە، ێ، ۆ، ا، وو، و، ی) دا خرابووە ڕوو، لە لیســـتی **"ناوی پیتەکانی ئەلف وبێ"**دا بە تەنیا و بە ناوی **"هەمزە"** بوونی هەیە. لە ڕیزی وێنە و دەنگی پیتەکانی ئەلفوبێی نوێی کوردی" دا (لاپەڕەی ٦٥)، هەر وەها فۆنیمی "ا" لەگەڵ هەمزە کەوتووەتە یەك خانەوە، وەك ئەوەی هەمزە بوونێکی سـەر بە خۆی نەبێت، بەڵام لە ڕێزی ناوی پیتەکاندا، پیتی "ا" هەیە و ناوی "ئەلف"ی لە سەر دانراوە.

هەڵکەوتنی بەم جۆرەی "هەمزە" لە نێو ڕیزی **"وێنەو دەنگی ئەلف و بێی نوێی کوردی"** و **"ناوی پیتەکانی ئەلف و بێی نوێی کوردی"**دا، کە کاری کردووەتە سـەر وانەکان و شـێوەی فێر کردنی پیتەکان، بۆ چۆنیەتیی تێگەیشتنی دانەرانی کتێبەکە لە هەمزە و ڤاوڵەکان دەگەڕێتەوە.

لە دووهەم وانەی تایبەت بە فێر کردنی پیتدا، فۆنیمێکی نوێ، کە مندالّی قوتابیی فێری دەکرێت **"ئا"**یە. لێرە دا **"ئـــ"** و **"ا"** وەك دوو فۆنیمی سەربەخۆ سەیر نەکراون. لە پێنجەم وانەشدا بزوێنی **"ە"** بەسـتراوەتەوە بە **"ئـــــ"**ەوە و هەوڵدراوە وێنەی فۆنیمێکی نوێ (**ئە**) فێری قوتابی بکرێت(واتە لەوێشـدا هەمزە بەدەنگێکی جیاواز یان فۆنیمێکی سەربەخۆ دانەنراوە):

دادە وەرە

دادە ئەوە ئاوە

دادە ئەوە نانە

**ئە** ـە ە

ئەم شـــتە لەو وانانەشـــدا کە دەیانهەوێت قوتابیان فێری پیتە نوێیەکانی (ێ، ی، ۆ) بکەن، دووپات دەبێتەوە.

لە کاتی دانانی کتێبەکە دا، لە نێو دانەران یا دەســـتەی ئامادەکاری کتێبەکە لەم بارەیەوە جیاوازیی بۆچوون هەبووە.(*)

---

(*) عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەك یەکێك لە شارەزایانی زمانی کوردی، کە دانەرانی کتێبەکە پرس و ڕاوێژی زمانەوانییان پێ کردوون، دەڵێت: "لەم بارەیەوە بۆچوونێکم هەبوو، کە زۆرم پێ لە سەرداگرت. ئەو کات مامۆستاکان لێشیان وەرگرتم. بۆچوونەکەم لە پێوەندی لەگەڵ حەرفی "ئا" یا "ئوو"یا "ئی" یا "ئۆ"دابوو. گوتم با ئێمە هێندە وەدووای فارسی نەکەوین. لە زمانی کوردیدا ئێمە لە جیاتی ئەم هەمووە "ئەی ئەوەل"(**ئـ**) و "ئەی دووهەم"(**ە**)، "ئای ئەوەل"(**ئا**) و "ئای دووهەم" (**ا**) ،"ئێی ئەوەل"(**ێ**) و "ئێی دووهەم"و ...هتد، دەڵێین: **"ا"** مان هەیە، وەکوو یەکێك لە دەنگە بزوێنەکان. **"ئـ"**شمان هەیە وەکوو دەنگی کۆنسۆنانت. با ئەویش یەکێك بێت لە پیتەکان. هەروەك دەنگی "ت" لەگەڵ "ا" دەبێتە "تا"، یان دەنگی "ب" لەگەڵ "ا" دەبێتە "با"، با دەنگی "ئـ" (هەمزە)ش لەگەڵ دەنگی "ا" ببێتە "ئا". بۆچی "با" دوو حەرفە، "نا" دوو حەرفە، بەڵام "ئا" دوو حەرف نیە؟ ئەوە قبووڵکرا و کتێبەکەیان پێ نووسی. بەڵام دوایە کە ئێمە چووینە شاخی و کتێبەکە لەکن ئەو مامۆستایانە مایەوە، دەسکارییان کردبوو

بەمجۆرە دەبینین دانەرانی کتێبەکە دانیان بە بوونی هەمزە وەك دەنگ و فۆنیمێکی ســەربەخۆ دانەناوە کە ئەمە جێگای ڕەخنەیە و بۆچـــوونێکی هەڵەیە. " فۆنیم یەکەیەکی دەنگییە کە جیاوازیی واتای پێکدەهێنێت." [67] بە پێی پێناسەکانی فۆنیم، هەمزەش یەکێك لە فۆنیمەکانی زمانی کوردییە، چونکە دەتوانێت گۆڕانی واتایی دروست بکا.بۆ وێنە:

نموونەی یەکەم : **بەز ڕەز ئەز**

نموونەی دووهەم : **ناو چاو ئاو**

هەر وا کە فۆنیمەکانی*//ب//* و*//ڕ//* بە چـــوونیان بۆ ســـەر فۆنیمەکانی *//ە//* و*//ز//* واتای جیاوازیان پێکهێنا،*//ئ//*ەش واتای جیاوازی دروســت کرد.لە نموونەی دووهەمیشـدا هەر وایە.ئەم جۆرە مامەڵەیەی دانەرانی کتێب لە گەڵ هەمزە لە کاتێکدابووە کە زۆر پێشـــتر، لە کتێبی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە باشووری کوردستاندا وەك فۆنیمێك سەیری هەمزە کراوە . ئەوان ئەگەر سەیری کتێبەکەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار یان کردبا[*] و لە ئەزموونی خوێندنی کوردی لە عێراق و کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی باشووری کوردستان کەلکیان وەرگرتبا، لەوانەبوو بە جۆرێکی دیکە لەم فۆنیمەیان ڕوانیبا.

### کەموکوورییەکانی ڕێنووسی کوردی لە کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی"دا:

ئەگەر چـــی هەوڵی دانەرانی کتێب ئەوە بووە، ئەو ڕێوشـــوێنانە وەبەرچـــاو بگرن کە کۆڕی زانیاریی کورد[**] لە نێوەڕاستی دەیەی حەفتای سەدەی بیستی زایینیدا بۆ نووسینی کوردی پێشنیاری کردوون

---

و وەختێك ئێمە ویستمان کتێبەکە چاپ بکەین تەماشامان کرد دەستیان تێوەرداوەتەوە. ئەوەی ئێستا لە کتێبەکەدا هەیە" "ئۆی ئەوەڵ" و ئۆی دووهەم" یا "ئی ئەوەڵ" و "ئی دووەم" ئەم پێڕەوەیە."

[67]ئەمیری حەسەنپوور، کێشەی زمانی رەسمی3–3، ماڵپەڕی سبەی، لینك: http://www.sbeiy.com/ku/article_detail.aspx?ArticleID=642&AuthorID=169&AspxAutoDetectCookieSupport=1

[*]بڕوانە وانەی"ئاو" لە کتێبی "ئەلف و بێ ی نوێ"ی ئیبراهیم ئەمین باڵدار بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی دا، کە وەزارەتی پەروەردە ساڵی 2007 چاپی کردووەتەوە.

[**] ئەنجومەنی (کۆڕی زانیاری کورد)لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە (29\8\1970) بایەخی بە دیاریکردنی ڕێنووسی کوردی دا و بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەی تایبەتی دانا و، لێژنە دووای چەندین کۆبوونەوە و لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، پێشنیارەکانی خۆی بۆ چارەسەری بەشێکی زۆر گرنگی کێشەکانی

(***)لە گەڵ ئەمەشـــدا کەم و کووڕی لە ڕێنووســـی کتێبەکەدا هەیە. دیارە کەموکووڕی و ناتەواوییەکانی ڕێنووسی کتێبەکە، بە ژمارە کەمن و لەو کەموکورتی و ناتەواوییانەن، کە لە بەرهەر هۆیەك بێت زۆر باون. بۆ نموونە:

**نەنووسینی "ی"ی ئیزافە و خستنەپاڵ و هتد:**

نەنووســینی "ی"ی ئیزافە یان "ی" خســتنە پاڵ (نیســبەتدان)، یان "ی"ی نیشــانەی ڕاناو لە کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی"دا بەرچاو دەکەوێت. ٦ نموونە لە پشتگوێخستن یان نەنووسینی "ی"ی ئیزافە یان "ی"ی نیسبەتدان، هەیە:

لاپەرەی ٣٦ "دەبێ بۆ ئاوەدانی [ئاوەدانیی] ئێران یارمەتی یەکتر بدەین

لاپەرە ٥٢ "ئاموژگاری [ئامۆژگاریی] مامۆستا "لامان زۆر بەڕێزە"

لاپەرە ٥٨ "ڕێوی(*****) [ڕێویی] فێڵباز پەلاماری بردە سەر مریشکەکان"

لاپەرە ٥٨ "مام ڕێوی [ڕێویی] گرت و کەوڵی کرد.

لاپەرە ٥٩ "خەڵکی هەورامان بە "کوردی [کوردیی] هەورامی" قسە دەکەن"

لاپەرە ٦٣ "ئێمە ئێرانین [ئێرانیین]"

لاپەرە ٦٦ " قورئان گەلان بۆ هاوکاری [هاوکاریی] یەکتر و ئاکاری جوان ڕێنوێنی دەکا"

پشــتگوێخســتنی پیتی "ی" لەم شــوێنانەدا،لە لایەن دانەرانی کتێبەکەوە لەیەکێك لەم دوو هۆیە بەدەر نییە :

- خۆبواردن لە دروستکردنی ئاڵۆزی بۆ منداڵ

ـــ هەستنەکردن بە پێویستیی بوونی "ی" یەکی دیکە لەم شـوێنانە و، زاڵنەبوون بە سـەر ڕێنووسـی دروستی کوردیدا.

## ١ـ کتێبی"ژیان و خەبات ١"

ڕێنووسی کوردی، گەڵاڵە کرد. ساڵی (1976) کۆڕ دەقی هەمان ڕێنووسی لە بڵاوکراوەیەکی هەژدە لاپەڕەییدا بڵاوکردەوە. **(مستەفا نەریمان، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگو ڕیشەوە، بەغدا (1981) لاپەڕەکانی 40، 46.)**

(***) مامۆستایان هێمن موکریانی و عەبدوڵلا حەسەنزادە، کە لە دەیەی حەفتایسەدەی بیستی زاییندا، لەهاوکارانی نزیکی کوڕی زانیاریی کورد بوون و بە شارەزای زمانی کوردی دەژمێردران، لە لایەن دانەرانی کتێبەکەوە، پرس و ڕاوێژیان لە باری زمانەوانییەوە پێکراوە.

(*****) لە هیچ شوێنێکی ئەم کتێبە و سەرجەم کتێبەکانی کۆڕی پەروەردە دا، پیتی "ر" لە سەرەتای وشەدا، چووکلەی لە ژێر یا لە سەر دانەنراوە.

"ژیان و خەبات ١" کتێبی "فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی تایبەتی گەورەساڵان"ە. ئەم کتێبە کە لە ١٤٤ لاپەرە پێك هاتوە، "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەیە کە وەك کتێبێك بە جیا چاپکراوە.

کتێبی "ڕێنوێنی مامۆســـتا" کە لە ١٤٦ لاپەڕە پێك هاتوە و وەك کتێبی "ژیان و خەبات" ســـاڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤) چاپ و بڵاو بۆتەوە.

ئەلفوبێیەك کە لەم کتێبە دا هاتووە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی "بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا نییە. لەم ئەلفوبێیەدا:

١ـــ هەر یەك "**و**" (واو) لە نێو پیتەکانی ئەلفوبێی کوردیدا هاتووە کە دەتوانێت وێنەی یەکێك لەم دوو فۆنیمە بێت:

"و" (W)ی کۆنسۆنانت، وەك هەتاو

و (U )ی ڤاوڵ، وەك کوڕ.

٢ـ هەمزە "**ئـ**"**(ء)** لەگەڵ ئەوەی لە لیستی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردیدا (لاپەڕەی ١٢٨ی کتێبەکە) وەك یەکەم پیت هاتووە و ئەم پیتەش، وێنەی فۆنیمێکی سەربەخۆیە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کتیبەکە دا ولە خشـــتەی" **دەنگ و وێنەی پیتەکان**"دا هەمزە (ء) بە تەنیا وەك فۆنیمێك، بەدی ناکرێت و بە یارمەتیی ڤاوڵەکان (ا، ە، ۆ، ی، ێ، وو) بوونی هەیە.

لە " **خشتەی** دەنگ و وێنەی پیتەکان" دا بەم جۆرە هاتووە:

***ئا ا ـ ئـ ـە ە ـ ئۆ ۆ ـ ئێـ ێـ ێ ـ { ئوو} وو ـ { ئو} و ـ ئیـ یـ ی***

کاتێکیش لاپەڕەکانی دوواتر هەڵدەدەینەوە و سەیری ئەم وشانە دەکەین، کە بۆ ئا شنا کردنی قوتابیان بە پیتەکان لە نێو وشەدا هاتوون (لاپەڕەکانی ١٢٤، ١٢٥ و ١٢٦ی کتێبەکە)، باشتر ناڕوونیی دانەرانی کتێبەکە، یا ساخنەبوونەوەیان لە سەر دەنگی هەمزە دەردەکەوێت. بڕواننە ئەم نموونانە (لاپەڕەی ١٢٥ ی کتێبەکە):

***ئا ا*** دنیا ـ ئاواڵە، چادر ـ باوە ـ ئامراز ـ ئاکام ـ شا

***ئۆ ـ ۆ*** کۆمار ـ وشکارۆ ـ گۆڕین ـ کۆمەڵ ـ بۆیە


***ئێـ ـ ێـ ێ*** ئێژم ـ دەدرێ ـ سێوك ـ پێ گەیشتن ـ ناترسێن

***ئە ـ ـە ە*** نامە ـ ناوچە ـ زەوی ـ ئەمڕۆ ـ ڕەخنە ـ تەنیا

***ئیـ ـ یـ ـ ی*** ئیمان ـ ئیلام ـ خوێناوی ـ هیوا ـ خەریك

هەروەها لە لاپەڕەی ١٢٧ ی کتێبەکەدا، تووشی ئەم نموونانە دەبینەوە، کە ئەوە نیشاندەدەن دانەرانی کتێبەکە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەمزە و ڤاوڵەکاندا ناکەن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ئا** | ئاسنگەر | **ا** | ڕەوا |
| **ئۆ** | ئۆمەر | **ۆ** | کۆمار |
| **ئێـ** | ئێران | **ێـ** | وەرزێر |
| **ئیـ** | ئیمان | **یـ** | بریندار |
| **ئە** | ئەرك | **ـە** | نەداری |




دیارە هەر ئەو بۆچوون و تێگەیشتنەی کە کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" ی پێنووسراوە، بە سەر دانەرانی ئەو دوو کتێبەشدا(ژیان و خەبات و ڕێنوێنی مامۆستا) زاڵ بووە. ئەمەش وای کردووە کاری قوتابی لە فێربوون و ناسینی فۆنیمەکان و پیتەکانی ئەلفوبێی کوردیدا دژوار بێت. بۆیە ئەو ڕەخنەیەی لەو پێوەندییە دا لە دانەرانی کتێبی"خوێندنی زمانی کوردی گیرا، لە بارەی دانەرانی ئەم دوو کتێبەشەوە لە جێی خۆیدایە.

"ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت بە زۆری زمانەوانە کوردییەکان دان بە بوونی هەمزە، وەکو فۆنیم لە زمانی کوردیدا نانێن. بەڵام لە ڕاستیدا دەنگێکە وەکو فۆنیمیش دەردەکەوێت لەم نموونانەدا: ئەز، ڕەز، بەز، نە ء ئەو.

بەڵام جێگای سەرنجە لە کوردیدا ئەم دەنگەیە لە ناوەڕاستی وشەوە نایەت، ئەمەش تایبەتێتی زمانی کوردی پێشان دەدات، دەنگی تریش هەیە لە شوێنی ترەوە نایەت وەکو دەنگی(ڕ) سوك و (ڵ)قەڵەویش..هتد، کە واتە دەنگەکانی زمانی کوردی ٣٧ دەنگن." [68]

**ڕێنووسی کتێبی "ژیان و خەبات":**

نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و هەروەها بە پیتی لاتینیش، لە چاو نووسینی هێندێك لە زمانەکانی دیکەی جیهان، کەم گرفتترە[69]، هۆیەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە نووسینی زمانی کوردیدا، بە زۆری چی دەگوترێت، هەر ئەوەش دەنووسرێت و چی دەنووسرێت هەر ئاواش دەخوێندرێتەوە.

لە ڕێنووسی کتێبی "ژیان و خەبات"دا ئەم بنەمایەی سەرەوە ڕەچاو کراوەو بە گشتی و تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین ڕێنووسێکی دروست لە نووسینی ئەم کتێبەدا ڕە چاو کراوە. جا سەرەڕای هەوڵی دانەران بۆ ئەوەی کەمترین هەڵەو ناتەواوی لە ڕێنووسی کتێبەکەدا هەبێت، هێندێك ناتەواوی و کەموکووڕیی ڕێنووسی بەرچاو دەکەون.

**نەبوونی یەك شێوە نووسینی وشەی لێکدراو یان داڕێژراو:**

لەم کتێبەدا وشەی لێکدراو، بەسەر یەکەوە و بەجیاش لەیەك هەیە . ئەم دیاردەیەش نەك هەر لە وانەیەکەوە بۆ وانەیەکی دیکە، یان لە لاپەڕەیەکەوە بۆ لاپەڕەیەکی دیکە، بەڵکوو لەیەك وانە و یەك لاپەڕەشدا، هەر دوو
شێوەکە دەبینرێت.

هیچ بنەما یان یاسایەکیش بەدی ناکرێت، کە بووبێتە هۆی ئەم فرەچەشنییە، پێدەچێت تەنیا سەلیقەی دانەرانی کتێب بووبێتە هۆی نایەکدەستبوونی ڕێنووسی ئەم جۆرە وشانە.

---

[68] ـ ڕەفیق شوانی(د)، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، هەولێر،2008، ل97

[69] ـوریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکیتری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، 2004، ل19

| لاپەرە | بەجیا | لاپەرە | بەسەر یەکەوە |
|---|---|---|---|
| ٥٤ | خێزان دار | ٥٤ | ڕێبەندان |
| ٥٧ | ئازادی خوازین | ٥٧ | کرێکارین |
| ١٠٩ | ئاشتی خواز | ٧٣ | هەوڵدان |
| ١٤٠ | بانگ هێشتنی | ٧٧ | خەزەڵوەر |
| ١٤٠ | پێ گەیشتن | ٧٧ | یەکتر |
| ١٢١ | پێك هێنان | ٧٩ | ڕووناکبیر |
| ١٢١ | ماین بڵاغ | ٨١ | ئاژەڵداری |
| ١٢٤ | بێ کەس | ٨٤ | هەڵسووڕ |
| ١٢٥ | تێگەیشتن | ٩١ | برینداره‌کان |

**پشتگوێخستنی جارجارەی "ی"یخستنەسەر(ئیزافە):**

لە کتێبی "ژیان و خەبات "یشدا نایەکدەستی لە پێوەندی لە گەڵ ڕەچاوکردنی"ی" یخستنەسەر(ئیزافە)، بەرچاو دەکەوێت. واتە هێندێك جار ئەم "ی"ی خستنەسەرە نووسراوە و لە هێندێك شوێنانیش پشتگوێ خراوە.جا ئەگەر بە ئەنقەستیش لە هێندێك شوێن (لەگەڵ هێندێك وشەدا ئەم "ی"ی ئیزافەیە نەنووسرابێت) لەوە ناچێت بە پێی یاسایەك ئەوە کرابێت. لێرەدا چەند نموونەیەك لە هەر دوو بارەکە دەخرێتە ڕوو:

**چەند نموونەیەك لە یەکدەست نەبوونی نشێوەی نووسینی وشەی لێکدراو یان داڕێژراو:**

| ڕەچاو کردنی "ی"یەکی دیکەی پێویست | | پشتگوێخستنی "ی"یەکی دیکەی پێویست | |
|---|---|---|---|
| نموونە | لاپەڕە | نموونە | لاپەڕە |
| ئێمە ئازادیی ئێرانمان دەوێ | ٥٧ | یارمەتی یەکتر بدەین*** | ٧١ |
| ئێمە دەبێ بۆ ئاوەدانیی ئێران... | ٧١ | بە بڕوای ئێوە ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد کامەیە | ٨٤ |
| ئێمە کوردین. ئێمە ئێرانیین* | ١٠٠ | هاوینان یارمەتی دایك و بابیان دەدەن | ٨٦ |
| ڕێژیمی پاشایەتی‌یان ڕووخاند** | ١١٥ | ژیان لە مەزرا یارمەتی مام بارام دەدا | ٨٦ |
| | | برایەتی و یەکێتی گەلانی ئێران لە هەموو کاتێك دا پێویستە | ١٠١ |
| | | حەز بە برایەتی و یەکێتی هەموو گەلانی ئێران دەکا | ١٠٨ |
| | | ژنان بۆ ڕزگاری خۆیان و گەلەکەیان دەبێ زیاتر هەوڵ بدەن | ١١١ |

**دیالێکتی کوردی لە دوو کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" و "ژیان و خەبات "دا:**

* ئەم "ی"یە نەك "ی" ئیزافە، بەڵکوو نیشانەی ڕاناو (ی کەسی یەکەمی کۆ)یە، ئەم "ی"یەش وەك "ی" ی ئیزافەکە دەکەونە دووای بزوێنی (ی)، لە گۆکردندا بە باشی دەرناکەوێت، کەچی لە نووسیندا وەك پێویست ڕەچاو کراوە.

** ئەم "ی"یە نەبزوێنە و پێی دەگوترێت ناوگری فۆنەتیکی، واتە هۆیەکی دەنگی هێناویەتە کایەوە نەك هۆیەکی وشەسازی یان ڕێزمانی .

*** ئەمە یەك ڕستەیە (ئێمە دەبێ بۆ ئاوەدانیی ئێران یارمەتیی یەکتر بدەین)، لە کەرتی یەکەمی دا نووسینی "ی"ی ئیزافە ڕەچاو کراوە (دەبێ بۆ ئاوەدانیی ئێران ...)، بەڵام لە کەرتی دووهەمدا پشتگوێخراوە.

کتێبەکانی "خوێندنی زمانی کوردی" و "ژیان و خەبات "، بەو زمانە ســـتانداردە نووســـراون، کە لە ســـەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردســـتاندا بوو بە زمانی فەرمیی ئەو حکوومەتە و لە قوتابخانەدا پێی خوێندرا و کاروباری دەوڵەتیی پێ بەڕێوە چوو.

لەو کاتەوە "شێوە نووسینی موکریان لەگەڵ سێ بەشە دیالێکتەکەیتری کرمانجیی خواروودا (سنە ـ سلێمانی، سۆران) جێگیر بوو". [70] ئەگەر چی کاریگەریی دیالێکتی موکریان بەسەر زمانی نووسینی ئەم کتێبانەوە دیارە، بەڵام زمانی کتێبەکان بۆ هەموو ئەو منداڵانەی بە دیالێکتەکانی دیکەی کورمانجیی خواروو قسەدەکەن، هاسانە. دانەرانی کتێب هەوڵیانداوە لە دەقەکاندا ئەو وشانە بە کار بهێنن کە گشتیگرن و زۆربەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لێیان تێدەگەن.

## ب) کتێبەکانی کۆمیسیۆنی بارهێنان:

### ١ـ ئەلفوبێی کوردی

کتێبی "ئەلف و بێ" کە تایبەتە بە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، شێوە (وێنە)ی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی کردووە بە دوو دەستە:

دەستەی یەکەم: *ا ، ـە ە ، و ، ۆ ، وو ، یـ ی ، ێـ ێ* (7 پیت)

دەستەی دووهەم: *ئـ ، بـ ب ، پـ پ ، تـ ت ، جـ ج ، چـ چ ، حـ ح ، خـ خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، سـ س ، شـ ش ، عـ ـعـ ـع ع ، غـ ـغـ ـغ غ ، فـ ف ،ڤـ ڤ، قـ ق ، کـ ک ، گـ گ ، لـ ل ، ڵـ ڵ ، مـ م ، نـ ن ، و ، هـ ـهـ ، یـ ی* . (٢٩ پیت).

بەم جۆرە لەم کتێبەدا ٣٦ وێنەی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی هەن. لە شـــێوە یان وێنەی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردیدا، تەنیا جیاوازییەک کە لە نێوان ئەم کتێبەو کتێبەکانی دیکەدا هەیە، دانانی چـــوکڵە یا "چەڵەمە" لە سەر پیتی "ر" یە. لە سەرچاوەکانی دیکەدا، وەک ئێستاش باوە، ئەم نیشانەیە لە ژێرەوەی پیتی "ر" دادەنرێت. بە دەگمەن سەرچاوەیەک دە ستدەکەوێت، کە نیشانەی " چووکڵە"ی لە جیاتی لە ژێرەوەی ئەم پیتە، لە سەرەوەی دانابێت.

کتێبی "ئەلف و بێ"دا هەر لە ســـەرەتاوە خۆی لە ســـەر پیتی هەمزە (ئـــــ) ســـاغ کردووەتەوەو وەک دەنگێکی کۆنسۆنانت، کە لە سەرەتای وشەدا دێت، ڕە چاویکردووە. گرنگیی ئەم کارە (ناساندنی هەمزە وەک کۆنســـۆنانت) بەبەراورد لە گەڵ کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی"ی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن لەوە

---

[70] د. عێزەدین مستەفا ڕەسوول، بۆ زمان، سلێمانی، 2005، ل، 112

دایە  کە لە کتێبی ناوبراودا، بوونی هەمزە (ئـــــــ) بە ڤاوڵەکانەوە بەســــتراوەتەوە ، قوتابی لە جیاتی هەمزەیەك لەگەڵ ٧ هەمزە (هەر یەکەی بە دەنگ و ناوێکی جیاوازەوە) بەرەورِوو دەبێت ، بەم جۆرە رِەوتی فێربوونی ئەلفوبێی  لێ ئاڵۆز دەبێت.

***شێوازی فێرکردنی ئەلفوبێ:***

کتێبی "ئەلف و بێ" لە  هەر وانەیەکدا پیتێکی نوێ فێری قوتابی دەکات. ئەمەش بۆ شــــێوازێکی فێرکردنی ئەلفوبێ کە لە مێژە لە ئێراندا کاری پێ دەکرێت و داهێنەرەکەی "ثمین باغچــــەبان"ـــــــــە دەگەرِێتەوە. دانەرانی کتێبەکە، ئەم شـێوازەیان رِەچـاو کردووە[71]و وایان کردووە کە لە هەر وانەیەکدا ـ وەك لە کتێبەکانی خوێندنی پۆلی یەکەمدا باوە ـ پیتی کلیل و وشەی کلیل هەبێت. [72]

## ٢ـ کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردی(٢ و٣)

**فێرکردنی وشەسازی، رِستەسازی و رِێزمانی کوردی لە کتێبی پۆلی دووهەمدا:**

فێربوونی رِێزمان لای منداڵ بە  شیوەی نارِاستەوخۆ، لەو کاتانەوە دەستپێدەکات کە منداڵ فێری یەکەم وشەکان دەبێت. لە قوتابخانەش لەگەڵ خوێندنی هەر وانەیەکدا ــ وانەکە پێوەندیی بە هەر شتێکەوە بێت ـــــ منداڵ نارِاستەوخۆ یاسا رِێزمانییەکانی لێ فێر دەبێت، بەڵام بەو هۆیەوە کە  سروشتی زانستی رِێزمان وشك و رِەقە و تێگەیشتنی یاسا رِێزمانییەکان بۆ منداڵ دژوارە، ئەم یاسایانە لە دووای پۆلەکانی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی، کەمکەم و بەرە بەرە منداڵانی قوتابی فێر دەکرێن.

لە کتێبەکانی خوێندنی "کۆمیســــیۆنی فێرکردن و  بارهێنانی کومەڵە"دا هەر  لە پۆلی دووهەمی سەرەتاییەوە هەوڵدراوە بە  شێوەیەکی سادەو ساکار قوتابی لەگەڵ وشەسازی، رِستەسازی و رِێزمانی کوردی ئاشنا بکرێت. بەشی زۆری رِاهێنانەکانی کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووهەم و سێهەم بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراون.

وێرِای ئەم هەوڵانەی ئاماژەیان پێکرا، لە کۆتایی هەموو وانەکاندا وشــــە نوێیەکان بە واتاکەیانەوە گونجێندراون. هەروەها لە کۆتایی زۆر لە وانەکاندا کۆمەڵێك وشــە دەســتنیشـانکراون بۆ ئەوەی قوتابی لە

---

[71] ناسر حیسامی، وتووێژ لەگەڵ لێکۆڵەر، بەفرانباری1388(ژانویە0 201)

[72] ناسر حیسامی، فرمێسك و پێکەنین (بیرەوەری)بەشی سێهەم، ماڵپەرِی شارستێن

ڕووی هەرکام لەوان، چەندجار بنووسێتەوە، کە ئەم جۆرە هەوڵانەش دە چنە خانەی ئا شناکردنی قوتابی بە وشەی نوێ.

**فێرکردنی ڕێزمان و یاساکانی دیکەی زمانی کوردی لە کتێبی پۆلی سێهەمدا:**

کتێبی "خوێندنەوەی کوردی ٣ "کە بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتاییە، بە سەرنجدان بە بەرەو ژوورچوونی ئاستی خوێندنی قوتابی و ئاشنا بوونی لەگەڵ هیندێك لە سەرەتاکانی ڕێزمانی کوردیدا، زانیاریی نوێ لەم بوارانەدا دەخاتە ڕوو و قووڵتر چووەتە نێو یاساکان.

دەکرێت بڵێین لەم کتێبەدا ئەم بوارانەی زمان بایەخی زیاتریان پێدراوە. هەر بۆیەش جگە لەوەی لە هەر کام لە ڕاهێنانەکانی کتێبەکەدا، وشەی نوێ و سەرنج و پرسیاری زمانەوانی بەدی دەکرێت، دوو "خۆهەڵسەنگاندن" لە نێوەڕاست و کۆتاییەکانی کتێبەکەدا هەن، کە هەر یەکەیان چەند دەستە پرسیاری لە خۆ گرتووە و بەشێکی بەرچاوی پرسیارەکانیش پێوەندییان بەلایەنی وشەسازی و ڕستەسازییەوە هەیە.

ڕاهێنانەکان، پێوەندییان بەم بووارانەوە هەیە: ناساندنی ڕاناوەکان، ناساندنی ئاوەڵناو، پێوەندی یا گونجاویی ناو و ئاوەڵناو، جۆرەکانی ناو، جیا کردنەوەی "ناو" لە وشەی دیکە، دروستکردنی وشەی لێکدراو، ڕاناوی سەربەخۆو ڕاناوی لکاو، هاوواتایی، دژە واتا، ئاشنا کردنی قوتابی بە ئاوەڵکاری کات، نیشانەی "کۆ" لەناو دا، وشەی هاوبنەماڵە، دۆخەکان و گەردانکردن، ڕابردوو، ڕانەبردوو .

***زمانی کتێبە کانی خوێندنی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە:***

وەك لە پێشەکیی کتێبەکانی خوێندنی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵەدا هاتوون، هەر کام لەو کتێبانە بە مەبەستی خوێندەوار کردنی منداڵان و مێرمنداڵانی کوردستان ئامادە کراون و بەشبەحاڵی خۆیان هەوڵدەدەن خوێندەواری بە زمانی دایك لە کۆمەڵی کوردستاندا پەرە پێ بدەن.[73] لەمەوە پێویستە بزانین "زمانی دایك" کە ئەم کتێبانەی پێ نووسراوە، چۆن زمانێکەو کام دیالێکتی ئەم زمانەیە.

---

[73] پێشەکیی خوێندنەوەی کوردی (هەم بۆ پۆلی 2، هەم بۆ پۆلی 3)، ل 1

کاری داڕشـــتنی وانەکان و دانانی کتێبەکانی خوێندن لە ناوچـــەیەك کراون، کە دەکەوێتە نێوان بۆکان و مەهاباد، کە هەر دوو ئەم شارانەو ناو چەکانی دەوروبەریان، لە موکریان هەڵکەوتوون. ئەو کە سانەیش کە کاری دانانی کتێبەکانی خوێندنیان کردووەو وانەکانیان داڕشـــتوون، بە زۆری خەڵکی شـــارو ناوچـــەکانی موکریان بوون. جگە لەمەش مەیدانی تێکۆشـــانی کۆمیســـیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، هەر لە موکریان بووە. ئایا ئەم هۆکارانە بوون بە هۆی ئەوە کە کتێبەکانی خوێندن بە دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاست و بە تایبەتی شێوە زاری موکریان نووسرابن؟

بەکار هێنانی ئەم دیالێکتە وەك زمانی نووســـین، بۆ کاریگەرییەکانی دەســـەڵاتی ماوەکورتی کۆماری کوردســـتان دەگەڕێتەوە کە وای کرد زمانی کوردی ببێتە زمانی خوێندن و نووســـین و ببێتە زمانی بەڕێوەبردن و کار و باری دەوڵەتی و یاسادانان. "نووسـین و خوێندن بە زمانی کوردی کەسایەتییەکی بۆ منداڵانی کورد بنیات نا، کە بوو بە هەوێنی درێژە کێشانی ئەم کەسایەتییە لە نەوەکانی دوواتردا".[74]

"کاتێك پێوەندییە زمانییەکان لە بوواری سـیاسـی و فەرهەنگی و بە شـێوەی دیالۆگێك و بە پێی کایە کۆمەڵایەتی، ســـیاســـی و ئابووری و فەرهەنگییەکان بکەونە گەڕ و حکوومەت و دامودەزگای دەوڵەتی بە فەرمی زمانی نەتەوەیی بەکار بهێنن، ئەم زمانە دەکەوێتە پرۆســـەیەکی گەشـــەو پەرەی بەدەوامەوەو شوناسی سیاسی لە ڕێگەی زمانەوە چوارچێوەی پێناسەکانی دیاریدەکرێت ... هەرچەند ئەو زمانەی کە ئەدەبیاتی سیاسیی پێ نووسراوە، دیالێکتێکی موکریانی بووە، بەڵام ئەم دیالێکتە توانی وەکوو بنەمایەك بۆ ئەزموونی ئێستای زمانی کوردی بەکار بێت. بە دڵنیاییەوە پەلوپۆی ئەو ئەدەبیاتە سیا سییە، کە بەم دیالێکتە نووسراوە زۆر کەمتر لە ئێستا بوو، چوونکە ئەو زمانەی کە ئێمەی کورد ئێستا پێی دەنووسین میراتی ئەو دیالێکتەی پێوە دیارە، بەڵام بە دیالێکت و وشـــەو دەســـتەواژەی دیکە ڕازێنراوەتەوەو دەوڵەمەندترە. [75]

---

[74] مەسعوود بابایی، کاریگەرییەکانی کۆماری کوردستان لە سەر زمانی کوردی، پاشکۆی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە 526، 4ی فێوریەی 2010، ل 3

[75] مەسعوود بابایی، سەرچاوەی پێشوو

## پاری دووهەم: کتێبەکانی ناوەندی سۆما

### ا) کتێبی "ڕێنووسی کوردی" بە ئەلفوبێی عەرەبی:

ئەم کتێبە ، لە پێشەکییەك، یانزدە وانە، چەندین دەق و ٢خۆ تاقیکردنەوەو فەرهەنگۆکێك پێکهاتووە و ٨٢ لاپەڕەیە. ڕاڤەی وانەکان بە زمانی فارسییە. دەقەکان بە کوردین. جگە لەوەی هەر وانەیەك کۆمەڵێك ڕاهێنان (چەند گرووپ پرسیار)ی بە مەبەستی تاقیکردنەوەی قوتابیو ڕاهێنانی فێرخوازی لەگەڵدایە، ٢خۆتاقیکردنەوەش لە کتێبەکەدا هەن، کە فێرخواز لە ڕێگای وەڵامدانەوەیان دەتوانێت ئاستی فێربوونو تواناکانی خۆی لە فێربوونی ڕێنووسی کوردیدا تاقی بکاتەوە.

ئەو شێوازە فێرکردنەی سۆما گرتوویەتە بەر "هەر ئەم ڕەوتە زانستییەیە کە لە کۆڕی زانیاریی کورد و زانکۆ و ناوەندە ئاکادیمییەکانی کوردستانو دەرەوەی وڵات لە سەری سوور بوونەتەوە و قانوونێکی سەراسەرییە کە لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان بە باشی جێکەوتووە." (76)

لە نووسینی کتێبەدا، دانەر هەوڵی ئەوە بووە نێوەرۆکی ئەو کتێب و نامیلکانەی لەبارەی شێوەی نووسینی زمانی کوردییەوە هەن، لەبەر چاو بگرێت و وێڕای ئەمانەتداری ئەوەندەی بۆی کراوە ئەو بابەتانەی هەڵبژاردوون کە زۆرایەتیی زانایان و نووسەرانی ئەم کتێبو نامیلکانە لە سەریان یەکگرتوو بوون. (77)

#### پۆلێنکردنی پیتەکانی ئەلفوبێ:

کتێبی ڕێنووسی کوردی، یەکەم وانەی خۆی بۆ باسی ئەلفوبێی زمانی کوردی تەرخانکردووە و ئەلفوبێی دابەش کردووەتە سەر دوو دەستەی **بێدەنگ**و **دەنگدار**. پیتە بێدەنگەکان ٢٩ و پیتە دەنگدارەکان ٨ پیتن. ئەو پیتانەشی دەستنیشانکردوون، کە لە ڕێنووسی کوردیدا هەنو لە فارسیدا نین: **ئـ ، ڕ، ڤـ ، ڵ.**

لە نێو پیتە دەنگدارەکاندا، دەنگی هەشتەم، کە ناوی براوە "بزرۆکە"یە.

ئاماژە بەم دەنگدارە لەم باسەدا بۆیە پێویست دەکات، چونکە لەو کتێبانەی خوێندندا، کە بۆ فێرکردنی ڕێنووس بۆ فێرخوازی نەخوێندەوار ئامادە کراون (کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" هی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرازسەریی کورد ستانو "ئەلفوبێ"هی کۆمیسیۆنی فێرکردنو بارهێنانی کۆمەڵە) ئاماژە بە

---

(76) ڕەحیم سوڵتانی، وتووێژ ی تایبەت ، سەرەتای بەفرانباری 1388

(77) - ڕەحیم سوڵتانی (هەژین)، کتێبی ڕێنووسی کوردی1، 2003،ل2

"بزرۆکە" نەکراوە. لە بارەی ئەم دەنگەوە لە وانەی پێنجەمی کتێبی "ڕێنووسی کوردی"دا ڕاڤەو زانیاریی تێرو تەسەل بەنموونەوە هەیە.

### تێگەیاندنی فێرخواز بە یارمەتیی بەراوردی ئەلفوبێی کوردیو فارسی:

وەك لە سەرەتای ئەم باسەدا گوترا، ناوەندی سۆما، ڕێنووسی کوردیی فێری ئەو فێرخوازانە دەکات، کە لانیکەم تا پۆلی چـــواری ســـەرەتایی خوێندەوارییان هەبێتو ئەلفوبێی زمانی فارســـی بزانن. کتێبی "ڕێنووســی کوردی" لەم شـارەزاییەی فێرخواز لە ئەلفوبێی فارسـی، بۆ فێرکردنی ئەلفوبێی کوردی کەڵك وەردەگرێت.

لە"**وانەی دووهەم**"ی کتێبی ناوبراودا هاتووە کە دوو پیتی دەنگداری **(ا، ی)** لە زمانی کوردیو فارسـیدا هاوبەشن و لە زمانی کوردی و فارسیدا چ لە نووسین چ لە گۆکردن (تلفظ) دا وەك یەکن. بۆ هەردووکیشیان نموونە هاتووەتەوە:

**دەنگداری (ا) کوردی:** تار، کار، زانا، هادی، ڕەعنا،

**فارسی:** تار، کار، دانا، هادی، رەعنا،

**دەنگداری (ی) کوردی:** دین، دیوار، دیتن، قیل(*)، ئەمیر،

**فارسی:** دین، دیوار، دیدن، قیر، امیر،

ئەم گرفتە لە پێوەندی لەگەڵ "و"ی ڤاوڵ "و"ی کونســـۆنانتیشـــدا هەیە و هەردووکیان بەم نیگارە **(و)**دەنووســـرێن. لە نووســـینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی دا بۆ "و"ی ڤاوڵ وێنەی U، بۆ "و"ی کونســـۆنانت ، وێنەی W، هەیە. بەڵام لە نووســـینی کوردی بە ئەلفوبێی عەڕەبیدا لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو فۆنیمە تەنیا لە ڕێگای وردبوونەوە لە هەڵکەوتیان لە بڕگەو فۆنیمی پێشو دووای خۆ یا ندا دەکرێت.واتە بە پێی دەوروبەرەکەی لە بزوێنەوە دەبێ بە نەبزوێن و بە پێچەوانەوە.

### سەرنج لە بارەی پیتی "ئـ"(هەمزە)وە:

لە بەراوەردی کتێبەکانی خوێندنی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن (خوێندنی زمانی کوردیو ژیانو خەبات) لەگەڵ کتێبی "ڕێنووسی کوردی"ی ناوەندی سۆمادا، ڕوانینی جیاواز لە بارەی پیتی "ئـــ"(هەمزە)ەوە هەیە.

---

(*) لە هێندێك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"قیر" بە "قیل" گۆ دەکرێت.ئەم دیادەیە لە هێندێك لەگوندەگانی پشدەریشدا بەدیدەکرێت.

کتێبی "ڕێنووســـی کوردی" ئەم پیتە وەك هەمزەی ســـەرەتای وشـــەکان دەناســـێنێتو بەمجۆرە باسیدەکات:

"ئەم پیتە لە زمانی کوردی دا، هەم لە گۆکردنو هەم لە نووســیندا هەســتی پێ دەکرێو لە ســەرەتای وشـــەدا دەنووســـرێ. دەبێت ئەمەشمان لەبیر بێ کە لە زمانی کوردی دا دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەنو وشەکانو بڕگەکان هەمیشە بە کۆنسۆنانت دەست پی دەکەن. هەمزەش بەم هۆیەوە کە لە سەرەتادا دێو بەدوایدا دەنگی بزوێن هەیە، کەوابوو پیتێکی کۆنسۆنانتە" (**) ل٣٥

ئەم ڕوانینە بە بەراوەرد لە گەڵ ڕوانینی دوو کتێبی ئاماژە پێکراو، کە لە جێی خۆیدا بە وردی باســـکرا،هەم لەگەڵ یاســـا فۆنەتیکییەکانی زمانی کوردی گونجاوترە، هەم فێربوونو لێتێگەیشـــتنی بۆ فێرخواز هاسانترە.

**داوای نووسینی وشەی بێگانە بە ڕێنووسی کوردی:**

کتێبی" ڕێنووســـی کوردی" هەر لەوکاتەدا کە بوونی وشـــەی زمانەکانی دیکە لە زمانی کوردی دا بە شـــتێکی زۆر ئاســـایی دەزانێت، پێیوایە پێویســـتە ئەم جۆرە وشـــانە لەگەڵ قەوارەی ڕێزمانی کوردیدا (مەبەست لە گەڵ گۆکردنەکانی زمانی کوردییە) بگونجێندرێن.

بۆ ئەوەی وشەی بێگانە (فارسیو عەرەبی)بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت، کتێبی ڕێنووسی کوردی لە سەرەتادا ئەم پیتانەی دەستنیشانکردووە، کە لە ئەلفوبێی عەرەبیو فارسیدا هەن، بەڵام لە کوردیدا نین. دوواتر جێوەگری ئەم پیتانەی لە ئەلفوبێی کوردیدا دیاریکردووە:

"لە وانەی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێ کرا کە لە زمانی کوردی دا بۆ نووســـینی ژمارەیەك لە کۆنسۆنانتەکانی عەرەبیو فارسی کە بریتین لە: **ت،ط، ذ ، ز،ض، ڤـــ ،ث،س،ص** لە سێ پیتی **ت، ز، س** کەلك وەردەگیرێت. هەروەها ڕوون کراوەتەوە کە ڤاوڵەکانیش لە [ڕێنووســـی]زمانی کوردی دا نەك بە شێوەی نیشانە بەڵکوو بە شێوەی پیت بەشداری لەدرووستکردنی وشەدا دەکەن".

کتێبی "ڕێنووســـی کوردی" بەرپەرچـــی ئەم بۆچـــوونە دەداتەوە، کە لەبەر پێکهاتنی گۆڕانی واتایی لە هێندێك وشەدا، دەبێت خودی وشەکە بە ئەمانەتەوە هەر بە ڕێنووسە عەرەبییەکە بنووسین.

---

(**) ئەم بۆچوونانەی لە کتێبەکە وەرگیراون زیاتر بۆ ئاگاداربوون لە نێوەرۆکی کتێبەکە و جۆری ڕوانینی لە ڕێنووسی کوردین، ئەگینا بۆچوونەکان لە زۆر شوێن ، تێبینی هەڵدەگرن. بۆ وینە هەر ئەم بۆچوونە، قسە هەڵدەگرێت. ئەم دەنگە لە کۆتاییشدا بەرگوێ دەکەوێت. بۆ وێنە: نەئـ

"چـــونکه پێوەندیی زمانی لە نێو هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان دا هەیەو لە زۆربەی ئەم زمانانەدا، وشـــەکان کە چـــوونە نێو بینای گەردانی (ســـاخت صـــرفی)ی هەر زمانێکەوە، بە پیتەکانی ئەو زمانە بە شێوەیەکی نوێ دەنووسرێت. هەر بۆیە داوا دەکرێت کە لە کوردییشدا ئەم ڕێسایە ڕەچاوبکرێت".(ل ٤٩)

خاڵێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی نووسـینی وشـەی عەرەبی بە ڕێنووسـی کوردی، نیشـانەی شەددەو چۆنیەتیی نووسینی وشەی موشەددەد، دووجار دەنووسین. بۆ نموونە:

صلاح الدین ← سەلاحەددین

عُبیداللّه ← عوبەیدوڵڵا

**٣- ڕێوشوێن بۆ نووسینی وشەی بێگانە بە ڕێنووسی کوردی:**

کتێبی "ڕێنووسـی کوردی" بۆ نووسـینی وشـەی بێگانە بە ڕێنووسـی کوردی، ٣ ڕێوشـوێن دەخاتە بەر سەرنج:

١ـــــ هەر وشـــــەیەکی بێگانە کە دێتە نێوزمانی کوردی، دەبێت لە باری مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژیو ئۆرتۆگرافییەوە، گوێڕایەڵی چـــوارچـــێوەی زمانی کوردی بێت. بۆنموونە وشـــەکانی (تەواو، تەمام)کە لە بنەچەدا عەرەبینو یان وشەی (سەماوەر) کە وشەیەکی ڕووسییە، لە باری پێکهاتەوە، گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو بەرەبەرە جێی خۆیان لە زمانی کوردیدا کردووەتەوە.

٢ـــ ئەگەر وشەیەکی بێگانە، لە کوردیدا هاوتای هەبێت و واتاکەی پڕ بە پێستی بێت ، باشتر وایە وشە کوردییەکە بەکار بهێنرێتو بۆ زمانی ئەدەبی دەبێت کەلك لە وشـــــە کوردییەکە وەر بگیرێت. لەم پێوەندییەدا ئەگەر وشـــــەکوردییەکە لە هەر زاراوەیەکی زمانەکەمان وەربگیرێت، لە بەکار هێنانی وشەبێگانەکە باشترە .

٣ـ هیچ وشەیەکی بێگانە نابێت بە ڕێنووسی زمانەکەی خۆی لە زمانی کوردیدا بنووسرێت.

**چەن ڕاسپێرییەکی دیکەی ناوەندی سۆما:**

**بە جیا نووسین یان بەسەریەکەوە نووسینی وشەکان:**

یەکێك لە کێشـــە دێرینەکانی ڕێنووســـی کوردی بە جیا یان بەســـەریەکەوە نووســـینی وشـــەکانی زمانی کوردییە. کتێبی "ڕێنووســـی کوردی" ســـەرنجی داوەتە ئەم کێشـــەیەو، کۆمەڵێك ڕێوشـــوێنی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتەداو پێڕەوبەند کردنی بەجیا و بەسەر یەکەوەنووسینی وشەکان، دیاریکردوون.

کتێبی ڕێنووسی کوردی، باسی دوو بۆچوون لەم پێوەندییەدا دەکات. بۆچوونێك کە دەڵێت بەشەکانی وشەی لێکدراو بە جیا دەنووسرێن‌و ئەم یاسایە لە نووسینیدا وەك ڕێسایەکی گشتی لەبەرچاو دەگرین.بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، ئەو پێشگرو پاشگرو نێوگرانەش کە واتایەکی سەربەخۆیان نییە، بەجیا دەنووسرێن. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە بناغەی بەجیا نووسینی وشەکان ئەوەیە کە بۆ ناسینەوەی هەرچی هاسانتری ڕیشەو ڕەچەڵەکی هەر وشەیەك وا، باشترە هەموو وشەکان بەجیا بنووسین.

دووهەم بۆچوون، پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمەو دەڵێت بەبێ وەبەرچاو گرتنی واتای سەربەخۆی ئەو کەرتانەی خاوەنی ڕیشەو واتای تایبەتین، دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێن. بەڵگەی ئاوەزیی لایەنگرانی ئەم جۆرە بۆچوونە، گرنگیدانە بەو واتا نوێیانە، کە بە هۆی لێکدرانی وشەکانەوە درووست دەبن.

ئەم ڕێوشوێنانەی کتێبی ناوبراو بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشەیەی ڕێنووسی کوردیدا دیارییکردوون، لە ژێر ڕووناکایی بۆچوونی دووهەمدان و ئەوەی ڕاستی بێت زۆربەی شارەزایان‌و پسپۆڕانی زمانی کوردی لە سەریان هاوڕان.

ڕێسایەکی گشتی، کە کتێبی "ڕێنووسی کوردی" داکۆکیی لێدەکات ئەوەیە: "باشترە هەر وشەیەك، کە خاوەنی واتایەکی سەربەخۆیە، بەجیا بنووسین‌و هەر وشەیەکیش، کە واتاکەی ناتەواوەو تەنیا بەدوای لێکدران لەگەڵ وشەیەکی دیکە دەبێتە خاوەنی واتا، یا واتایەکی نوێ پێکدێنێت، بەسەریەکەوە بنووسین."

نموونە: ڕەسووڵ + ئەڵڵا = دوو وشەی سەربەخۆ ،دەبێ بەمجۆرە بنووسرێت: ڕەسووڵەڵڵا،( تەرکیبێکی نوێ بە واتای ناردراوی خودا.)

**ڕێوشوێنەکان لەبارەی بەجیا یان بەسەر یەکەوە نووسینی وشەکان:**

١- بێجگە لە کار (کردار)ە لێکدراوەکان (افعال مرکب)، هەموو کردارەکان بە جیا دەنووسرێن:

قەڵەمێکم **<u>کڕی</u>**.

٢ــــ وشەی لێکدراو کە لە دوو بەشی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووەو دووای لێکدران، واتایەکی نوێی دروستکردووە، دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێت. وەك:

چاو+ هەڵێنان ⟵ چاوهەڵێنان.

چاو+ پێ+ کەوتن ⟵ چاوپێکەوتن.

٣- پێشگر و پاشگر و ناوگرەکان بە وشەوە دەنووسێن، وەك:

بێدەنگ، خەولێکەوتن، بەمێشکیدا هات، خمگەر

٤ــــ نیشـانەی ئاوەڵناو لە پلەی بەراورددا، بە ناوی پێش خۆیەوە دەنووسـێت. وەك: باشـتر، تاریکتر، ئازاتر، ترسەنۆکتر.

ئەگەر "تر" بەواتای دیکە بێت، بەجیا دەنووسرێت.

٥ــ پیتی "و"ی پێوەندی، کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی پێوەندی لە نێوان وشە و دەستەواژەکاندا، نە بە وشـەی پێش خۆیەوە و نە بە وشـەی دوای خۆیەوە نانووسـێت، بەڵکوو وەك بەشـە ئاخاوتنێکی ناتەواو ڕەچاو دەکرێت و دەکەوێتە نێوەندی هەر دوو وشەوە. وەك: گزینگ و لەیلا ڕۆیشتن.

بەڵام لەو وشـــە لێکدراوانەی بە واتای نوێوەو بە یارمەتیی "و"ی پێوەندی، پێك دێن، "و"بە وشـــەی پێش خۆیەوە دەنووسێت. وەك: ڕێکوپێك، زرموکوت، دەنگوباس

٦ــــ "ی" خستنەسەر دەبێت بە وشەی پێش خۆیەوە بلکێت، بەڵام ئەگەر وشە ئەسڵییەکە بۆخۆی بە "یی"کۆتایی پێ هاتبێت، لەبەر ڕە چاوکردنی جوانیی ڕێنووسەکە، با شترە کە "ی"ئیزافییەکە وەك پیتی سێهەمی دووپاتبووەوە، بە جیا بنووسرێت.(*)ل٥٨

مەهابادی، ئینسانی، هەناسەی دوایی ی،

دووا وانەی کتێبی "ڕێنووســی کوردی" ئاوڕی لە نیشــانەکانی نووســین داوەتەوە. کتێبەکە هەرکام لەو نیشانانەی لە نووسیندا بەکار دەهێنرێن‌و شوێنی کەلکلێوەرگرتنیان (خاڵ، کۆما، کۆمای خاڵدار، نیشانەی سەرسووڕمان، نیشانەی پرسیار، دووخاڵ، کەوان، جووت کەوان، نیشانەی شەرحکردن، تەقەڵ، کۆمەڵە خاڵ) بە زمانێکی سادە شیکردووەتەوە.

## ب) کتێبی خوێندن‌و نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی:

فێرکردنی خوێندن‌و نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی درێژی نییە. هەنگاونان بۆ ئاشـــناکردنی خوێنەرو هۆگری زمانی کوردی لەم بەشـــەی کوردســـتان، بە ئەلفوبێی لاتینی، بەزۆری بۆ ئەم ١٠ ســاڵەی دوایی دەگەڕێتەوە. پێشـــتر گۆڤاری "ســروە" هەولێکی دەسـتپێکردبوو، لە هەر ژمارەیەکی خۆیدا، چـەند لاپەڕەی، بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو و بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاو دەکردەوە.بەرە بەرە باوەڕ بە فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی Rênûsî Kurdî بە

(*) وەك لە پەراوێزێکی پێشتردا، ئاماژەی پێدرا، بەشێك لە ڕا و بۆچوونەکان، تێبینی هەڵدەگرن. بۆ وێنە ئەم بەجیا نووسینەی "ی" ئیزافی، وەك پیتی سێهەمی دووپاتبۆوە، بە پێچەوانەی راسپێری وئامۆژگارییەکانی کۆڕی زانیایی کوردستانە.

ئەلفوبێی لاتین چـووە نێو بەرنامەی کاری ئەو فێرکارو ئەنجومەنو ناوەندانەی خۆیان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی تەرخانکردووە.

کتێبی **"خوێندنو نووســـینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین"** لە نووســـینو ئامادەکردنی ڕەحیم ســـوولتانی، بەرپرســـی "کۆمەڵی فەرهەنگیی ســـۆما، فێرگەی زمانی کوردی"، ســـاڵی ٢٠٠٣ چـاپو بڵاو بووەتەوە.

کتێبی Rênûsî Kurdî تێکەڵاوێکە لە وانە، دەقو ڕاهێنان . هەر کام لە وانەکان، ڕاهێنانی تایبەت بە خۆیان هەیە. دەقەکانیش بە هەردوو ئەلفوبێ (عەرەبیو لاتینی) خراونەتە بەرچـــاوی فێرخواز. دیارە دەقەکان بە ئەلفوبێی عەرەبی، خراونەتە بەشـــی دووایی کتێبەکە بۆ ئەوەی فێرخواز لە کاتی خوێندنی وانەکاندا، لە فێربوونی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی و خوێندنەوەی دەقەکان بەم ئەلفوبێیە پشـــت بەخۆی ببەستێت.

### چاوخشاندنێك بەسەر هێندێك لە وانەکانی کتێبی کوردی Rênûsî Kurdî :

#### دەرسی هەوەڵ، ئەلفوبێی زمانی کوردی :

لەم وانەیەدا، باســـی پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی (کرمانجیی نێوەڕاســـت) کراوە، کە لە ســـیو حەوت پیت پێکهاتووە. (٢٩ پیتی بێدەنگو هەشت پیتی دەنگدار).

یەکەم پرسیار، کە لەم یەکەم وانەیەدا بۆ خوێنەر دێتەپێش ئەوەیە کە، بۆچی نووسەر بە لای ئەلفوبێی زمانی کوردی (کورمانجیی ژووروو) دا نەچـــووە، لە بارێکدا ئەم ئەلفوبێ لاتینیدیە زیاتر بۆ نووســـینو خوێندنەوەی کورمانجیی ژووروو بەکاردەهێنرێت. وەڵامی ئەم پرســـیارە بە ســـەرنجدان بە ناوچـــەی تێکۆشانی ناوەندی سۆما و دیالێکتی قسەپێکردنی فێرخوازانی ناوەندی سۆما ڕوونە. ناوەندی سۆما، بە زۆری لە موکریانی کوردســـتان و لە شـــارو شـــارۆچـــکەکانی خوارتر، خەریکی پەرەپێدانی نووســـین و خوێندنەوە بە زمانی کوردییە، خەڵکی ئەم شار و ناوچانەش بە دیالێکتی کورمانجیی ژووروو، قسە ناکەن. لەم بارەیەوە نووسەری کتێب و ناوەندی سۆما، جێگای ڕەخنە نین، چونکە ئەگەر فێرخوازانی ئەم شار و ناوچـانە بە دیالێکتێك، کە کەمترین ئاشـنایەتییان لەگەڵی هەیە، فێری نووسـین و خوێندنەوە بە ئەلفوبێی لاتینی بکرێن، کارەکەیان لێ ئاڵۆزتر دەبێت. ئەوان لە پێشـــدا دەبێت فێری نووســـینو خوێندنەوەی دیالێکتەکەی خۆیان بە ئەلفوبێی لاتینی بن. پاشان فێری خوێندنەوەی دیالێکتی کورمانجیی ژووروو بن.

**1ـــ نووسینی پیتە کوردییەکان بە ئەلفوبێی لاتینی،** هەروەك لە خشتەی لاپەڕە ٣و ٤ دا دەبینرێت، نووسەر وێنەی لاتینیی پیتە کوردییەکان( دەنگدارو بێ دەنگ بەجیا)وێڕای وێنەی ئەم پیتانە بە ئەلفوبێی کوردیو فارسیی خستووەتە ڕوو.

بە ســـەرنجدان لەو دەنگانەی بەهۆی ئەم پیتانە نیشـــاندەدرێن، دەردەکەوێت، کە بە پێچـــەوانەی ئەم تێگەیشـــتنە هەڵەیەی لەنێو زۆر لە کورداندا باوە، ئەلفوبێی لاتینی جیاوازیی زۆری لەگەڵ ئەلفوبێی ئینگلیسی هەیە. هێندێك لەو پیتانە، سەرەڕای ئەوەی لە ئەلفوبێی ئینگلیزییشدا هەن، بەڵام لە کوردیدا ، دەنگێکی جیاواز دەنوێنن:

(ج) C، (خ) X، (ق) q.

ژمارەیەکیشـــیان ســـەرەڕای وێکچـــوونی ڕوواڵەتیان لەگەڵ پیتی ئینگلیزیدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ فۆنیمە کوردییەکان بگونجێن، دەسکاری کراونو شێوەیەکی دیکەیان وەرگرتووە، بۆ وێنە :

û, î, ê,x, î, ş,h

چەند پیتێکیش لە ئەلفوبێی ئینگلیزیدا نین و بۆ کوردی داتاشراون، وەك:

(ئـ) ц ، (ع) <

پێویستە بگوترێت کە لە نووسینی ئەلفوبێی کوردیی لاتینیدا، هیچ پیتێکی تایبەت بۆ دەنگەکانی "ئـــ" و "ع" تەرخان نەکراوە "کە ئەوەش بۆ شـــوێنەواری ئەلفوبێی تورکی دەگەڕێتەوە، کە لە تورکییەدا بە لاتینی دەنووســـرێتو نیســـێی خســـتووەتە ســـەر نووســـینی کوردەکانی تورکیەیەش کە بە لاتین دەنووسن.".[(78)]

دانەری کتێبی Rênûsî Kurdî بەهۆی بەرچـــاوبوونی پێویســـتیی ئەم دوو پیتە، هەروەها وەکوو پێشنیارێك لەم کتێبەدا، بۆ نیشاندانی پیتی "ئـ" پیتی داتاشراوی (Ч) و هەروەها بۆ نیشاندانی پیتی (ع) لە پیتی داتاشراوی (<) کەڵکی وەرگرتووە.

لەم وانەیەدا ڕوونکردنەوەی پێویســـت لەبارەی هەڵکەوتنی پیتە ڤاوڵەکان لە وشـــەدا و چـــۆنیەتی جیاکردنەوەی پیتە ڤاوڵەکان لەناو وشە و ڕستەدا هەیە.

---

(78) ) ڕەحیم سوڵتانی، کتێبی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین، مەهاباد، 2003، ل 5

نموونەکان:

| Serma | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ser | | | ma | |
| s | e | r | m | a |
| ب | د | ب | ب | د |

| Bizin | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Bi | | zin | | |
| B | i | z | i | n |
| ب | د | ب | د | ب |

| kurd |
|---|
| kurd |
| ب د ب ب |

| tekoşan | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| te | | ko | | şan | | |
| t | e | k | 0 | ş | a | n |
| ب | د | ب | د | ب | د | ب |

**وانەی دووهەم، پیتە ڤاوڵەکانی زمانی کوردی، بەلاتینی:**

بەم هۆیەوە کە کتێبی Rênûsî Kurdî ، ئەلفوبێی زمانی کوردیی کورمانجیی نێوەڕاست فێری فێرخواز دەکات، بۆیە شتێکی سرووشتییە کە چاوەڕوان بین ژمارەی پیتە ڤاوڵەکان هەروەك لە ئەلفوبێی کتێبەکانی دیکە دا بینیومانە، بریتی بن لەم ٧ دەنگە:(ا، ـە، و، ۆ، وو، یی، ێی)، بەڵام لە کتێبی ناوبراودا پیتی کوردی دەنگدار ٨ دانەن، کە بەم جۆرە دەستنیشانکراون:

| A | E | U | Û | O | Î | Ê | I | پیتی گەورە(*) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | |

(*) راستییەکەی ئەمە چاولێکەرییە لە ئینگلیزییەوە، چونکە لە زمانی نووسینی ئینگلیزیدا، بە پێی یاسای زمانەکە دەستپێکردن بە پیتی گەورەیە، تورکیش لاسایی ئەوانی کردووەتەوە.

| a | e | u | û | o | î | ê | ı | پیتی چکۆڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | ـە | و | وو | ۆ | ی | ێ | بزرۆکە | پیتی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی |

بەم جۆرە بزرۆکە (Iı) ئەم پیتەکوردییە ڤاوڵەیە، کە لە ئەلفوبێی لاتینیدا هەیەو لە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبیدا نییە..

**وانەی چوارەم، پیتی دەنگداری (U،u):**

لە نووسینی کوردیدا بە ئەلفوبێی عەرەبی ئەم کێشەیە هەیە، کە بۆ هەردوو "و" ڤاوڵ و کۆنسۆنانت یەك وێنە (شكڵ) هەیە. لە خوێندنی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا ئەم گرفتە بەم جۆرە چارەسەر کراوە:

بۆ **"و"**ی ڤاوڵ پیتی (U)و بۆ **"و"**ی کۆنسۆنانت پیتی W لە ئەلفوبێی لاتینیدا هەیە.

نموونە:

کورد Kurd وریا wirya

نوستن nustin ڕاوێژ Rawêj

وانەی پێنجەم بۆ باسی پیتی دەنگداری (Û.û) (وو)، وانەی شەشەم بۆ باسی پیتی دەنگداری "E،e" (ە،ە)، وانەی حەوتەم بۆ پیتی دەنگداری "Ê,ê".تەرخانکراون.

**دەرسی نۆهەم، پیتی ڤاوڵی (Iı) بزرۆکە یان کورتە بزوێن :**

ئەم پیتە بەم هۆیەوە کە لە ئەلفوبێی کوردیدا بە پیتی عەرەبی نییە، پێویستە هەڵوەستەیەکی بۆ بکرێت. لە کتێبی ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینیدا، وەك دوواین پیتی ڤاوڵ باسی لێکراوە. "ئەم پیتە دەنگدارە بە شێوەیەکی زۆر کورت دەبینرێت، وەکوو ژێرێکی زۆر کورت کار دەکاتو پێوەندیی نێوان دوو پیتی بێدەنگی پێشو پاش خۆی دادەمەزرێنێت، ئەم کورتە بزوێنە لە زمانی عەرەبیو فارسییشدا هەیە، کە بە ناوی "کسرەی مختلسە ــ کسرەی ناپیدا" ناوی دەرکردووە، ئەم ژێرە چکۆڵەیە لە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هیچ پیتێکیان بۆ دیاری نەکردووەو خوێنەر تەنیا لە ڕووی بیرو هۆشو ڕاهاتن بەسەر زمانەوە دەتوانێت جێگەی ئەم کورتە بزوێنە بدۆزێتەوە. نووسەری کتێبی Rênûsî Kurdî ئەم وشانەی بە نموونە هێناوەتەوە، کە کورتە بزوێن یان بزرۆکەیان تێدایە:

Jin ژن Dil دڵ Befir بەفر

## دەرسی دەیەم/ ناسینی پیتی بێدەنگی (ئـ)

**ئــ (هەمزە)** یەکێك لە کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردییەو لە نووسینی کوردیدا بە ئەلفوبێی عەرەبی وێنە (شــکڵ) ی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا، وێنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم دەنگە تا ئێســتا دیارینەکراوە. دانەری کتێبی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی، دووای ئاماژە بەوە کە پیتی (ئـ) تەنیا لە هەوەڵی وشەکانی کوردیدا دێتو ئەگەر ئەم پیتە لەنێوان وشە یان لە کۆتایی وشەدا هاتبێت، دیارە کە وشـــەکە کوردی نییەو لە زمانەکانی دیکە وەرگیراوە، دەڵێت "ئەم مەبەســـتە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینیدا ئەم پیتەی نانووسینو لە وشە دا دەردەکەوێ".ل[36]

بەڵام ئەم پیتە لە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دا پێناسەی وەرگرتووە و پیتێکی سەربەخۆیە و وەکوو تەواوی پیتە کۆنسۆنانتەکانی دیکە، چوارچێوەی فۆنەتیکی هەیە. هەر بۆیە بە بۆچوونی دانەری کتێب "دەبێ لەباری ڕێنووســەوەش نیشــان بدرێ" و "ناتوانین لە ڕێنووســەکەماندا خۆی لـــــێ لادەین. کتێبی Rênûsî Kurdî وێڕای ســـەلماندنی جێگای چـــۆڵی ئەم پیتە لە ڕێنووســـی لاتینیدا، بۆ ئەم نامیلکەیەی خوێندن ، بە کەڵکوەرگرتن لە ســەرچــاوەی ڕێنووســە کۆنەکانی کوردی، ئەم پیتە ی بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بەکارهێناوە:

(ئێ) Ê ، (ئە) E ، (ئوو) Û ، (ئو) U ، (ئی) Î ، (ئا) A ، (ئــ + بزرۆکە) I ، (ئۆ) O

## دەرسی یازدەهەم، ناسینی پیتی کۆنسۆنانتی ( ) (ع)

کتێبی Rênûsî Kurdî، دەڵێت: "گەلێك لە پسپۆڕان لایان وایە کە چونکە پیتی (ع) ئاسایی و خۆیی نییەو لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، لە لاتینیدا نووســینەکەی پێویســت نییە. بەڵام پێویســتە ڕابگەیەندرێ کە ئەم پیتە چ خۆیی بێ و چ خۆیی نە بێ لە زمانی ئەدەبیو ڕێنووســـی پیتی عەرەبیمان دا جێی کردووەتەوەو نووســـینەکەی پێویســـتە. " لەم وانەیەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە بە پێی بەڵگە ئەم پیتە لە

زمانەکانی کۆنی وەکوو ماسی سۆراتیدا هەبووە و وێنەی ( ) یان بۆ تەرخان کردووە. دانەری کتێبی Rênûsî Kurdî سەرەنجام دەگاتە ئەم ئاکامە:

"کەوا بوو لە کاتێك دا ئەم پیتە لە دەربڕین و ئاخافتندا هەیە، دەبێ لە ڕێنووسیشدا هەبێ. ئێمە بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتەش لامان وایە کە بگەڕێینەوە سەر ڕێنووسی ماسی سۆراتی و لە ڕێنووسی لاتیندا ئەم پیتەی ( ) بۆ نیشانەی (ع) بەکار بێنین".

وانەکانی دیکە، دوازدەهەم بۆ باسی پیتی کۆنسۆنانتی (Cc) (ج)، سێزدەهەم بۆ باسی پیتە کۆنسۆنانتەکانی (F, G, H, H) (ح.ه.گ.ف)،چاردەیەم بۆ باسی پیتە کۆنسۆنانتەکانی (l, l, k, J) (ڵ.ل. ك.ژ)، پا زدەیەم بۆ ناسینی پیتە کۆنسۆنانتەکانی (M.N.P.Q) (ق،پ،ن،م) و شازدەیەم بۆ باسی پیتە کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردی بە پیتی لاتین(Ş, S, R, R) (ش،س،ڕ،ر) حەڤدەهەم بۆ ناسینی پیتە کۆنسۆنانتەکانیT.W.V.X (خ.ڤ.و.ت) و وانەی هەژدەهەمیش، بۆ ناسینی پیتەکانی ( Z, Y, X) (ز،ی،خ) تەرخان کراون.

دوو وانەی کۆتایی کتێبەکەش (وانەی نۆزدەهەم و وانەی بیستەم) بۆ باس لە چەند خاڵێکی ڕێنووسی کوردی تەرخانکراون.

### هەڵسەنگاندنێك بۆ کتێبی Rênûsî Kurdî:

ناوەندی سۆماو دانەری کتێبی Rênûsî Kurdî بە دانانی ئەم کتێبەو لەمەش زیاتر کردنەوەی یەك بەدوایەکی خولی فێرکردنی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کارێکی ڕچەشکێنانەیان کردووە. پێشتر ئەگەر لەم بارەیەوە کارێکیش کرا بێت، لە چوارچێوەی وتارێك یان باسێك لە گۆڤارێکدا بووە (وەك ئەو وتارانەی لەم بارەیەوە لە گۆڤارەکانی "نووسەری چیا" یان "سروە" دا بڵاوبوونەتەوە)، بەڵام ناوەندی سۆما جگە لە تەرخانکردنی کتێبی خوێندن بۆ ئەم مەبەستە، خوێندنی ئەم کتێبەو پێکهێنانی خولی تایبەت بۆ فێرکردنی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی لە بەرنامەفێرکارییەکانی خۆیدا گونجاندووە. ئەویش لەو شار و ناوچانەدا کە بە دیالێکتی کورمانجیی ژووروو نادوێن و دەقی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین بە کەمی لەنێوانیاندا بڵاو بووەتەوە.

کتێبی Rênûsî Kurdî تەنانەت بۆ ئەو پیتانەش کە لە ئەلفوبێی لاتینیدا هەست بەچۆڵی جێگایان دەکرێت، بێ هەڵوێست نەبووەو دوو پیتی بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار کردووە. دەشێت ئەو مشوورخواردنەش بە کارێکی ئەرێنی بزانین، چونکە هەستکردن بە بۆشایی و ناتەواویی لەم ئەلفوبێیەدا لە

جێی خۆیدایه، بەڵام ئایا ئەکادیمیای کوردسـتانو ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی ئەم پێشـنیارە وەردەگرن؟ یان لەجێی ئەم دوو تیپە پێشـنیارییە، دوو وێنەی دیکە پێشـنیارو پەسـەند دەکەن؟ دیارە تا ئەم کاتەی ئەم دوو پیتە لەلایەن ئەم جۆرە ناوەندانە قبووڵ نەکراون و بە فەرمی نەچوونە ڕیزی ئەلفوبێی کوردیو لە کۆمپیوتێر دا نەبن، کەڵك لـێوەرگرتنیان لە نووسین، کە بە کومپیوتێر ئامادە دەکرێت لە توانادا نابێت. هەر بۆیە ئەم پێشـنیارە لە چـوارچـێوەیەکی بەرتەسـکدا دەمێنێتەوە.

لە کۆتایی ئەم باسـەدا هەڵدەگرێت، ئاماژەیەك بە بۆچـوونە جۆراوجۆرەکان لەبارەی نووسـینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیو فێربوونی ئەم ئەلفوبێیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا بکەین. لەنێو نووسـەرانو کۆڕو کۆمەڵی کولتووریو ئەدەبیو زمانەوانیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، هەروا کە دژایەتی لەگەڵ نووسین بەم ئەلفوبێیە هەیە، لایەنگریو داکۆکی لە فێربوونی ئەلفوبێی لاتینی و بەکارهێنانیشی بەدیدەکرێت.

دیارە پێشـوازییەك کە ئێسـتا لەنێو کوردەکانی ئێران لە فێربوونی ئەم ئەلفوبێیە دەکرێت، زیاتر بۆ ئەوەیە بتوانن سـوود لەو کتێبو چـاپەمەنییانە یان لەو ماڵپەڕانە وەربگرن ، کە ئەلفوبێی لاتینی، بۆ نووسینی کوردی بەکار دەهێنن. ئەمەش بە جێگای خۆی کە نووسەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کورد ستان بە ڕاهاتن بە نووسـینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی دەتوانێت بەرهەمەکانی خۆی بەم ئەلفوبێیەش بخاتە بەرچـاوی خوێنەری کوردو بەم جۆرە خوێنەرێکی زیاتر بۆ بەرهەمەکانی پەیدا بکات، بەڵام لە پشـت ئەم هەوڵە ئاگایانەوە (فێربوون و فێرکردنی ئەلفوبێی لاتینی) خولیاو ئامانجی بەرزتر هەن، کە هەنگاونانی بەرەو دابینکردنو دەسـتەبەرکردنی پێداویسـتییەکانی زمانی سـتاندارد، یەکێکیانە. لێرە داجێی خۆیەتی ئاماژە بەم راسـتتیە بدرێت کە بەو جۆرەی لە ڕۆژهەڵات و باشـووری کوردسـتان هەوڵی فێربوونی خوێندنەوە و نووسـین بە ئەلفوبێی لاتینی دەدرێت، لە نێو کوردە لاتینینووس و لاتینیخوێنەکاندا بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسـین بە ئەلفوبێی عەرەبی هەوڵ نادرێت، ئەمەش جێگای ڕەخنەیە. چـونکە ئەم دوورەپەرێزی و خۆبواردنە لە فێربوونی خوێندنەوە و نووسـین بە ئەلفوبێی عەرەبی، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و دابڕان لە بەشی سەرەکی و هەرە زۆری نووسراوی کوردی کە بەم ئەلفوبێیە نووسراون و دەنووسرێن.

**پ) چەند جیاوازییەك لە نێوان كاری ناوەندی سۆما و ئەزموونەكانی پێشوودا :**

١ــ ئەزموونەكانی پێشوو، لە سەردەمی كۆماری كوردستاندا، كۆڕی پەروەردەو فێركردنی سەرانسەریی كوردســـتان و كۆمیســـیونی فێركردن و بارهێنانی كۆمەڵە، ئەركی خوێندن بە زمانی كوردییان بەڕێوە بردووە، پێڕەوی خوێندن بە بابەت و مادە جۆربەجۆرەكانییەوە بە گشتی بە كوردی بووە. بەڵام ناوەندی سـۆما، كە كاری خوێندنی زمانی كوردیی كردووە، كاری بەسـەر فێركردنی زانسـتی ئەزموونی و بیركاری و زانستەكانی دیكە بە زمانی كوردی، نەبووە. ئەوان هەوڵیانداوە فێرخواز فێری خوێندن و نووسین بە زمانی كوردی و ڕێزمانی كوردی بكات و تا ڕادەیەكیش لەگەڵ ئەدەبییاتی كوردی ئاشنایان بكات.

٢ــــ كتێبەكانی ئەزموونەكانی پێشـوو، بە جۆرێك داڕێژراون كە قوتابی لە ماوەی ٩ مانگەكەی سـاڵی خوێندندا تەواویان بكات، بەڵام كتێبەكانی سۆما لەماوەی كورتتردا (٢ تا ٣ مانگ) دەخوێندرێن.

٣ــــ ئەزموونەكانی پێشـوو، لە فێرخوازی نەخوێندەوارەوە دەسـتیان پێكردووەو ئەلفوبێی كوردی و خوێندنەوەو نووســین بە كوردییان فێری كەســانی نەخوێندەوار كردووە. بناغەی یەكەم كتێبی خوێندنی كوردییشیان بەپێی ئەم مەبەستە داناوە. هەرچی فێرگەی زمانی كوردیی سۆمایە، فێرخوازی خوێندەوار كە لانیكەمی خوێندەواریی هەبێت و ئاشنای ئەلفوبێی زمانی فارسی بێت، وەردەگرێت.

٤ــــ ئەزموونەكانی پێشووش لەگەڵ ئەوەی وەك ئەزموونی سۆما بە هاوكاریی دارایی خەڵك و پێشوازیی گەرمی دانیشـتووانی كوردسـتان لە خوێندنی زمانی كوردی دڵگەرم بوون، بەڵام حكوومەتی كورد (كۆماری كوردسـتان) و ڕێكخراوە سـیاسـییەكانی كوردسـتان (حیزبی دێموكراتی كوردسـتان و كۆمەڵە) داهێنەرو پشتیوانیان بوون. ناوەندی سۆما نە ناوەندێكی دەوڵەتییەو نەسەر بە هیچ ڕێكخراوێكی سیاسیی كوردییەو زیاتر لە هەموو ئەزموونەكانی پێشوو بە داهاتی خۆی و هاوكاریی خەڵك بەڕێوە دەچێت.

٥ــــ ئەزموونەكانی پێشـتر تەنیا خوێندنەوەو نووسـینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبییان لە بەرنامەدا هەبووەو ئاوڕیان لە خوێندن و نووســین بە ئەلفوبێی لاتینی نەداوەتەوە، بەڵام ناوەندی ســۆما كتێبی تایبەتی بۆ ئەم مەبەســتە ئامادە كردووەو خولی تایبەتیشــی بۆ فێركردنی نووسـین بە ئەلفوبێی لاتینی و خوێندنەوەی دەق بەم ئەلفوبێیە، دەكاتەوە.

## بەشی سێهەم:

# خوێندن بە زمانی دایك و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی:

**پاری یەکەم: شوێنەوارە زیانبەخشەکانی بێبەشی لە خوێندن بە زمانی دایك**

**أ) کاریگەریی خراپ لە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیی منداڵ**

١ـ ترس و دڵەراوکێ :

٢ ـ نامۆیی لە ژینگەی خوێندن:

**ت) دەستهەڵگرتن لە خوێندن ولاواز بوونی توانای چالاکیناندن و هەڤڕکێ**

١ ـ دەستهەڵگرتن لە خوێندن و کەمتوانایی لە فێربووندا:

٢ـ بار و دۆخی خوێندن لە نێو منداڵانی نەتەوە نافارسەکاندا:

**پاری دووهەم: کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایك لە سەر زمانی نەتەوە:**

**أ) پەرە ئەستاندن، بووژانەوە و بەهێزبوونی زمان**

١ـ پێشگیری لە فەوتان و لەنێو چوون:

٢ ـ باشتر خۆناسین و بەدەستهێنانی توانایی و دەوڵەمەندی:

**ب) بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی و بووارڕەخساندن بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد**

١ــ زمانو شوناسی نەتەوەیی:

٢ ـ بووارڕەخساندن بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد :

**پ) ئەو خاڵە گرنگانەی پێویستە لە بەرچاو بگیرێن :**

## پاری یەکەم: شوێنەوارە زیانبەخشەکانی بێبەشی لە خوێندن بە زمانی دایك:

### أ) کاریگەریی خراپ لە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیی منداڵ:

#### ١ـ ترس و دڵەراوکێ :

منداڵێك کە لە تەمەنی ٦ ســـاڵی دایە و لە ماڵەوە و کۆڵان و گەڕەك بە زمانی دایکی قســـەی کردووە، کاتێك دەچــێتە قوتابخانە هەموو شــتێکی ئەوێ بۆ ئەو نوێ ونامۆیە، ئەگەر مامۆســتاو بەڕێوەبەرانی بە زمانێك بیدوێنن کە لێی تێناگات، دەترسێتو ئەم ژینگە نوێیەی لە بەرچاوی دەبێزرێت.

مامۆســتا هێمنی شــاعیر (حەمەدەمینی شــێخولئیســلامی موکریانی) هەســتی یەکەم ڕۆژی خۆی لە قوتابخانەدا بەم جۆرە باس دەکات. "کە ڕۆژی هەوەڵ چوومە سەر کلاس تۆقیم، وەخت بوو شێت بم، من منداڵێکی لادێی نازدار بووم، لە کوردی بەولاوە هیچ زمانم نەدەزانی، لە مەدرەســـەش کەس نەدەوێرا بە کوردی قسە بکات." (79)

تووشبوون بەم ترسە، شتێك نییە لە کاربەدەستانی دەوڵەتی و نوێنەرانی مەجلیسی ئێرانیش شاراوە بێت. "لە ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیســی کۆماری ئیســلامیی ئێراندا هاتووە: لەم ٦ ســاڵەی دواییدا نزیکەی ٥میلیۆن کەس لە قوتابیان کەوتوون. شـــارەزایان دەیســـەلمێنن کە زۆرترین کەوتن لە ناو چە قەومییەکاندا بووە. (*)ئەو منداڵانەی لەو ناوچانە دە چنە قوتابخانە، بەهۆی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ زمانی فارسی کە نایزانن تووشی خورپە و ترسێك دێن و ناتوانن خۆی لەگەڵ دا بگونجێنن".(80)

گرینگیی خوێندنی ســـەرەتایی منداڵان بە زمانی دایکیان، هەوێنی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر بووە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٩ی زایینیدا، کۆنفرانسێکی زانستی بە هۆی نووسینگەی نێونەتەوەیی پەروەردەو

---

(79) هێمن، بارگەی یاران، سەرجەمی شێعرەکانی هێمن، هەولێر، 1003، ل 4

(1) (*) کاربەدەستانی شۆڤێنیستی ئێران بە ئەنقەست خۆ لە وشەی نەتەوە دەبوێرن و نەتەوەکانی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەبو تورکمەن بە "قەوم" ناودەبەن کە بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی، واتایەکی جیاواز لە نەتەوەی هەیەو قەوم لە نەتەوە بچووکترە. جگە لەمەش "قەوم"لە فارسیدا، بە واتای خزمیش بە کار دێت.

(80) روز جهانی زبان مادری امسال فرق میکند. 1ی ڕەشەممەی 1388، ماڵپەڕی ڕادیۆ ئەڵمان، بەشی فارسی

فێرکردن له لۆکزامبۆرك پێکهات. ئاکامی کۆنفرانسی لۆکزامبۆرگ ئەمەی سەلماند، که فێرکردن به زمانێکی جیا له زمانی دایك، زیان به گەشەی هزری و تەنانەت گەشه کردنی کەسایەتیی منداڵ دەگەیەنێت.[84]

ئەو لێکۆڵینەوانه، که ساڵانی دوواتر له لایەن یۆنسکۆ (ڕێکخراوی فەرهەنگیی نەتەوه یەکگرتووەکان)ەوه ئەنجام دران، ئەم خاڵانەیان سەلماند:

ـ لەباری دەروونناسییەوه، فێربوون به زمانی زکماگی دەبێته هۆی باشتر تێگەیشتنی بابەت.

ـــ لەباری کۆمەڵایەتییەوه، دەبێته هۆی ڕاکێشرانی زیاتری منداڵ بۆ لای ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆی و وەك توخمێکی سەرەکیی کولتوری، منداڵ دەباتەوه سەر ڕابردووی کولتووریی خۆی.

ـ لەباری سۆز و خۆشەویستییەوه، خوێندن به زمانی دایك، دەبێته هۆی بەرەوژوور چوونی چەندایەتی و چـــۆنایەتیی پێوەندییەکان له نێو پۆل و قوتابخانه دا و بەســـتێنی ســـەرەکی بۆ دەربڕینی بیر که پێوەندیکردنه، پێکدێنێت.[85]

## ٢ـ نامۆیی له ژینگەی خوێندن:

فێربوون ئەگەر به زمانی زکماگی نەبێت، دەبێته هۆی ســـســـتیی منداڵ له دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ژینگەی نوێ، واته قوتابخانەدا و ئەمه دەتوانێت کۆمەڵێك ئاکام و شـوێنەواری زیانبەخشـی لێ بکەوێتەوه، که کەوتن و بەجێمان له خوێندنداو، گەشه نەکردن لەباری کولتوورییەوه، بەشێکیانن.

منداڵ له پێنج سـاڵی یەکەمی ژیانیدا، له سـەدا هەشـتای سـەرجەم ئەو زانیارییانەی دەبێت له تەواوی ماوەی ژیانیدا، له نێو بنەماڵەدا بەدەسـتیان بێنێت، وەردەگرێت و پاشـان دەچـێته قوتابخانه.[86] ئەگەر خوێندن و فێربوون له قوتابخانه دا به زمانی دایك نەبێت، لەپڕ ئەو پێوەندییه بەرینەی لەگەڵ زمانەکەیدا هەیبووه، دەپچـڕێت و دەکەوێته نێو ژینگەو کەشـوهەوایەکی بەتەواوی نامۆوه. نه دەتوانێت لەم شـتانه تێبگات که له قوتابخانه به زمانێکی جیاواز له زمانی دایکی پێیدەڵێن و نه ڕێگای ئەوەی هەیە، که ئەوەنده زانیارییەی له ٦-٥ ســـاڵی یەکەمی تەمەنیدا به زمانی زگماکی فێریان بووەو وەری گرتوون، دەربڕێت. بەم جۆره قوتابخانه، که دەبێت ببێته پردی نێوان بنەماڵه و کۆمەڵ بۆ قوتابی، دەبێت به دۆزەخێك.

---

[84] "سیاست آموزشی جمهوری اسلامی ایران و استمرار افت تحصیلی در آذربایجان"، هفتەنامه شمس تبریز، شماره 69، سەشنبه 1379/2/13

[85] سەرچاوەی پێشوو،

[86] تارا نیازی، حق مسلم زبان مادری در آموزش و پرورش، ماڵپەڕی:
www.gunaskam.com

هەر بۆیە درەوونناسان لەو بڕوایەدان کە فێربوون لانیکەم لە قۆناغی سەرەتاییدا ، دەبێت بە زمانی دایك بێت.

## ب) لاواز بوونی توانای چالاکینواندن و هەڤڕکیٚ:

### 1ـ دەستهەلگرتن لە خوێندن:

شـــوێنەوار و گرفتەکانی کەڵکوەرنەگرتن لە زمانی یەکەمی منداڵ(زمانی دایك) و فێربوونی بە زمانی دووهەم بۆ پسـپۆرانی پەروەردە و فێرکردن ، شـتێکی سـەلمێنراوە.جائەگەر قسـەکردن لە قوتابخانەدا بە زمانێك بێت کە زمانی منداڵەکە نییە ، پێوەندیی نێوان قوتابی و مامۆسـتا دەپچـڕێت و پچـڕانی ئەو پێوەندییەش بە مانای تێنەگەیشتنی قوتابی لە وانەکان و بەجێمان لە ڕەوتی فێربوونە.ئەم گرفتە تووشی زۆر لەو وڵاتانی جیهان بووە، کە لە زمانی دایك بۆ خوێندن و فێرکردنی منداڵ کەڵك وەرناگرن.

بە بۆچوونی برنشتاین(١٩٥٨) ئەو منداڵانەی قوتابخانە بە بێبەشیی زمانی دەستپێدەکەن، نەك هەر لە دەربڕینی بابەت و چـەمکەکان، تواناسازمانییەکان و ڕێنووس و داڕشـتندا گرفتیان دەبێت، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی، خستنەڕووی بیر بە جۆرێکی خێرا و پێشکەوتووانە بۆ ئەوان دژوار دەبێت.نەتوانین لە فێربووندا، زیان و کەموکووڕیی دیکە لە گەڵ خۆیدا دێنێت.یەکێك لەو شـوێنەوارانەی کە زیانی ماددی و مەعنەویی زۆر بە منداڵان و مێرمنداڵان دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی ناکارابوونی سـیسـتەمی پەروەردە، دابەزینی ئاستی چالاکیی قوتابی و دوواکەوتن لە خوێندنە.[87]

لە ئێران، لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێك توێژینەوە لە بارەی زیان و شوێنەوارەکانی بێبەشی لە خوێندن بە زمانی دایك ئەنجامدراون. دیارە توێژینەوەکان بە زۆری بە هۆی ئەو توێژەرانەوە کراون کە بۆخۆیان لە نەتەوە بندەسـتەکانی ئێرانن. واتە کەسـانێك لێکۆلینەوەکانیان کردوون کە بۆخۆیان لە خوێندن بە زمانی دایکیان بێبەش بوون و منداڵانی هاوزمانیان هەر ئێسـتا لەگەڵ بێبەشـی لە خوێندن بە زمانی زکماگی بەرەوڕوون.

ئاکامەکانی لێکۆلینەوەیەك، کە "سـەلام وەیسـی تەبار" سـاڵی ١٣٤٨ لە نێو قوتابیانی شـارسـتانی مەریواندا، کردوویەتی دەریخستووە، کە پشتگوێخستنی زمانی زگماکی و کەڵکوەرگرتن لە زمانێکی دیکە

---

[87] د.عزیزی ،"در خصوص تحصیل به زبان محلی در نظام آموزشی"، سایت "جامعه‌شناسی ایران".لینك:
http://sociologyofiran.com/index.php?option=com_content&task=view&id=860&Itemid=54

(دووزمانی) له پەروەردەو فێرکردندا، پێشـــکەوتن و ســـەلامەتیی دەروونیی تاکەکان لەگەڵ مەترســـی بەرەوڕوو دەکات .

به پێی ئەم لێکۆلینەوەیە: بێبەشـی له خوێندن به زمانی دایك له قوتابخانه دووزمانەکاندا، دەبێته هۆی ئەوه گەشـەی بیرکردنەوەی هەڵمالراو (انتزاعی)ی منالّ به هۆی هەسـتیار بوونی تەمەنی، به توندی زیانی پێبگات. هەستی خۆ بەکەمبینی و خۆسانسۆر کردن به هۆی نامۆ بوونی لەگەڵ زمانێك که پێی دەخوێنێت و هی خۆی نییە، له قوتابی دا پێکدێت. بێ توانایی تاك له دەربڕینی بیر و ویست و پێداویستییەکانی و له هەمووی ئەمانه گرنگتر زیانگەیشـتنی جیددی به قەوارەو تەواوەتیی زمانی دایك (زمانی کوردی) له ئاکامه ئاشکراکانی دوو زمان [*]بوونن[88]

## ٢- بار و دۆخی خوێندن له نێو مندالانی نەتەوه نافارسەکاندا:

به گوێرەی خشـتەیەك که لەسـەر بناغەی ئامارەکانی ڕێکخراوی بەرنامه و بودجەی ئێران ئامادە کراوە، له پلەبەندیی هەلومەرجی خوێندنی پارێزگاکانی ئێراندا، ئەو پارێزگایانەی دانیشـــتووانیان فارســـن، پلەی یەکەم تا پێنجەمیان لەو خشـــتەیە دا هەیە. ئەو پارێزگایانەش که دانیشـــتووانیان فارس نین و به زمانی خۆیان ناخوێنن، کەوتوونه خوارەوەی خشتەکە:[89]

ئازەربایجان، که له دوواساڵەکانی دەسەلاتدارەتیی ڕەزاشا دا، لەباری خوێندنەوه پلەی چوارەمی هەبوو و لەدووای تاران، فارس و سمنان بوو، له دوواســـاڵەکانی حکوومەتی حەمەڕەزا شـــای پەهلەوی دا کەوته نێوەندی خشـــتەکە، بەلام بەهۆی درێژەدرانی ســـیاســـەتی زمانیی ڕێژیمی پەهلەوی له لایەن کۆماری ئیســـلامییەوە، له دووای شـــۆڕشـــی ئێران، نەك هەر دابەزین و داکشـــانی خوێندن و خوێندەواری له ئازەربایجان (له هەر دوو پارێزگە) چارەسەر نەکرا، بەڵکوو پتر بەرەوخوارەوەی خشتەکە چوو.

---

[*] دوو زمانـــه بـــوون چـــەندین جـــۆری هەیـــە، دوو زمانـــه بـــوونی بنەماڵـــەیی (کـــه زمـــانی دووهـــەم تـــەنیا لـــه ماڵـــدا بـــەکاردەهێنرێت)، دوو زمانـــەبوونی قوتابخانـــەیی (کـــه زمـــانی دووهـــەم تـــەنیا لـــه قوتابخانـــەو بـــۆ فێربـــوون کـــەڵکی لـــێوەردەگیرێت)، دوو زمانـــەبوونی شـــەقامو کـــۆلان (کـــه زمـــانی دووهـــەم تـــەنیا لـــه شـــەقام و کـــۆلانو بـــازاڕ و دەرەوەی مـــاڵ قســـەی پـــێ دەکرێـــت)، دوو زمانـــەبوون هەروەها به گوێرەی زارەکیو نووسراوبوونیشی پۆلێن دەکرێت.

**رضا نیلی پور، زبان شناسیو آسیب شناسی زبان، تهران، 1381، ص88**

[88] د.عزیزی ، سەرچاوەی پێشوو

[89]دو مقاله علمی و تحقیقی در زمینه لزوم آموزش به زبان مادری، مقاله اول،مرکز مطالعات وفاق اسلامی وابسته به انجمن اسلامی دانشجویان دانشکده فنی ـ دانشگاه تبریز، ل2

"ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦) ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە نێو 24 پارێزگەدا، بۆ پلەی بیستەم و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ پلەی بیست و دووهەم داکشا.

ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦) لە نێو ٢٦ پارێزگەدا، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات پلەی نۆزدەهەم، زەنجان پلەی ٢١و، ئەردەبیل پلەی بیست و دووهەم و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پلەی بیست و چوارەمیان هەبوو. وەك لەم خشتەیەدا بەدیدەکرێت لە نێو سێزدە پارێزگەی ئاستی یەکەمدا، ١٠ پارێزگە، زمانی سەرەکیی دانیشتووانیان فارسییە. بەڵام لە ١٢ پارێزگە لەو ١٣ پارێزگەیە کە ئاستەکەیان لە خوارێیە، زمانی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانیان، تورکی، کوردی، لوڕی(*) و عەرەبییە".(90)

ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکان نیشاندەدەن کە لە نێوان نەخوێندەواری و دەستهەڵگرتن لە خوێندن لە نێو نەتەوە نافارسەکانی ئێراندا و بێبەشی لە خوێندن بە زمانی زگماکی پێوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە. هەر بە پێی ئەم لێکۆڵینەوانە، شوێنەوارە ڕەوانییەکانی بێبەشی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایك بە تایبەتی لە سەرەتای چوون بۆ قوتابخانەدا، کاریگەرییان لە سەر کەسایەتیی ئەو دەبێت و دەبێتە هۆی دابەزینی ئا ستی بڕوا بە خۆ بوونی. بەم هۆیە شەوە کە زمانەکە هی خۆی نییەو بە سەریدا زاڵ نییە، ناتوانێت وەك منداڵێك کە خوێندنەکە بە زمانی ئەوانە، لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە خوێندن، پێشبڕکێیان لە گەڵ بکات. ئەم بارە بەرەو دوورکەوتنەوە لە خوێندن و قوتابخانە، پاڵیپێوەدەنێت.

"مارك لاتایمر، بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی کەمایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێ لە سەر ئەم مەسەلەیە دادەگرێت کە هۆی نەخوێندەواریی دەیان میلیۆن منداڵ بۆ هەڵاواردنی نەتەوەیی لە وڵاتەکانیاندا و بێبەشمانەوە لە خوێندن بە زمانی زگماکی دەگەڕێتەوە. "((91)

"لە پارێزگای خوزستان(کە زۆربەی دانیشتووانی عەرەبن)، نزیکەی ٣٣٪ی قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی و، ٥٠٪ی قۆناغی ناوەندی و ٧٠٪ی قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی، دەست لە خوێندن هەڵدەگرن. ژمارەی خوێندکارانی عەرەبزمان لە زانستگەکانی ئێران زۆر کەمە و بە بەراورد لە گەڵ ئامادەبوونی خوێندکارانی فارس لە زانستگەکان دا، هەر بۆ باسکردن نابێت." (92)

داتاکان لە ئازەربایجانیش هەر ڕاستیی ئەم قسەیە دەسەلمێنن:

---

(*) وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا، لە زۆر سەرچاوەدا، لوڕی نەك وەك زمانێکی سەربەخۆ، بەڵکوو وەك دیالێکتێکی زمانی کوردی سەیری دەکرێت.

(90) سەرچاوەی پێشوو، ل3–2

(91) یووسف عەزیزیی بەنی ترۆف، 2ی ڕەشەممەی 1388، وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی (roozonline)

(92) یووسف عەزیزیی بەنی ترۆف، سەرچاوەی پێشوو،

"ئازەربایجانی باشــوور لە بارەی ژمارەی نەخوێندەوارانەوە پلەی بیســتەمی لە ئاســت وڵات دا هەیە. نەخوێندەواری بۆ خۆی بەرهەمی کۆمەڵێك نابەرابەری و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، ســیاســی و ئابوورییە لە کۆمەڵدا و هەر بۆ خۆشی دەبێتە هۆی سەرچاوەی کۆمەڵێك گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری" (93)

زمانی فارسی، کە منداڵانی ئێران ، لە ڕۆژی یەکەمی چوون بۆ قوتابخانەوە، ناچار دەکرێن پێی بخوێنن، زمانی ٣٠٪ی قوتابیانی ئێرانە. سەدی ٧٠ی قوتابیانی سەراسەری وڵات، لە نەتەوە نافارسەکانن.واتە لەماڵەوە بە زمانێك قســە دەکەن و لە قوتابخانە بە زمانێکی دیکە قســە دەکەن و دەخوێنن. ئەم دوو زمانبوونە بووە بە هۆی دابەزینی ئاســتی فێربوون و چــالاکیی قوتابییە نافارســەکان. " قوتابییەك کە لە پۆلی یەکەمدا لە گەڵ ئەم دابەزین و بە جێمانە بەرەوڕوو بێت، تا کۆتایی هەر دووا دەکەوێت و ناتوانێت ســەر کەوتووبێت." (94)بۆ قەرەبووی ئەم دووا کەوتنە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی ئێران، لەم دواییانە دا بڕیاریداوە قۆناغی ســەرەتایی خوێندن لە ٥ ســاڵەوە بکات بە ٦ بۆ ئەوەی فێربوونی زمانی فارسی لە لایەن منداڵانەوە ساڵێك زووتر دەستپێبکات و منداڵانی نەتەوە نافارسەکان ، ساڵێك زووتر لە زمانی دایکیان دوور بکەونەوە.

## پاری دووهەم: کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایك لە سەر زمانی نەتەوە:

### أ) پەرە ئەستاندن، بووژانەوە و بەهێزبوونی زمان:

---

(93) بەیاننامەی دەستەی بەڕێوەبەری بزووتنەوەی فیدراڵی دیموکراتی ئازەربایجان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکەوە،2010/2/18، ماڵپەڕی "عصر نو"

(94) یونس شاملی، کودك آزاری در نظام آموزشی ایران، ماڵپەڕی "اخبار روز"

خوێندن بە  زمانی زگماکی، هەروا کە کاریگەریی لە بە هێزکردنی ناسـنامەی نەتەوەییدا هەیە، لە سـەر خودی زمانەکەش کاریگەریی جۆراوجۆری هەیە و لە کۆمەڵێك ڕووەوە دەبێتە هۆی گەشە کردنی. دەتوانین کاریگەریی ئاکامەکانی خوێندن بە زمانی زگماکی لە سەر ئەو زمانە، بەم جۆرە پۆلین بکەین:

**١ـ پێشگیری لە فەوتان و لەنێو چوون**

زمان سـامانێکی کولتوورییە وئەم سـامانە هەر موڵکی ئەو نەتەوەیە یان ئەو کەسـانە نییە کە بەو زمانە قسـەدەکەن، بەڵکوو سـامانە کولتوورییەکە هی سـەرجەم مرۆڤایەتییە. کاتێك زمانێك لە نێو دەچـێت، دەسکەوتێك و داهێنانێك، کە کۆمەڵێك مرۆڤ لە درێژایی مێژووییەکدا بەرهەمیان هێناوە و، هەڵگری هەزاران نەریت و بیرەوەری و ئەزموونی سەردەمە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە، لە نێو دەچێت."بەمردنی زمانێك کولتوورێکی دەگمەنی مرۆڤایەتی دەمرێ. هەر زمانێك چ بچـووك بێت یا خود گەورە، هەڵگری کولتووری تایبەت و ئاوازەیئاخێوەرانییەتی.ئەو کولتوورەی لە ناواخنی زمانێکدا خۆی دەنوێنێ، بەری هەوڵ و کۆشـش و ئەزموون و شـێوازی ژیانی هەزاران سـاڵە و نەوە لە دوای نەوەی ئەو زمانەیە. هەرگیز ناکرێت، هەموو وردەکاریەکانی کولتوور و دابونەریت و شـێوەژیانی قەتیسـبووی ناوزمانێك وەکو خۆی رابگوازرێ و بپارێزرێ بە بێ پاراسـتن و زیندو هێشـتنەوەی زمانەکە و بوونی هەمیشـەیی ئاخێوەرانی." [95]ئەم تێگەیشتنە دروستەیە کە وڵاتانی دیموکراتیکی جیهانی گەیاندووەتە ئەم قۆناغە کە هەموو ساڵێ بە شێکی زۆر لە پارە و سامانی وڵاتەکەیان بۆ پێشگیری لە فەوتانی ئەو زمانانە بەکار بێنن، کە کەوتوونە نێو چـوارچـێوە و جوگرافیای ئەوان. هێندێك لەو زمانانە ژمارەی ئاخێوەرانیان لە چـەند هەزار کەس تێناپەڕێت، بەڵام هەوڵی زیندووڕاگرتنیان دەدەن. چـونکە بە سـامانێکی کولتوورییان دەزانن. جەوهەری نەتەوەیەك و ڕیشەی هەموو ڕابردووەکەی، ئێستا و داهاتووی، زمانی زگماکییە. لە سەر ئەم بناغەیەیە کە نەتەوەکان لە درێژایی مێژوودا، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، پارێزگارییان لە زمانی خۆیان کردووە. [96]

کاتێك زمانێك پێی دەخوێندرێت و بەفەرمی لە پێڕەوی خوێندندا کەڵکی لێوەردەگیرێت، مەترسـیی فەوتان و مردنی لە سەر لادە چێت، چونکە ئەمە بەمانای بەفەرمی ناسرانیەتی و، گرنگی بایەخی زمانەکە هەم لای ئەو خەڵکەی قسەی پێدە کەن، هەم لای دەسەڵات، زیاتر دەبێت.[97]

---

[95] شاسوار هەرشەمی، هێندێك زانیاریی گشتی لە بارەی زمانەوە،سلێمانی، 2009،ل61

[96] ـ بەیاننامەی دەستەی بەڕێوەبەری بزووتنەوەی فیدراڵی دیموکراتی ئازەربایجان بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی دایکەوە،2010/2/18، ماڵپەڕی "عصر نو"

[97] سەرچاوەی پێشوو

زمانێك كە پێی بخوێندرێت، پێویســـتی بە كتێبی خوێندن بەو زمانە هەیە، مامۆســـتاتی تایبەت بۆ وتنەوەی وانە بەم زمانەی پێویســـتە. بەم هۆیەوە كە بوارەكانی خوێندن جۆراوجۆر و جیاوازن، زمانەكە هەوڵدەدات لە هەموو ئەو بووارانەدا وڵامدەربێت و لە هەناوی خۆیدا وشـــەو زاراوەی گونجاو بۆ بووارە جۆراوجۆرەكان بەرهەم بهێنێت. لە لایەكی دیكەوە، زمانێك كە پێیدەخوێندرێت دەبێت لە باری ئابوورییەوە پشـــتی بگیرێت و كۆمەڵێك پێداویســـتی بۆ دابین بكرێت. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی بەردەوامی و گەشەكردن و بەرەوپێشچوون. جگە لەمەش هەر ئەوەكە نەوە دووای نەوە منداڵانێك فێردەبن بەم زمانە بخوێنن، بخوێننەوە و بنووسن، دەبێتە هۆی ئەوە هۆگری بەو زمانە بچێتە نێو هەست و بیر و بیرەوەری و نەســـت و هۆشـــی ئەو كەســـانەی بەم زمانە خوێندوویانە و دەخوێنن. ئەمانەش باشـــترین دەستەبەرن بۆ پەرەگرتنی زمانەكە و بووژانەوە و بەرەوپێشچوونی.

**٢- باشتر خۆناسین و بەدەستهێنانی توانایی و دەوڵەمەندی:**

تا ئەو كاتەی زمانێك ئەدەبیاتی نووســـراوی نەبێت و پێی نەخوێندرێت، بەو جۆرەی پێویســـتە ناكەوێتە بەرسەرنجی شارەزایانی بوواری زمان و لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا لێی ناكۆڵرێتەوە.

فێربوونی زمانێك و خوێندنی ئەو زمانە، پێویستی بەناسینی ئەلفوبێی ئەو زمانە، ناسینی فۆنیمەكان و فۆنۆلۆژیی زمانەكە، ئاگاداری لە زاراوە جیاوازەكان و وشـــە هاوواتاكان لەو زاراوانەدا و كۆمەڵێك پرســـی دیكەی بە دووادا دێت. خوێندن بە زمانێك ئەگەر لەلایەكەوە، ئامادە كردنی كتێب و مامۆستای تایبەت بەم زمانەی پێویســـتە، لەلایەكی دیكەوە لێكۆڵینەوەی ئاكادیمی لەبارەی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆرلۆژی یان ڕێنووس و ڕێزمان و ڕەچـــەڵەكی زمانەكە و كاریگەریی زمانەكانی دەوروبەر لە ســـەر ئەو زمانەی پێویســـتە. كۆكردنەوەی ئەدەبیاتی زارەكی و تاوتوێكردن و تیشك لێدانیان لە ڕووانگەی جۆراوجۆرەوە، كۆكردنەوەی وشەو زاراوەی دیالێكتە جیاوازەكان و پێكهێنانی وشەدان لەوان و چارەسەر دۆزینەوە بۆ كەموكورتییەكانی ئەم زمانەی پێویستە. لە ئاكامی ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانەدا و لە سایەی خۆناسین و پەیبردن بە كەموكورتی و پێداویستییەكان، پرسی دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ زاڵبوون بەسەر ناتەواوی و لاوازییەكان و خۆگونجاندن لەگەڵ نیازەكانی ســـەردەم، دەبێتە خەمی مشـــوورخۆران و دڵســـۆزان و شـــارەزایانی زمانەكە و بەم جۆرە زمان ئامادەیی و توانای چوونە پێشی لەگەڵ سەردەم و گۆڕانەكانیدا تێدا پێكدێت.

## ب) بەهێزكردنی شوناسی نەتەوەیی و بووارڕەخساندن بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد

### ١ـ زمانو شوناسی نەتەوەیی:

زمان یەکێك لە بنچـینە سـەرەکییەکانی پێکهاتەی نەتەوەیە و بە بۆچـوونی زۆر کەسـی خاوەنڕا لەم بووارەدا ، زمان لە هەموو بنچینەکانی دیکەی نەتەوە گرنگترە."یەکێك لە گرنگترین ناسنامەکانی نەتەوە زمانەکەیەتی، بۆیە ئەگەر باس لە پایەکانی هەر نەتەوەیەك یان بە نەتەوەبوونی هەر کۆمەڵێکی مرۆیی دیاریکراو بکرێت، ئەوا لە پێشەنگی تایبەتمەندییەکانیدا باس لە زمان دەکرێت. هەر ئەوەشە وایکردووە کە زۆر لە نەتەوەکان بە ناوی زمانەکانیانەوە ناو ببرێن. نەتەوەش مێژووی تایبەت بە خۆی دەبێت و لە مێژووشـدا زۆر جار ململانێکانی نێوان گەلان وادەکات کە لایەك بە سـەر لایەکدا زاڵ ببێت و لاکەی تر بکەوێتە سایەی لایەنی سەرکەوتووەوە. جا هەر کاتێك نەتەوەی ژێردە ست بتوانێت زمانەکەیبپارێزێت و لـە بۆتـەی زمـانی داگیرکـەرەکـەیـدا نـەتوێتـەوە، ئـەوا ئـەو نـەتـەوەیـە زینـدووە و بـە زینـدوویی دەمێنێتەوە."[98]ئەم قسەیە لەبارەی نەتەوەی کوردو زمانی کوردییەوە، پتر ڕاستە. [*]

زمان لە ڕووانگەی ناسـیۆنالیسـتییەوە، وەك ئامرازێکی گرنگی پرۆژەی نەتەوەڕۆنانو دەوڵەت ڕۆنان چـاوی لێدەکرێت. هەر بۆیە ناسـیۆنالیزمی فارس کە بە دەسـەڵات دەگا زمانەکانی دیکە قەدەغە دەکات.[99] ئەوە کە شۆرشی مەشرووتە لە دەستووری خۆیدا بۆ یەکەمجار بە شێوەی فەرمی و یا سایی باس لە "نەتەوەی ئێران"لە سـەر بنەمای زمان و کولتووری فارسـی دەکات و حاشـا لەزمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات،لەم عەقڵییەتەوە سـەرچـاوە دەگرێت کەپرۆژەی بە نەتەوە کردنی "ئێران"، واتە دروسـتکردنی نەتەوەیەك بە ناوی"نەتەوەی ئێران"،بەر لە هەر هۆکارێکی دیکە پشـت بە زمان دەبەستێت.ئەو نەتەوە خەیاڵییەی ناسیۆنالیستە فارسـەکان و ئێرانییە شـۆڤێنییەکان، لە زەینی خۆیاندا دروستیان کردووە، زمانی فارسیی کردووە بە توخمێکی سەرەکی لە شوناسەکەی، دیارە لە سەر

---

[98] د.هۆگر مەحموود فەرەج، زمان و نەتەوە و زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 7، ئەیلولی 2007، ل167

[*] د.رەفیق سابیر لەم بارەیەوە دەڵێت:"چونکە زمانی کوردی، لە خاك زیاتر، بوونی بە جیا هەڵکەوتووی کوردی، وەك دیاردەیەکی جیاوازی کولتووریو ئیتنیکی، پاراستووە. ئەگەر کورد زمانەکەی لەدەست بدایە و تەنانەت وەك ئێستا لەسەر خاك و زێدی خۆی بمایەتەوە، ئەوا لەمێژبوو لەنێو نەتەوە سەردەستەکانی تورك، فارسو عەرەبدا تووابۆوە. چونکە کورد جگە لە زمان هیچ فاکتەرێکی دیکەی کولتووری (ئاین) یان بایۆلۆجی (ڕەنگی پێستو فۆرمی ڕووخسار) لەو نەتەوانە جیای ناکاتەوە. کەچی زمان دەشێت، بۆ هەندێك گەلو نەتەوەی تر بەو جۆرە نەبێت، بەڵکو زمان تەنیا توخمێکی کولتووری بێت، لەجیاتییان فاکتەرێکی دیکەی کولتووری (ئاین) مەزهەب یان ڕابردووی مێژوویی، ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەی، لە پێکهێنانی پێناسەو چارەنووسی نەتەوەکەدا هەبێت." **د.رەفیق سابیر، بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، سلێمانی، 2008،ل10**

[99] ئەمیری حەسەنپوور، کێشەی زمانی ڕەسمیی کورد. ماڵپەڕی: www.kurdishacadimy.org

حیســـابی حاشـــا کردن لە زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران! نموونەیەکی دیکە لە ڕۆڵی گرنگی زمان لە بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەیی، زمانی عیبرییە." پێش دامەزرانی دەوڵەتی ئیسراییل زمانێکی یەکگرتوو بە ناوی زمانی عیبری هەر نەبوو، زمانی عیبرییان زیندوو کردەوە. زۆربەی هەرە زۆری جوولەکەکان بە زمانێك قســـەیان دەکرد بە ناوی یەدیش. یەدیش بە قەولی ئینگلیزییەکان تێکەڵاوێکی بیژووی ئاڵمانی و زمانە ســـلاڤییەکان بوو." [100] بەمجۆرە زمانی عیبری، یەك لەو هۆکارانەیە کە جوولەکەکانی پێکەوە بەستووەتەوە.

لێرەدا، ڕەوایە وەك تاکێکی کورد ئەم پرســـیارە لەخۆمان بکەین بۆ دەبێت نەتەوەیەکی وەك نەتەوەی کورد کە نەتەوە بوونی خۆی لە درێژایی مێژوودا سەلماندووە و زمانەکەی خۆی پاراستووە، زمانەکەی بۆ بە هێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی، بەکار نەهێنێت؟

## ٢ـ بوارەخساندن بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد:

زۆر لە زمانەواناو شـــارەزایانی بواری زمان، پەروەردەو فێرکردنو خوێندن لە قوتابخانەدا بە یەکێك لە بەستێنەکانی درووست کردنی زمانی ستاندارد، ناو دەبەن.

خوێندن بە زمانی دایك و بەردەوامبوون لە ســـەری لە قۆناغەکانی دوواتری خوێندندا، وادەکات کە زمانەکە پەرە بســـتێنێت و گەشـــە بکات، لەئاکامدا لە ڕێگەی کۆمەڵێك هۆکاری بابەتییەوە یەکێك لە زارەکانی ئەو زمانە ڕێچـکەی بە ســتانداردبوون دەگرێت. "سـیسـتەمی خوێندن و پەروەردە یەکێك لەو بووارە گرنگانەیە کە زمانی ستاندارد پەرە پێ دەدات و بەهێزی دەکات و دەیچەسـپێنێت." [101] دیارە ئەم حوکمە ئەوکاتە ڕاستە کە خوێندن بە زمانێك، پشت بەیەك دیالێکت ببەستێت، ئەگینا ئەگەر خوێندن بە چەند یا چەندین دیالێکتی جیاواز بێت، ئەمە نەك هەر کۆمەك بەدروستبوونی زمانی ستاندارد ناکات، بەڵکوو بەزیانی پێکهاتنی زمانی ســـتاندارد دەشـــکێتەوە و دیالێکتەکانی زمانەکە لێك دوور دەخاتەوە. ئەزموونی خوێندن بەزمانی کوردی لە کوردستانی عێراق لە پێشـوودا، پێمان دەڵێت خوێندن و پەروەردە دەتوانێت یارمەتیی پێکهاتنی زمانی ستاندارد بدەن.[*]

---

[100] عەبباس وەلی، سیاسەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، گۆڤاری گزینگ، ژمارە2، زستانی 1994، ستوکهۆڵم،ل10

[101] فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازە دا، سلێمانی،2009، ل132

[*] " بە خەباتی کوردو بە گونجانی هەلومەرجی ڕامیاریی ئەودەمە، ڕێکەوتننامەی (11) ی ئازاری (1970) بڵاوکرایەوە، ئەوەی بۆ کورد لەو چوار ساڵەدا بەتایبەت لە دوو ساڵی یەکەمیدا ڕەخسا، هەلێکی لەبار بوو، ئەوە بوو کۆڕی زانیاری هاتە ئاراوە. خوێندنیش بۆ قۆناغی ناوەندیو دوواتر بۆ ئامادەییش بە

" له کوردستانی عێراقدا، لەو ڕۆژەوە کە مافی خوێندن بەزمانی کوردی لەدەستووری عێراقدا چەسپیوە، هەریەك شـێوە کراوەتە زمانی خوێندن و ئەمەیش نەوەیەکی خوێندەواری دروسـتکرد، کە لە زۆر ڕووەوە یەکگرتوو بوون. ئەنجامێکی گرنگی دیکەی ئەوسـیسـتەمە ئەوە بوو کە هەسـتی خۆبە کورد زانین، واتە هۆشیاریی نەتەوایەتیی لای مروڤی کورد بەهێز کرد." [102]

له ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لەوچەندسالەدا کە لە سێبەری جوولانەوەی کورددا خوێندن بە زمانی کوردی هەبوو، هەردوو ئەزموونەکە (کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و کۆمیسـیۆنی فێرکردن و بارهێنان) لە جیاتی خوێندن بە چەند دیالێکتی جیاواز، خوێندن بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوویان ڕەچاو کرد.

ئەمەش بە گوێرەی خۆی کاریگەریی لە سـەر قەبوولکردنی ئەو زمانە وەك زمانی سـتانداردی کوردی لە نێو خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و نەوەکانی دووای ئەوکاتدا هەبوو.

دیارە ئەگەر ڕۆژێك کورد و نەتەوەنافارسـەکانی دیکەی ئێران دەرەتانی خوێندن بەزمانی خۆیان بۆ پێکبێت، یەکێك لەو گرفتانەی بەرەڕووی کورد دەبێتەوە، هەلبژاردنی دیالێکتکی تایبەت بۆ خوێندنە. شـتێکی سـروشـتییە ئەو هێزو دەسـەلاتانەی هەموو کات دژی ڕێگەدان بە خوێندن بەم زمانە بوون، لە جیاوازیی دیالێکت و زاراوەکانی ئەم زمانانە بۆ مەبەستە شۆڤێنیستییەکانی خویان بۆ وێنە چاندنی تۆوی ناکۆکی لە نێوان ئاخێوەرانی زمانێك، کە لك وەردەگرن.[*]

لە داهاتووشـدا دوورنییە پشـتگیریی سـیاسـەتی خوێندن بە چـەند دیالێکتی جیاواز بکەن، بۆ ئەوەی زمانی هەرکام لەو نەتەوانە لە جیاتی ئالقەی یەکگرتن بێت، ببێتە هەوێنی لیکترازان و دابڕانیان.

---

کوردی دەستی پێکرد. جا ئەگەر ئەو هەلومەرجە بەردەوامبووایەو خوێندنو نووسینو بلاوکردنەوە بە پێی بڕیارەکانی شەستەکان بووایە، دەکریٚ بلێین کە ئێستا سەرەتایەکی زۆر تۆکمەترمان بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، دەبوو."

**( د. هۆگر مەحموود فەرەج، زمانو نەتەوەو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، زانکۆی کۆیە، ژمارە 7، ئەیلوولی 2007، ل 197)**

[102] سەرچاوەی پێشوو ، ل123

[*] "زمان نییە لە جیهاندا چەندین دیالێکتیٚ نەبیٚو نەتەوەیش نیٚیە بە هەموو دیالێکتەکانی زمانەکەی بخوێنیٚو هەموو دیالێکتەکانی زمانەکەی لە دەزگاکانی دەولەتەکەیدا بەکاربهێنرێن، ئیتر بۆ دەبیٚ ئێمەی کورد لە هەموو ئەو عالەمە بەدەربین." **(محەمەدی مەلا کەریم، لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردیو چەند بابەتێکی تری کولتووری کوردییەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، ل 28)**

"بەو هۆیەوە کە بە  شێوەیەکی گشتی ئەم تێگەیشتنە هەیە کە زمانی نەتەوەیی یەکێك لە کۆڵەکەکانی شـوناسـی نەتەوەییە، بە ناچـار دەوڵەتانو گرووپە نەتەوەپەروەرەکانی هەر کۆمەڵێك ناتوانن لە ئاسـت بارودۆخی زمانی نەتەوەیی بێخەم بن." (103)

لایەنە بەرپرسو پێوەندیدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، نابێت لە ئاسـت داهاتووی زمانی کوردی بێخەم بنو دەبێت لە ئێسـتاوە هەوڵەکانی پێوەندیدار بە پەرەپێدانی زمانی کوردی، بەو ئاڕاسـتەیە دا بەرن، کە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد دا بگونجێت. پێویستە هەنگاوەکان لە خزمەت درووستکردنی زمانی ستاندارد دا بن.ئەمەش پێویستی بە بەرنامەڕێژیی زمانیی [*]هەیە. لەبەر ڕووناکایی بەرنامەڕێژییەکی زمانیدایە کە سـەرەڕای بوونی ئەلفوبێی  جیاواز و جۆراوجۆریی دیالێکتەکان سـەرلێشـێواوی، پێك نایەو ئامانجی سەرەکی پشتگوێ ناخرێت. بۆیە لەسەر کورد و هەر نەتەوەیەکی وەك کوردە بەدووربینییەوە بۆ ئەم پرسە بچێت و خوێندن و پەروەردە لە خزمەت پەرەپێدانی زمانی ستانداردا بەکار بهێنێت. چوونکە :

"ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە کورد یەك نەتەوەیە و بەرەو هەموو چـەشـنە یەکگرتنێك دەڕوات و چـاکەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشـی کوردیش لەو یەکگرتنەدایە، دەبێت باوەڕمان بەوەش هەبێت کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووش دێتە کایەوە و هەموو کورد وای لێدێت بە زمانێك بنووسـێت و بخوێنێت و یەك زمان لەکاروباری ڕەسمیدا بەکار بهێنێت.

کە باوەڕمان بەم ڕاسـتی یەش بوو، دەبێت بە جۆرێك بنووسـین و هەوڵ بدەین، کە لەگەڵ ڕێرەو و سەرەنجامی مێژوودا بێت، دەبێت ببێتە هەوڵدەری دروستبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو." (104)

## پ)ـ ئەو خاڵە گرنگانەی پێویستە لە بەرچاو بگیرێن

لە هەلومەرجی ئێسـتادا، کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی گوردسـتان، دەسـەڵاتێکی سـیاسـی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆی نییە و هەوڵدان بۆ فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، فەرهەنگنووسی و لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، بە هۆی تاکە ڕووناکبیر و دڵسـۆزەکانی ئەو نەتەوەیە و هۆگرانی

---

(103) **محمد رضا باطنی، پیرامون زبان و زبانشناسی(مجموعه مقالات)، چاپ سوم، تهران،1376،ص37**

(*) بەرنامەڕێژیی زمانی لە هەموو هەوڵێکی ئاگایانە لە ڕاستای دیاریکردنی ئاراستەی زماندا، دەگوترێت پانتاییەکی گەورە دەگرێتەوە، کە زۆر پرسی گرنگی وەك دیاریکردنی زمانێکی نەتەوەیی یان فەرمی لە وڵاتێکی چەند زمانە ڕا بگرە تا خستنەڕووی پێشنیار بە مەبەستی یەکدەست کردنی ڕێنووسیو هتد دەگرێتەوە. (**محمد رضا باطنی، پیرامون زبان و زبانشناسی(مجموعه مقالات)،چاپ سوم، تهران،1376،ص37**)

(104) - د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بۆزمان، 2005، سلێمانی، ل154ـ155

زمانەکە بە بێ پشـتگیریی دەسـەڵات و دامەزراوێکی  دەوڵەتی بەڕێوە دەچـێت پێویسـتە کۆمەڵێك خاڵ لەبەرچاو بگیرێن. گرنگترینیان ، بریتین لە:

١- بەردەوامبوون لەسـەر ئەو هەوڵە پیرۆزانە کە چـەندین سـاڵە بە نیازی پاراسـتنو خزمەتی زمانی کوردی ئەنجام دەدرێن. گرنگترینی ئەم هەوڵانە، ئاشـنا کردنی نەوە نوێیەکانی کوردسـتان بە ئەلفوبێ و ڕێنووسـی کوردیو هاندانیان بۆ خوێندنەوەو نووسـین بە زمانی کوردییە. بەم فێرکردنە سـەرەتاییە پردێکی پێوەندی لە نێوان خوێندەواری کوردو چاپەمەنیو ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی پێکدێت و لەگەڵ زیاتر ڕۆچوونی خوێنەری کورد بەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، پتر هۆگری زمانی نەتەوەکەی دەبێت.

لەم نێوەدا جێگای خۆشحاڵییە، کە فێرکردنی ئەلفوبێی  لاتینیش کەوتووەتە بەر سـەرنجی فێرکارانو مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڕێگای فێربوونی ئەم ئەلفوبێیەوە، خوێنەری کورد دەتوانێت لەمەودووا ئەو بەشـە لە چـاپەمەنیی کورد کە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسـراون، بخوێنێتەوە. بۆ نووسـەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانیش ئەم توانایە درووسـتدەبێت، کە هەر نەبێت پوختە یان هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاو بکاتەوە، تا ئەو بەشـە لە خوێنەرانی کورد کە ناتوانن بە ئەلفوبێی عەرەبی، بخوێننەوە، لە بەرهەمی نووسەرانی ئەو بەشەی کوردستان، کەڵك وەربگرن.

٢- بایەخدان بە کاری زانسـتی لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا، ئەمە پتر ڕووی لەو توێژە لە زانایان و ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان یان بەشـەکانی دیکەی ئێرانە، کە لە بوواری زمانەوانیدا پسـپۆرن. توێژینەوە لەبارەی زار و شـێوەزارو گۆڤەرە جۆراوجۆرەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانو ئێرانو کۆکردنەوەی وشە و زاراوە (موستەلەحات) ی ئەوانو پێکهێنانی وشەدانی زمانی کوردی، دەتوانێت بەشێك لەم کارە زانستییانە بێت. هەروەها بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری زانستی لە بارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردیو ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گەڵاڵەو پەسـەند کردنی ڕاسـپاردەو پێشـنیار و بڕیاری بەکەڵك لەم پێوەندییە دا بایەخی خۆی هەیە. دیارە ئەم جۆرە کارانە، تێچـوویان هەیە، بەو هۆیەشـەوە، کە دامو دەستگا دەوڵەتییەکان، بە دەگمەن ڕووی خۆش بەم جۆرە هەنگاوانە نیشاندەدەن، جێی خۆیەتی خەڵك، بەتایبەتی کەسـانی دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەر، کە لەباری داراییەوە دەسـترۆیشـتوون،هاوکاریی پێویست بکەن.

٤- دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژیی ناوچەییو خۆبواردن لە کاروباری زمانەوانی بە ئاراستەی قوربانیکردنی بەرژەوەندی زمانێك لە پێناوی بایەخدان بە شـێوەزار یان گۆڤەرێکی تایبەت. دەکرێت بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و لەنێو کوردەکانی ئێراندا، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی جێگای خۆی کردووەتەوەو لە

هەموو شارو ناوچەکان سەرەڕای جیاوازیی شێوەزارو گۆڤەرەکان، پێی دەنووسرێت. بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕێچکەیەو کار بە ئاڕاستەی هاتنە کایەی زمانی ستانداردی کوردی، ئەرکێکی پێویستە.(*) ئەمەش بە واتای بێئاگایی نییە لەو شـێوەزار و گۆڤەرانە کە ئامادەییو ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دا نییە. دەبێت شانبەشانی بایەخدان بە نووسین بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، بۆ کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکیی ئەو شێوەزارو گۆڤەرانە و بڵاوکردنەوەیان، کۆکردنەوەی وشەکانی ئەوان و دەوڵەمەند کردنی وشـــەدانی زمانی کوردی بە هۆیانەوە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زمانەوانی لە بارەیانەوە بە ئەرکی خۆیان بزانن.

٤ــ ئێستا کە نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەیدا خاوەنی قەوارەی ڕامیاری و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی نییە و لەو دەسـتگا و دامەزراوانە بێبەشـە، کە دڵسـۆزان و خزمەتکارانی زمانی کوردی بە یارمەتیی ئەوان بتوانن بەرنامەو پرۆژەکانیان جێبەجێبکەن، دەکرێت بە هۆی تێکنۆلۆژیای پێشـکەوتووی گەیاندن و بڵاوکردنەوەوە، تا ڕادەیەك قەرەبووی ئەم نەبوونییانە بکرێتەوە. کەڵکوەرگرتن لە پێگە و ماڵپەڕە ئینترنێتییەکان و بڵاوکردنەوەی نووسـین و توێژینەوە و فەرهەنگ لە ڕێگای ئەوانەوە، لە نەبوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و دەسـتگای چـاپ و پەخش لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا، دەکرێت ڕێگایەکی زۆر باش بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێنەری کورد بێت.

٥ـ لە سەرووی هەموو ئەو هەوڵانەوە، خەبات لە پێناوی بە فەرمیناسرانی زمانی کوردی و بەدەستهێنانی مافی خوێندن بەو زمانە لە قوتابخانەکانی کوردسـتاندا. بۆ ئەم مەبەسـتە لە لایەك گشـتگیر کردنی ئەم خواسـتە لە ئاسـتی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا پێویسـتە، بە جۆرێك کە نەك هەموو توێژی ڕووناکبیر و فەرهەنگی، بەڵکوو تێکڕای خەڵك داوای بکەن. لە لایەکی دیکەوە، جێی خۆیەتی بۆ هێنانە گۆڕی جیددیتری داوای خوێندن بە زمانی دایك، لە گەڵ چـالاکان و دامەزراوە کولتوورییەکانی نەتەوە بندەسـتەکانی دیکەی ئێران، هاوهەنگاوی و هاوکاری هەبێت. بە تایبەتی لەمبارەیەوە جێی خۆیەتی

---

(*) "یەکێك لە هۆکارەکانی بە زیندوویی مانەوەی زمانی نەتەوەیەك لە سەردەمی ئێستا دا ئەوەیە کە لە نێوان زارو گوڤەرەکانی زمانەکەی دا ناوکۆیی هەبێت کە ئەمەش بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو ناودەبرێت. بەڵام نەبوونی ئەم ناوکۆییە بەتایبەت لە بواری نووسیندا، پەرتپوونو ڕێخۆشکردنی تواندنەوەی زمانەکە لە بۆتەی داگیرکەرانو باڵا دەستیانیدا، لێدەکەوێتەوە.".

(د. هۆگر مەحموود فەرەج، زمانو نەتەوەو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 7، ئەیلوولی 2007، ل 167)

کەڵکی پێویست لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك (١ی ڕەشەمە) وەربگیرێت و ئەم ڕۆژە بکرێت بە دەرفەتێك بۆ دەربڕین و نواندنی ویستی لەمێژینەی خوێندن بە زمانی دایك.

# ئەنجام

١ـ خۆبـوواردن لە بەفەرمی ناسینی زمانی بەشێکی گەورە لە دانیشتووانی وڵاتێك و ڕێگەنەدان بەوە، کە منداڵان لە قوتابخانە بە زمانی دایکیان بخوێنن، جگە لەوەی ستەمێکی نەتەوەیی ئاشکرایە، پێشێلکردنی مافێکی بنچینەیی مرۆڤەکانیشە. بێبەش هێشتنەوەی منداڵان لە مافی خوێندن بە زمانی دایکیان، لە باری دەروونییەوە کاریگەریی خراپی لە سەر ئەوان هەیە و دوواکەوتن و دابڕان لە خوێندن یەکێك لە ئاکامەکانی ئەو بێبەشییەیە.

٢- شۆڕشی ١٩٧٩ی خەڵکی ئێران، دەرفەتێك بوو بۆ چاوخشاندنەوە بە سیاسەتێکدا کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ بوو لە لایەن دەسەلاتە ناوەندییەکانی ئێرانەوە، پێڕەو دەکرا. لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری دووای ئەم شۆڕشەدا ددان بە "قەوم"و "زمانی ناوچەیی جۆراوجۆر" لە ئێراندا نراوەو خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی ئەو قەوم و زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازاد کراوە، بەڵام پەروەردەو فێرکردن تا ئێستاش هەروا بە زمانی فارسییەو کورد و نەتەوەکانی ئازەری، بەلووچ، عەرەب وتورکمەن لە مافی خوێندن بەم زمانانە لە قوتابخانە بێبەش ماونەوە.

٣- نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەردەمی ڕەزاشاوە تا ئێستا لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کەمتەرخەم نەبووەو بەفەرمیناسرانی زمانی کوردی و خوێندن بەم زمانە لە قوتابخانەکانی کوردستان هەموو کات یەکێك لە خواستەکانی تێکڕای ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی بووە. ڕووناکبیران و پارتە کوردەکان وێڕای خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە، هەوڵی فێرکردنی زمانی کوردی و خوێندن بەم زمانەیان لە قوتابخانەدا داوە. لە سەرانسەری سێ دەیە دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا، پێداگری لە سەر داوای خوێندن بە زمانی دایك لە لایەك و فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی لە کوردستاندا درێژەی هەبووە. ئاواتی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەدا، تا ئێستا تەنیا لە سایەی بزووتنەوەی کوردەوە وەدی هاتووە، بەتایبەتی لە چوار پێنج ساڵی دووای سەرکەوتنی

شـۆڕشــی ئێران، کە چــەندین شــارۆچــکە و بە هەزاران گوندی کوردســتان ئازادبوون و پارتە کوردەکان بەڕێوەیان دەبردن.

٤- ئەزموونی چـــەند ســـاڵەی بەڕێوەچـــوونی خوێندن لە قوتابخانە بە زمانی کوردی، لە لایەن پارتە کوردەکانەوە ســـەلماندوویە، کە خوێندن بە زمانی دایك، لە راکێشـــانی منداڵی قوتابی بۆ لای خوێندن و قوتابخانەو، لە فێربوونی خێرای قوتابیان و پێوەندیی نێوان مامۆســـتاو قوتابیدا رۆڵێکی دیار و حاشـــا لێنەکراوی هەیە. بەو هۆیەشـــەوە کە خوێندن بەو زمانە مافێکی ڕەوا و ئاواتێکی لە مێژینەی خەڵکی کوردســـتان بووە، پێشـــوازییەکی زۆری لێکراوە و خەڵك دڵخوازانە تێچـــووی درووســـتکردنی قوتابخانە و دابینکردنی بە شێك لە پێویستییەکانی خوێندن و ژیانی مامۆ ستایان گرتووەتە ئە ستۆ و تەنانەت زۆر لەو گوندانەش کە پێ شتر هەرگیز قوتابخانە و مامۆ ستایان نەبووە، لەم دەورەیەدا بوون بە خاوەنی قوتابخانە و مامۆستا.

٥- دامەزراوەکانی تایبەت بە خوێندنی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردســـتان، ســـەرەڕای بوونی دیالێکتی جۆراوجۆری زمانی کوردی لەم بەشـــەی کوردســـتاندا و زۆریی ژمارەی ئاخێوەرانیان، نەکەوتوونە داوی دەمارگرژیی ناوچەیی و زاراوەیی و کتێبەکانی خوێندنیان بەو دیالێکتە نووسیوە کە لە سەردەمی کۆماری کورد ستاندا زمانی فەرمی بووە و دوواتریش لە رۆژهەلات و لە با شووری کوردستاندا وەك زمانی ستاندارد قە بووڵ کراوە. تەنانەت ناوەندی ســـۆماش کە نەك خوێندن بە زمانی کوردی، بەڵکوو ئەرکی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردیی گرتووەتە ئەستۆ، کتیبەکانی خۆی هەر بەم زمانە ستانداردە نووسیوە.

٦- ئەگەرچـــی هەر دوو پارتی دەســـەلاتداری ســـەرەتاکانی دەیەی هەشـــتای زایینی لە رۆژهەلاتی کوردســـتاندا(دیموکرات و کۆمەڵە)، کارێکی باشـــیان کردووە کە لە ناوچـــەی ژێر دەســـەلاتی خۆیاندا، قوتابخانە و خویندن بە زمانی کوردییان بەڕێخستووە و دە ستگا و دامەزراوەی تایبەتیان بۆ ئەم مەبە ستە پێك هێناوە، بەلام نەبوونی هاوکاری و هاوفکری لە نێو دوو دامەزراوەی" کۆڕی پەروەردە و فێرکردن" و "کۆمیســـیۆنی فێرکردن و بارهێنان"دا، بە خاڵی لاواز دەژمێردرێت و جێگای رەخنەیە.ئەوان دەیانتوانی توانای ماددی و مەعنەویی خۆیان بخەنە ســـەریەك و بە یەکەوە ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردی ببەنە پێشەوە. ئەمە بێگومان لە سەر داڕشتنی کتێبەکانی خوێندن، ڕێنووسی ئەو کتێبانە، شێوازی وانەوتنەوە و پێگەیاندنی مامۆستا و رۆر لایەنی دیکە، کاریگەریی ئەرێنیی دەبوو.

٧- بەرزبوونەوەی ئاســتی ئاگایی ســیاســی و هەســتی نەتەوەیی، هۆیەکە بۆ بایەخدانی نەتەوەیەك بە فێربوون و پاراســتنی زمانەکەی. لە ڕۆژهەلاتی کوردســتانیش، ســەرەڕای دژایەتیکردنی دەســەلات لەگەڵ

ویســت و داخوازە نەتەوەییيەکانی خەڵك و بەتایبەتی ڕووناکبیران لە هۆگری نیشـاندان بە زمانەکەیان، لە شـــانازی پێوەکردن و فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوەو نووســـین بەو زمانە غافڵ نەبوون. ئەو هەولانەش تایبەت بە ناوچـــەیەکی دیاریکراو نین. تەنانەت ئەو شـــارو ناوچـــانەش کە لە ســـەردەمانی پێشـــتردا، بەشدارییەکی بەرچاویان لە بزووتنەوی نەتەوەیی دا نەبووە، ئێستا بایەخ بە فێربوونی زمانەکەیان دەدەن. جگە لەوەی هەوڵی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە هەر دوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی هەیە، کۆمەڵێك کاری بەنرخی دیکە لە بەســـتێنی زمانەوانی دا بەدی دەکرێن. وەك لێکوڵێنەوەی زانســـتی، پێکهێنانی قامووس و، هتد.

٨- خوێندن بە دوو زمان، یان دوو زمانە بوونی منداڵ، یەکێك لە دیاردە باوەکانی ئەم ســـەردەمەیە و پێکەوەژیانی چـــەند نەتەوە لە ولاتێکداو پێویســـتییان بە زمانێکی هاوبەش، جۆراوجۆریی کۆمەڵگە جیاوازەکان لە باری کولتوور و زمانەوە لە ئاکامی کۆچ و گێرسانەوەی خەڵکی ولاتانی دیکە،دا پێویستیی مرۆڤەکان بە فێربوونی زمانی دیکە بە هۆی زانســـتی، ئابووری و هتدەوە، دووزمانەبوونیان کردووە بە دیاردەیەکی گشـــتی و جیهانی. خوێندن بە دوو زمان لە قوتابخانەدا، بە پێی لێکوڵینەوەکان، خزمەت بە گەشـــەی زمانی و پێشـــکەوتنی فێربوونی منداڵ و توانا فیکرییەکانی دەکات، بەو مەرجەی زمانی دایك یەکێك لەو دوو زمانە بێت و بایەخی سەرەکی بە فێربوون و خوێندن بە زمانی دایك بدرێت.

٩- دەتوانین بڵێین ســیاســەتی زاڵکردنی تاکەزمانێك بە ســەر زمانەکانی دیکەدا و بێبەش هێشـتنەوەی نەتەوەکانی ئێران لە خوێندن بە زمانی خۆیان، لەگەڵ هەموو ئەو زیانانەی چ لە بواری خوێندن و فێربوون و چ لە بواری کولتووری و زمانییەوە هەیبووە، ســـەرکەوتوو نەبووە. چـــونکە نەك هەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەڵکوو لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشدا، ناڕەزایەتی و بێزاری لەم سیاسەتە تا هاتووە پتر پەرەی گرتووە، داوای خوێندن بە زمانی دایك جار بە جار، ڕاشـــکاوانەتر دەخرێتە ڕوو. لە باری سیا سییشەوە نەتەوەکانی دیکە نەك هەر ئامادە نەبوون زمان و کولتوورو شونا سی نەتەوەیی خۆیان لە بیر بەرنەوە و لە "نەتەوەی ئێران" و "زمانی فارســـی"دا بتوێنەوە، بەڵکوو کەوتوونە جۆرێك دژایەتی و دوورکەوتنەوە لە شوناس و زمانی داسەپاو.

١٠- نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردســتان، درەنگ یا زوو ئەم مافە بە دەســت دەهێنێت. هەر بۆیە شارەزایانی زمان و هەموو ئەو لایەنانەی بە دڵسۆزییەوە و لە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە دەڕواننە داهاتووی زمانی کوردی لەم بەشــەی کوردســتاندا، دەبێت ئاراســتەی بواری خوێندن بە زمانی کوردی بەرەو بەهێز کردنی زمانەکە و دروستکرنی زمانی ستاندارد و پتەو کردنی یەکیەتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی ببەن.

## پوختەی لێکۆڵینەوە

لە وڵاتی ئێراندا، نەتەوەی جۆراوجۆر دەژین، کە کورد یەك لەوانە. نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان چ لە باری ڕووبەری خاکەکەیەوە، چ لە باری ژماری حەشـــیمەتەوە، لە زۆر نەتەوە و وڵاتی جیهان کە ســـەربەخۆن و دەوڵەتی خۆیان هەیە، گەورەترە. ئەم نەتەوەیە، ســـەرەڕای ئەوەی زمانێکی سەربەخۆ و دەوڵەمەندی هەیە، وەك نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران، لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەشە و تەنانەت ڕێگە بە منداڵانی کورد نادرێت لە قوتابخانە بە زمانی دایکیان بخوێنن.

سـیاسـەتی زاڵکردنی زمانێك بەسـەر زمانەکانی دیکەی ئێراندا و سـەرکوت و لە پەراوێز خسـتنی زمانی نەتەوە نافارسەکان بۆ سەرەتای بە دە سەڵاتگەیشتنی ڕەزا شای پەهلەوی لە ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە. ڕەزا شـــا لە ژێر کاریگەریی ئاتا تورکدا، کەوتە پێڕەوکردنی ســـیاســـەتی ســـڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و زمانییەکان لە ئێراندا و قۆڵی لە دروســـتکردنی "یەك نەتەوە، یەك دەوڵەوت" ( دەوڵەت نەتەوە) هەڵماڵی. خوێندن بە زمانی فارسی لە قوتابخانەکان و قسە کردن و نووسین بە فارسی لە فەرمانگە دەوڵەتییەکانی کرد بە زۆرەملی (ئیجباری) و بە توندی کەوتە دژایەتیکردنی زمان، کولتوور و مێژووی نەتەوە نافارسەکانی ئێران.

لە ســەردەمی دەســەڵاتدارەتیی حەمەرەزای شــای پەهلەویدا، ســیاســەتی ڕەزا شــا لە بارەی زمان و کولتووری نەتەوە نافارســەکان، بە شـێوەیەکی توندوتیژ بەڕێوە چـوو. لە ماوەی پەنجا ســاڵ دەســەڵاتی بنەماڵەی پەهلەویدا، تەنیا دوو هەوڵی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بەدی دەکرێن. لە ١٩١٣ لە شـــاری "خۆی" لە لایەن سمکۆی شـــکاك و عەبدولرەزاق بەدرخانەوە قوتابخانەی کوردی کرایەوە کە ماوەیەکی زۆری ناخایاند. لە ١٩٤٦یش، کۆماری کوردســـتان لە پێتەختی ئەوکۆمارە و لە شاری بۆکان، خوێندن بە زمانی کوردیی کرایەوە.

لە دووای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و سەرکەوتنی شۆرشی ئێران لە ١٩٧٩دا دە سەڵاتی نویێ، زۆر زوو شـــەڕی لە دژی خەڵکی کوردســـتان ڕاگەیاند، گەمارۆی خســـتە ســـەر کوردســـتان و قوتابخانەکانی ژێر دەســـەڵاتی بزووتنەوەی کوردی داخســـت. پارتە کوردەکان بە هاوکاریی خەڵك قوتابخانەکانیان کردەوە و

ئاواتی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەیان لە ناوچـــەی ئازاد دا جێبەجێ کرد. خوێندن بە زمانی کوردی بۆ ماوەی چەند ساڵێك درێژەی کێشا و هەتا ساڵەکانی ١٩٨٣ ـ ١٩٨٤، کە هێزەکانی حکوومەت شارۆچکە و گوندە ئازادەکانیان گرتەوە، بەردەوام بوو.

ویستی خوێندن بە زمانی کوردی تەنانەت دووای ئەوەش کە کورد ستان بە تەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزە چـــەکدارەکانی کۆماری ئیســـلامی، لە لایەن خەڵکی کوردســـتانەوە، پێی لەســـەر داگیرا. بەڵام ئەو خواستە ڕێزی لـــێنەگیرا و جێبەجێ نەکرا. خەڵك بە هەوڵ و هیممەتی خۆیان و لە ژێر ڕێنوێنی و هاندانی ڕووناکبیرانی نەتەوە پەروەردا، ڕوویان کردە فێربوونی خوێندنەوە و نووســـینی کوردی بە شـــێوەی نافەرمی. ئەم کارە کە تێچـــوو و پێداویســـتییەکانی هەر لە لایەن خەڵکی دڵســـۆزەوە دابیندەکرا، لەگەڵ دژایەتی، کارشکێنی و بیانوو پێگرتنی دە سەڵاتداران و کاربەدە ستانی دەوڵەتی بەرەوڕوو بوو. سەرەڕای ئەمەش، خەڵکی کوردســـتان بە تایبەتی مێرمنداڵان و لاوان لە ســـەر فێربوونی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی بەردەوامن.

شایانی باسە کە لە ماددەی ١٥ی دەستوور (قانوونی ئەساسی)ی ئێراندا هاتووە، کە خوێندن بە زمانە قەومی و ناوچەییەکان لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە، بەڵام ئەم ماددەیەی دە ستووری ئێران، هیچکات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئاوڕی لـــــێنەدراوەتەوە و هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ ئەوەی منداڵانی نەتەوە نافارسەکانی وڵات بە زمانی دایکیان بخوێنن.

لە ســـەردەمی ئێســـتادا، نەك هەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، بەڵکوو گەلانی دیکەی نافارســـی ئێران، داوای خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان دەکەن. ئەم داوایە ســـاڵ لەگەڵ ســـاڵ بە شـــێوەیەکی ڕاشکاوانەتر بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی دەکرێتەوە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخســـتووە، کە بێبەشـــی لە خوێندن بە زمانی دایك لە نێو منداڵانی ســـەر بە نەتەوەکانی تورك، کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکمان، بووە بە ســـەرچـاوەی کێشــە و گرفتی جۆراوجۆر. وەپاشـــکەوتن لە خوێندن و کەوتن (ڕەتبوونەوە) لە نێو ئەو جۆرە منداڵانەدا، یەکجار زۆرە. ئەوەش لە بارێکدایە کە خوێندن بە زمانی زگماکی، مافێکی بنچـــینەیی مرۆڤەکانە و زۆربەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان داکۆکی لەم مافە دەکەن.

خوێندن بە زمانێك لە قوتابخانە، جگە لەوەی پێش بە تووانەوە و لە نێوچـــوونی ئەو زمانە دەگرێت، دەبێتە هۆی پەرەگرتن و بووژانەوە و بەهێزبوونی لە بووارە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها نەتەوەیەکی

بندەســـت و دابەشـــکراوی وەك کورد، لە ڕێگای خوێندن بە زمانەکەی لە قوتابخانەدا، دەتوانێت لە هەوڵی قووڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و دروستکردنی زمانی ستاندارد دا بێت.

ئەزموونی وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزمان دەریخســـتووە، کە لەو وڵاتانەدا کە زمانێك بە زۆر بە ســـەر زمانەکانی دیکەدا زاڵکراوە و زمانەکانی دیکە پەراوێز خراون و ســـەرکوت کراون، بەردەوام لەگەڵ کێشـــەی ســـــیاســـــی و ئاڵۆزی و قەیران لە نێوخۆیاندا بەرەوڕووون. بەڵام لەو وڵاتانەدا کە هەموو زمانەکان ڕێزیان لـــێگیراوە و دانیان پێدانراوە و لە ناوچەی تایبەت بە خۆیاندا پێیان دەخوێندرێت، هەم کەلتووری وڵاتەکە دەوڵەمەندتر بووە، هەم پێکەوەژیان بە تەبایی و ئاشتی هەیە.

# سەرچاوەکان:

**کتێبە کوردییەکان**:


١- ئەحمەدکاکە مەمی ، گولبەهارە(٣)، هەولێر ٢٠٠٣،

٢ ـ ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید، ناسیۆنالیزمی ئێرانی(١٩٠٦ـ١٩٤١)، ٢٠٠٩،(نامەی ماستەر)

٣- حوسێن خەلیقی (د)، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٢،

٤- حوسێن محەممەد عەزیز ، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردی، سلێمانی ، ٢٠٠٥،

٥ـــــحەمە کەریم هەورامی، مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردســتان دا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨،

٦- چەند دوکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، و: قادر وریا، ٢٠٠٦، هەولێر،

٧- رەفیق سابیر(د)، بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٨

٨- رەفیق ساڵح و سەدیق ساڵح، کتێبی ڕۆژنامەی "کوردستان" چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧،

٩ ـ رەفیق شوانی(د)، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، هەولێر،٢٠٠٨،

١٠- ڕەحیم سووڵتانی، خوێندنو نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین ، کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما، مەهاباد،٢٠٠٣

١١-ڕەحیم سولتانی، ڕێنووسی کوردی، کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما، مەهاباد،٢٠٠٣

١٢-سلێمان چووکەڵی، نەخشەی سیاسی و دیموگرافیکی موکریانی کوردستان، ٢٠٠٧

١٣-ســـەعید هومایون، پێشـــەوای ڕابوون(بیرەوەری)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: هاشـــم ســـەمیمی، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سولتانی. چاپی یەکەم ٢٠٠٧، هەولێر،

١٤-شاسوار هەرشەمی، هێندێك زانیاریی گشتی لە بارەی زمانەوە،سلێمانی، ٢٠٠٩،

١٥- عەبدولڕەحمان شەڕەفکەندی(هەژار)، چێشتی مجێور، پاریس،١٩٧٧،

١٦- عەبدولرەحمان قاسملوو(د)،کوردستان و کورد، وەرگێڕانی: عەبدوڵلا حەسەن زادە، چاپی سوئێد، ٢٠٠٤،

١٧-عەبدوڵلا حەسەن زادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٥

١٨-عەبدوڵڵا غەفوور(د)، جوگرافیای کوردستانن چاپی چوارەم، کوردستان، هەولێر،٢٠٠٥،

١٩- عەبدولڕحمان قاسملوو(د)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کورد ستانی ئێران، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم،

٢٠- عێزەدین مستەفا ڕەسوول(د)، بۆ زمان، سلێمانی، ٢٠٠٥،

٢١-فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی، دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕان بۆ کوردی: حەمە کەریم هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥،

٢٢- کەمال مەزهەر(د)،، خەباتی رزگاریخوازیی کوردو ئازەر لە ئێران، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئازاد عوبێد، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،

٢٣- مافەکانی منداڵ، مافەکانی مرۆڤ، یونیسێف، ٢٠٠٠، هەولێر

٢٤- مافەکانی مرۆڤ، پێڕەوی نێودەوڵەتیی بۆ مافەکانی مرۆڤ،رۆژنامەی وەقائع،ژمارە٢،بژار١، هەولێر، چاپخانەی پەروەردە ،٢٠٠٢

٢٥- مستەفا نەریمان، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگو ڕیشەوە، بەغدا (١٩٨١)

٢٦- محەمەدی مەلا کەریم، لە بارەی زمانی یەکگرتووی کوردی‌و چەند باب‌ەتێکی تری کولتووری کوردییەوە، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٨

٢٧- نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژ.ك و رۆژنامەوانیی نهێنی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی(١٩٣٨_١٩٥٨)، رۆژنامەوانی ی نهێنی، بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەم، سلێمانی،٢٠٠٤،

٢٨- وریا عومەر ئەمین(د)،چەند ئاسۆیەکی‌تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤،

٢٩- هیمدادی حوسێن(د)، ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان (١٩٤٣ - ١٩٤٧)،

٣٠- هێمن، بارگەی یاران، سەرجەمی شێعرەکانی هێمن، هەولێر، ٢٠٠٣،

٣١- یا سین سەردە شتی(د)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کورد ستان، بەرگی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧،

٣٢- یاسین سەردەشتی(د)، کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوە یەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩_ ١٩٧٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢،

**کتێبە فارسییەکان**:

٣٣-باطنی،محمد رضا(د) ، پیرامون زبان و زبانشناسی (مجموعه مقالات)،چاپ سوم، تهران،١٣٧٦،

٣٤-رخزادی،علی (د)، آواشناسی و دستور زبان کردی، تهران، ١٣٧٩،

٣٥- رضا نیلی پور، زبان شناسی و آسیب شناسی زبان، تهران، ١٣٨١،
٣٦- "ڕینووس زبان كردی"، كۆمیسیۆنی فێركردن و بارهێنانی كۆمەلە، ١٣٦٢(١٩٨٣)،
٣٧- مدنی، حسین ، تحلیلی فشرده از دینامیزم و شیوەهای مبارزاتی در كردستان ایران، دسامبر ١٩٩٠،
٣٨- نوشیروان مصطفی امین، تاریخ سیاسی كردها، ترجمه: اسماعیل بختیاری، سلیمانی، بنكەی ژین، ٢٠٠٦،

**گۆڤارە كوردییەكان**:

٣٩- بەدرەدین ســـالح،"**بزاڤی ڕووناكبیری لە كوردســـتانی ئێران**" (میزگرد)،ڕامان، ژمارە ٥١، ٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٠،

٤٠- جاڕنامەی ئوروپا بۆ زمانە ناوچەیی و كەمایەتییە نەتەوەییەكان ، وەرگێڕانی جەماڵ ئەحمەدزادە ،"سیاسەت"، ژمارە ٣، ژوئیەی٢٠٠٣ ، سوید

٤١-سەروتار، سروە، ژمارە٧ ، پاییزی ١٣٦٥،

٤٢- عەبباس وەلی، سیاسەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەكان، گزینگ، ژمارە٢، زستانی ١٩٩٤، ستوكهۆڵم،

٤٣- **هۆگر مەحموود فەرەج**(د)، زمانو نەتەوەو زمانی ئەدەبیی یەكگرتوو، "**زانكۆی كۆیە**"، ژمارە ٧، ئەیلوولی ٢٠٠٧،

**گۆڤارە فارسییەكان**:

٤٤-پورجوادی، نصرالله، ایران مظلوم، **روزگار نو**، شماره دهم، سال ششم، اكتبر و نوامبر ١٩٨٧، پاریس،

٤٥- صمدی، سید محمد، نیم نگاهی تازه به گـذشته مهاباد ـ تعلیم و تربیت ـ مجله كردی فارسی **مەهاباد**، شماره ٩٤/ ٩٣، ساڵ هشتم، ژانویه ٢٠٠٩،

**ڕۆژنامە كوردییەكان**:

٤٦-بابایی، مەسعوود كاریگەرییەكانی كۆماری كوردستان لە سەر زمانی كوردی، پاشكۆی ڕۆژنامەی **"كوردســـتان"** ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردســـتانی ئێران، ژمارە ٥٢٦، ٤ی فێوریەی ٢٠١٠،

٤٧-"خوێندن بە زمانی كوردی یان واحیدی زمانی كوردی"، **"كوردستان"** ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ژمارە ٢٦٧، ڕەزبەری ١٣٨٧ (ئۆكتوبری ١٩٩٩)

٤٨- چـــاپی كتێبی یەكەمی كوردی، **كوردســـتان**(ئورگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران)،ژمارە ١٥٠، جۆزەردانی ١٣٦٨(ژوئەنی ١٩٨٩)

٤٩- گەلاڵەی فێرکردن و بارهێنانی سەرانسەری کوردستان، ڕۆژنامەی **"کوردستان"**، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٧٩، خەرمانانی ١٣٦٠ (سێپتامبری ١٩٨١)

**رۆژنامە فارسییەکان**:

٥٠-لزوم آموزش به زبان مادری در آذربایجان هفته‌نامه مبین، شماره ٤٥، سه‌شنبه ١٣٧٨/٩/٢٢

٥١- "سیاست آموزشی جمهوری اسلامی ایران و استمرار افت تحصیلی در آذربایجان "، **هفته‌نامه‌شمس تبریز**، شماره ٦٩، سه‌شنبه ١٣٧٩/٢/١٣

**سەرچاوە ئینترنێتییەکان (کوردی)**:

٥٢- ئەمیری حەسەنپوور(د)، کێشەی زمانی ڕەسمیی کورد، ماڵپەڕی: www.kurdishacadimy.org

٥٣-ئەمیری حەسەنپوور، کێشەی زمانی رەسمی٣–٣، ماڵپەڕی سبەی، لینك:

http://www.sbeiy.com/ku/article_detail.aspx?ArticleID=642&AuthorID=169&AspxAutoDetectCookieSupport=1

٥٤-ئەمیر حەسەنپوور(د)، وتووێژ لە گەڵ گۆڤاری کوردناسی، ماڵپەڕی هەڵوێست نیوز

٥٥-ناسر حیسامی، فرمێسك و پێکەنین (بیرەوەری)، ماڵپەڕی شارستێن

٥٦- یووسف عەزیزیی بەنی ترۆف، وتووێژ لەگەڵ ماڵپەری roozonlin، ٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٢

**سەرچاوە ئینترنێتییەکان(فارسی)**:

٥٧- اعلامیه جهانی حقوق زبانی، ترجمه: علی ده‌بێگلو www.ostomaan.org

٥٨- براهنی رضا ، اصل اساسی دموکراسی در ایران: باسواد شدن به‌زبان مادری (بخشی از مقاله اسناد ساواك)، اعدام جزنی ودیگران ،
www.turkiran.com/archives-turkiran.htm

٥٩- بیانیه حقوق افراد متعلق به اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبیء زبانی (مصـوب مجمع عموومی سـازمان ملل متحد طی قطعنامه شماره ١٣٥/٤٧، پەسند کراوی ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢، *سایت ایران امروز*
*http://iran-emrooz.net*

٦٠- بیانیه هیات اجرائی جنبش فدرال ـــــ دمکراتیك آذربایجان بمناســبت روز جهانی زبان مادری ، ٢٠١٠/٢/١٨، سایت **"عصر نو"**
http://asre-nou.net

٦١- تارا نیازی، حق مسلم زبان مادری در آموزش و پرورش، سایت:
www.gunaskam.com

٦٢- جیم کومنیس، نقش زبان مادری در آموزش زبان دوم، ترجمه: ناصر ایرانپور، سایت" ناصر ایرانپور "

www.nasser-iran.com
٦٣- روز جهانی زبان مادری امسال فرق می‌کند. ١ اسفند ١٣٨٨، سایت رادیو ئالمان، بخش فارسی
٦٤- فاختة زمانی، سخنرانی در نشست کمیسیون عالی حقوق بشر سازمان ملل متحد در خصوص مسائل اقلیتهای ملی، اتنیکی مذهبی و زبانی، سایت "اخبار روز"، ١٩دسامبر ٢٠٠٨
/http://www.akhbar-rooz.com
٦٥- قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، منبع: http://www.majlis.ir/majles/index.php?option=com_content&task=view&id=12&Itemid=88
٦٦- گردیزی،محمدرضا،"ملتها،ملیتها"و"اقلیتهای‌ملی"درایران، سایت: Http://www.11007baybak.kom:2158.azr
٦٧- د.عزیزی ،"در خصوص تحصیل به زبان محلی در نظام آموزشی"، سایت "جامعه‌شناسی ایران".لینک: http://sociologyofiran.com/index.php?option=com_content&task=view&id=860&Itemid=54

**سەرچاوەکانی نموونە**:

١ــ خوێندنی زمانی کوردی١ ( بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی)، کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان، ١٣٦١ (١٩٨٢)

٢- ژیان و خەبات(١)، فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، تایبەتی گەورەساڵان کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان، ١٣٦١ (١٩٨٢)

٣- کتێبی "ئەلفو بێ"، کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە،١٣٦٢(١٩٨٣)

٤- "خوێندنەوەی کوردی ٢"، کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، چاپی دووهەم ١٣٧٢


٥- "خوێندنەوەی کوردی ٣ "، کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە،١٣٦٢(١٩٨٣)

٦- ڕەحیم سوڵتانی، ڕێنووسی کوردی، کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما، مەهاباد،٢٠٠٣

٧- ڕەحیم سووڵتانی، خوێندنو نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین ، کۆمەڵی فەرهەنگی و فێرکاریی سۆما، مەهاباد،٢٠٠٣

# پاشکۆکان

## کتێبە کوردییەکانی کۆری پەروەردە و فێرکردن

























## کتێبەکانی کومیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە







سالّی تازەی خوێندن

ساڵی تازەی خوێندن دەس پێ دەکا .
ئێمە کلاسی دووهەمین.
ئێمە پار کلاسی هەوەڵ بووین.
لە کلاسی هەوەڵدا فێری خوێندنەوە و نووسین و
ژمارە کردن بووین.


٥

## کتێبەکانی ناوەندی سۆما









Rênûsî kurdî — Rehîm sultanî

دەرسی هەوەڵ

ئەلفوبێی زمانی کوردی

ئەلفوبێی زمانی کوردی کرمانجی نێوەڕاست لە سی وحەوت پیت پێکهاتووە کە لەوانە بیست و نۆ پیت بێدەنگ و هەشت پیتیش دەنگدارن.
پیتی بێدەنگ لەناو وشە و ڕستەدا بە تەنیایی نابێژرێ و بۆ دەربڕینیان کەڵک لە پیتە دەنگدارەکان وەردەگرن و بۆ سازکردنی وشە و ڕستە یاریدەدەری یەکترن.
دیارە پیتە دەنگدارەکانیش بە تەنیایی نابێژرێن و تەنیا بۆ بڵیند و نەوی کردنەوەی هەوا و ئاهەنگی پیتە بێدەنگەکان بەکار دێن.

جەدوەلی ژمارە یەک نیشاندەری پیتە بێدەنگەکانە

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Ч | B | C | Ç | D | F | G | H | Ĥ | J | K | L | Ĺ | M | N |

| ١٦ | ١٧ | ١٨ | ١٩ | ٢٠ | ٢١ | ٢٢ | ٢٣ | ٢٤ | ٢٥ | ٢٦ | ٢٧ | ٢٨ | ٢٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| P | Q | R | Ř | S | Ş | T | V | W | X | X̂ | ≼ | Y | Z |

جەدوەلی ژمارە (١)

جەدوەلی ژمارە دوو نیشاندەری پیتە دەنگدارەکانە

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | E | Ê | I | Î | O | U | Û |

جەدوەلی ژمارە (٢)



پێنووسی کوردی — Komelî ferhengî w fêrkarîy soma — ڕەحیم سوڵتانی

درس اول

الفبای زبان کردی

الفبای زبان کردی دارای ۲۹ حرف صامت (**بێدەنگ**) و ۸ حرف مصوت (**دەنگدار**) می‌باشد که در ترکیب کلمات همدیگر را همراهی می‌کنند، اساساً حروف صامت بدون کمک حروف مصوت قابل ادا نمی‌باشند و زنجیره وار در تشکیل کلمات از وجود هم بهره می‌جویند.
لذا آشنایی زبان آموزان عزیز با حروف بیصدا وصندادار پایه وریشه‌ی یادگیری محسوب می‌شود.

الف- حروف صامت ( بێدەنگ ) . ( *Consonants* )

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | ب | پ | ت | ج | چ | ح | خ | د | ر | ڕ | ز | ژ | س | ش |
| ع | غ | ف | ڤ | ق | ك | گ | ل | ڵ | م | ن | و | هـ | ی | |

دررسم الخط الفبای کردی چند حرف ویژه را می بینیم که در فارسی معادل آنها را نمی یابیم و عبارتند از :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئـ | ڕ | ڤ | ڵ |

که در دروس آینده هریک را بررسی خواهیم نمود.

ب- حروف مصوت (دەنگدار) . ( *Vowels* )

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | ـه | و | وو | ۆ | ی | ێ | بزرۆکە | |

توجه : حروف مصوت هیچگاه درآغاز کلمه قرار نمی‌گیرند.
برای تشخیص تعداد مصوتهای هر کلمه می‌بایست کلمه را به بخشهای کوچکتر یا هجاها تقسیم نمود که هربخش یا هجا شامل یک مصوت و حروف صامت ( یک یا بیشتر ) متعلق به آن بخش می‌باشد.برای نمونه به تقسیمات ذیل توجه فرمائید:

| کلمه | |
|---|---|
| توو | |
| ت | وو |
| صامت | مصوت |

| کلمه | | | |
|---|---|---|---|
| سۆما | | | |
| سۆ | | ما | |
| س | ۆ | م | ا |
| ص | م | ص | م |

| کلمه | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەهاباد | | | | | | |
| مە | | ها | | باد | | |
| م | ـه | هـ | ا | ب | ا | د |
| ص | م | ص | م | ص | م | ص |

٣

# پلەبەندیی دۆخی خوێندەواری لە پارێزگەکانی وڵات

| پلەی پارێزگە | ساڵی ١٣٦٥ | ساڵی ١٣٧٥ | زمانە سەرەکییەکان |
|---|---|---|---|
| یەکەم | تاران | تاران و قەزوین | فارسی ـ تورکی |
| دووهەم | ئیسفەهان | ئیسفەهان | فارسی |
| سێهەم | سمنان | سمنان | فارسی |
| چوارەم | یەزد | یەزد | فارسی |
| پێنجەم | گیلان | قوم | فارسی |
| شەشەم | فارس | فارس | فارسی ـ تورکی |
| حەوتەم | مازەندەران | بووشەهر | فارسی ـ لوڕی |
| هەشتەم | ناوەندی و قوم | خوراسان | فارسی ـ کوردی |
| نۆیەم | بووشەهر | مازەندەران | مازەندەرانی ـ تورکەمەنی |
| دەیەم | خووزستان | ناوەندی | فارسی ـ تورکی |
| یازدەیەم | کرمان | گیلان | گیلەکی ـ تورکی |
| دوازدەیەم | زەنجان و قەزوین | کرمان | فارسی ـ تورکی |
| سێزدەیەم | چوارمەحاڵ و بەختیاری | هەمەدان | تورکی ـ فارسی |
| چاردەیەم | هەمەدان | خووزستان | عەرەبی ـ فارسی ـ |
| پانزدەیەم | خوراسان | چوارمەحاڵ و بەختیاری | لوڕی ـ تورکی |
| شازدەیەم | باختەران(کرماشان) | ئیلام | کوردی ـ لوڕی |
| حەڤدەیەم | کوهکیلوویە و بویرئەحمەد | باختەران | کوردی ـ لەکی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەژدەیەم | لوڕستان | کوهکیلوویە و بوویێرئەحمەد | لوری ـ تورکی |
| نۆزدەیەم | ئیلام | ئازەربایجانی ڕۆژهەلات | تورکی |
| بیستەم | ئازەربایجانی ڕۆژهەلات و ئەردەبیل | لوڕستان | لوڕی ـ تورکی |
| بیستویەکەم | هورموزگان | زەنجان | تورکی |
| بیستو دوویەم | ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | ئەردەبیل | فارسی ـ عەرەبی |
| بیستوسێیەم | کوردستان | هورموزگان | تورکی ـ کوردی |
| بیستوچوارەم | سیستان و بەلووچستان | ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | کوردی  تورکی |
| بیستوپێنجەم | – | کوردستان | کوردی ـ تورکی |
| بیستوشەشەم | – | سیستان و بەلووچستان | بەلووچی ـ فارسی |
| | | | |

سەرچاوە :"سیاست آموزشی جمهوری اسلامی ایران و استمرار افت تحصیلی در آذربایجان "، هفتەنامەشمس تبریز،
شمارە ٦٩، سەشنبە ١٣٧٩/٢/١٣

## داننانی پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان بەمافی بەکار بردنی زمان لە دامەزراوە دەوڵەتیو فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا :

**بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان:**

**ماددەی ١٥**: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافیان هەیە، کە زمانەکانیان لەسەر زەویی پێشینانی خۆیاندا بە فەرمی بەکار بهێنن ١ـ هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە، کە هەموو بەڵگەنامە کارگێڕی، کەسێتیو دەوڵەتییەکانیان بە زمانی خۆیان بێت.

**ماددەی ٢٣** : فێرکردنو خوێندن لە هەر سەرزەوییەکدا، دەبێت لە خزمەت پاراستنو پەرەپێدانی زمانی ئەو حەشیمەتە زمانییەدابێت ، کە لەوێ دەژین.

فێرکردن و خوێندن دەبێت لە خزمەت بڵاوبوونەوەو جۆراوجۆریی زمانیو کولتووریو پێوەندیی هارمۆنییانەی نێوان حەشیمەتە زمانییە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهاندا بێت.

**ماددەی ٢٤**: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان لە هەموو ئاستێکی خوێندن (باخچەی منداڵان، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانستگاو خوێندنی گەورەساڵان) لەسەر زەویی خۆیاندا، بڕیار بدەن.

**ماددەی ٢٩**:

١ـ هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە زمانی تایبەتیی سەرزەویی خۆی، فێر بێت و بخوێنێت.

٢ـ ئەم مافە، مافی فێربوونی زارەکیو بە نووسینی زمانێکی دیکە، کە تاك لەوانەیە وەك زمانی پێوەندی لەگەڵ حەشیمەتە زمانییەکانی دیکە بەکاری بێنێت، زەوت ناکات.

**جاڕنامە (چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەییو کەمایەتییەکان:**

**ماددەی٨: پەروەردەو فێرکردن**

١ـ لەبەشی پەروەردەو فێرکردندا، لایەنەکان پابەند دەبن لەو ناوچانەدا کە ئەم زمانانە کاریانپێدەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی تایبەتیی هەرکام لە زمانەکانو بەبێ زیانگەیاندن بە فێربوونی زمان یان زمانەکانی وڵات :

ا) یەك: پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە (باخچەی منداڵان) بە زمانەکانی پێوەندیدار بەو ناوچانە یان کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

دوو: بەشێكی گرنگ لە پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە(باخچەی ساوایان) بە زمانگەلی ناوچەیی‌و کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

سێ: "یەکێك لەم دوو خاڵەی لە ژێر بەندەکانی یەك و دووی ئەم بەندە دا ناویان براوە، دەبێ لانیکەم سەبارەت بەو قوتابیانە بەڕێوە ببرێن کە دایك وباوکیان خوازیارن و قوتابییەکانیش لە رووی چەندیەتیەوە بە رادەی پێویست گەیشتبن، "(*)

چوار: ئەگەر هاتوو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان هیچ بەرپرسایەتییەکی ڕاستەوخۆیان لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی بەر لە قوتابخانەدا لە ئەستۆ نەبوو، لانیکەم پشتیوانی لەم هەنگاوانە دەکەن، کە لە بەندەکانی یەك تا سێی ئەم ماددەیەدا هاتوون. یان هانی ئۆرگانە بەرپرسەکان بۆ جێبەجێکردنیان دەدەن.

ب) یەك: فێرکردن لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زمانەکانی ناوچەکان یان کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

دوو: بەشێکی گرینگ لە فێرکردن لە قۆناغی سەرەتایی بەزمانە ناوچەیییەکان‌و کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

سێ: خوێندنی زمانە ناوچەییەکان‌و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخەنە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان یان

چوار: نێوەرۆکی لانیکەم یەکێك لەم سێ بەندەی سەرەوە لە بارەی ئەو قوتابیانە جێبەجێ بکەن، کە دایکو بابیان داوای دەکەن‌و ژمارەی قوتابییەکانیش بەشی ئەم مەبەستە دەکات،

پ) یەك: فێرکردن لە قۆناغی دووهەمی خوێندن (لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە تا وەرگرتنی دیپلۆم) بە زمانەکانی ئەو ناوچانە یان کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

دوو: بەشێکی گرنگ لە فێرکردنی قۆناغی دووهەمی خوێندن بە زمانەکانی ناوچەکان‌و کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

سێ: خوێندنی زمانە ناوچەییەکان‌و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخرێتە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی قۆناغی دووهەمی خوێندن یان

---

(*) وەرگێراوی ئەم بەشە لە ماددەی هەشتی جارنامەکەم لە دەقی وەرگێردراوی گۆڤاری "سیاسەت"،ژمارە 3، ژوئیەی2003 ، ( لە وەرگێڕانی جەماڵ ئەحمەدزادە ) وەرگرتووە.

چوار: لانیکەم یەکێك لەو هەنگاوانەی لە بەندەکانی یەك تا سێ دا هاتووە لە بارەی ئەو قوتابیانە بەڕێوە دەبەن، کە دایك وبابیان داوای ( خوێندن بەو زمانە لەو ئاستەیاندا بۆ) دەکەن‌و قوتابییەکانیش لە ڕووی چەندییەوە بەشی ئەم مەبەستە دەکەن.

ئەم مافانەی لەم چەند بەندەدا هاتوون، لە قۆناغەکانی دیکەشدا(خوێندنی تیکنیکی‌و پیشەیی ، خوێندنی زانکۆو خوێندنگە بەرزەکان، خوێندنی گەورە ساڵان) هەر بەو شێوەیە دووپات دەبنەوە.

ح)پێداویستییەکانی فێرکردن‌و خوێندنی وانەی مێژووو فەرهەنگ، کە پێویستە بە زمانە ناوچەییە کەمایەتییە نەتەوەیییەکان بێت، دابیندەکەن.

خ) پێداویستییەکانی پێگەیاندن‌و پەرەپێدانی ڕاهێنانی مامۆستایان، کە بۆ جێبەجێکردنی نێوەرۆکی بەندەکانی ئەلف تا ح پێویستن‌و لایەنەکانی ڕێککەوتن قبووڵیانکردووە، دابیندەکەن.

د) یەك یان چەند ئۆرگانی چاوەدێر بە مەبەستی چاوەدێریی ئەو هەنگاوانە، کە بۆ بنیاتنان‌و پەرەپێدانی فێرکردنی زمانە ناوچەییەکان‌و کەمایەتییەکان دەنرێن، هەروەها بۆ چاوەدێری بەسەر ڕادەی پێشکەوتنەکان لەم بووارەدا، پێکدەهێنرێن. ئەم ئۆرگان یا ئۆرگانانە دەبێت بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتەکانی خۆیان بدەنەوەو بڵاویان بکەنەوە.

**بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی‌و زمانییەکان**

**ماددەی چوار:**

١ـ نەتەوەکانی ئەندام، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵ دەگرن بۆ دڵنیایی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان لە بەڕێوەچوونی مافە مرۆییەکانیان‌و ئازادییە بنەڕەتییەکان‌و یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا بە بێ هیچ چەشنە ستەم‌و جیاوازیدانانێك.

٢ـ نەتەوەکانی ئەندام، هەنگاوی پێویست بە مەبەستی پێکهێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان هەڵدەگرن، تا بتوانن لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان‌و کولتوورو زمان، ئایین‌و جلوبەرگی خۆیان گوزارشت بکەن، تەنیا لەو جێگایانە نەبێت کەلەگەڵ یاساکانی وڵات یان ستانداردە نێونەتەوەییەکان لە ناتەباییدان.

٣ـ نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان دەست بدات، دەبێت هەنگاوی پێویست هەڵبگرن بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان دەرەتانی پێویستیان بە مەبەستی فێربوونی زمانی زگماکی‌و هەبوونی یاساو ڕێوشوێن بە زمانی زگماکیی خۆیان هەبێت.

**٤– نەتەوەكانی ئەندام، ئەگەر بۆیان بگونجێت، دەبێت پێویستییەكانی خوێندن بەزمانی دایك دابین بكەن‌و هاندەر بن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر مێژوو، نەریتەكان‌و ئەو زمان‌و كەلتوورانەی لە نێو سنوورەكانی ئەو كەمایەتییانەدا هەن.**

**سەرچاوە: ـ** اعلامیه جهانی حقوق زبانی، ترجمه: علی دەبێگلو www.ostomaan.org

– بیانیه حقوق افراد متعلق به اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبیء زبانی (مصـــوب مجمع عموومی ســـازمان ملل متحد طی قطعنامه شماره 135/47، پەسند كراوی 18ی دیسامبری 1992، *سایت ایران امروز*
*http://iran-emrooz.net*